# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٤ ▌یەکشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ _ ٦ی نۆڤامبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا





## تاکەڕێگا یارمەتیدانی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانە




پاش ئەوەی ئێران دانی بەوە دانا کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی داوەتە ڕووسیە، کۆمەڵگەی جیهانی هێندەی دیکەش مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچە و دنیایان بۆ دەرکەوت.

کۆمەڵگەی جیهانی باش دەزانێت ئەوەی ئێران کردوویەتی پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە و هەر لەسەر ئەم دەستوەردانەی ئێران لە شەڕی ئۆکراین کۆماری ئیسلامی دەبێ سزای زیاتر و قورستری بخرێتە سەر.

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا کە ڕاپەڕینی سەرانسەری دژی کۆماری ئیسلامی هەموو ئێرانی گرتووەتەوە، ئێستا ئیدی هەمووان دەزانن کە تاکە ڕێگەی چارەسەری قەیرانی کۆماری ئیسلامی و هەموو کێشەخوڵقێنییەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا گەڕانەوەی کەرامەتی ئینسانییە بۆ کۆمەڵگەی ئێران و ئەوەش بە ئازادیی ئێران و خەڵکەکەی لە چنگ دەسەڵاتی زۆرەملی کۆماری ئیسلامی وەدی دێت. ڕێگەی ئەم دیپلۆماسییەش ڕووکردن لە خەڵک و یارمەتیدانی دژبەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی ئێرانییە کە باوەڕیان بە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی هاوبەشی ئینسانییە.

# هەنگاوە پتەوەکانی شۆڕشێکی ناسنامەخواز




## دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا

**ڕەحمان سەلیمی**

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە خەڵکی ئێران سەرەڕای سەرکوت و زەبرو زەنگی بێسنووری دامودەزگا سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاپەڕینێکی بەردەوام و ئامانجدار بەردەوامن. بەدەر لە چەندوچۆنیی بەڕێوەچوونی نارەزایەتییەکان و نەبیستنی دەنگی گەلانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران داهێنەری کولتووری جێگای هومێدی بۆ داهاتوو لێ بەدی دەکرێ کە جیای دەکاتەوە لە شۆڕشەکانی دەیەی ڕابردووی وڵاتانی عەرەبی کە لە ڕووی کاتەوە نزیکترین شۆڕشەکانن لە ئێمەوە. ئەو نەسلەی ئێستاکە لە ئێران پێشەنگی شۆڕشە، نەسڵێکە بەدەر لە هەر ئیدئۆلۆژییەک عەوداڵی ژیان و ئازادییە. نەسلێکە پێچەوانەی نەسلەکانی پێش خۆی لە کۆمەڵێک بەهای کلاسیکی وەک ئیدەئالیزم و پەڕگیریی چەپ و ڕاست تێپەڕیوە. دیسکۆرسی ئەو نەسلە بەها واقعی و بەرهەستەکانی ژیانە، نەسلێکە بەدوای ژیانێکی ئاساییدا دەگەڕێ و وەک هاوتەمەنەکانی خۆی لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە داهاتوو دەڕوانێ.

ئەوەی دەکرێ لە پەیامەکانی ئەو ڕاپەڕینە و لە ئەکتە شۆڕشگێڕانەکان لە نێوخۆی ئێران بەدی بکەین، لەدایکبوون ...

ل ٢

## کوژرانی ٥٦ کەس لە ڕاپەڕینی کوردستان

لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکان کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەتوندی سەرکوت کراون، دەیان کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون کە تا ئێستا بە ناو و شوناسی ٥٦ کەس لەوان زاندراوە. لەو ٥٦ کەسە لانیکەم پێنج کەسیان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە. هەر لە ئاکامی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمدا هەزاران کەس بە ساچمە و فیشەک بریندار بوون کە ناوی زیاتر لە ٤٠٠ کەس لەوان ئاشکرا بووە کە بەهۆی سەختیی برینەکانیان ناچار بە سەردانکردنی نەخۆشخانەکان بوون.

بەپێی ئامارەکان لەو چەند هەزار کەسەش لە کوردستان کە بە هۆی ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون، ناوی ٧٥٠ کەس لەوان ئاشکرا کراوە کە نیزیک بە ٦٠ کەسیان ژنن.

ڕاپەڕینی سەرانسەریی کوردستان کە دوابەدوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردی خەڵکی سەقز لە تاران و پاش ناشتنی ژینا لە ڕۆژی شەممە، ٢٦ی خەرمانان لە شاری سەقزەوە دەستی پێ کرد؛ زۆر شار و ناوچەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

نارەزایەتییە بەربڵاوەکان لە کوردستان کە لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستی پێ کرد، بوونە ڕاپەڕین و هەتا ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەیان هەیە.




**د.کامران ئەمینئاوە:**
**کوردستان ترپەی دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران** ٧

**کەیوان دروودی:**
**کورد، بوونە نەک فۆڕم** ٨

**تاهیر قاسمی:**
**«کۆمار»ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی «ژینا»** ١١

# دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا

... بیچمگرتنی کولتوورێکی نوێیە کە لە کۆنتێکستی ئەو کولتوورەدا ئەو بەهایانە دەبینرێن کە دەسەڵاتدارەتیی مۆدێڕنی پێ دەناسرێنەوە:

– یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئەو فرەییە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییە بووە کە لە ئێراندا هەیە. ئەوە وایکردبوو کە دەسەڵات بە سانایی بتوانێ ئەتۆمیزەکردنی کۆمەڵگە و پەرەدان بە دردۆنگیی نێوان ئەو پێکهاتانە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە. لە کوردستان شەڕی نەغەدەی وەڕێ خست و کەلێنی نەتەوایەتیی زەق دەکردەوە، لە بەلووچستان پەرەی بە فراوانکردنی کەلێنی شیعە و سوننی دەدا و لە ئەهواز و ئازەربایجان و ناوچە نافارسەکان پەرەی بە دژایەتیی نەتەوە نافارسەکان دەدا.

لە ڕاپەڕینی ئەمجارەی گەلانی ئێراندا دەسەڵات هەموو هەوڵی خۆی بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو سێناریۆیانە خستەگەڕ. لە کوردستان بە هێرشکردن بۆ سەر بنکەکانی حیزبە ساسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجێی باشووری کوردستان، هەوڵی دا مەترسیی جیاییخوازیی کوردستان زەق بکاتەوە. لە بەلووچستان و تەنانەت لە ئازەربایجانیش بە ئاژاوەگێڕی لە سنوورەکانی وڵاتی ئازەربایجان هەوڵی هاوشێوەی دا. بەڵام لە هەموو ئەو پیلانانەدا نە تەنیا تێیاندا سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو یەکگرتوویی پێکهاتە جیاوازەکانی نێو ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەبێ. بەجۆرێک کە لە ناوەندی ئێرانەوە دروشم بۆ پشتیوانی لە کوردستان و بەلووچستان دەدرێ. ئەو هاوپەیوەندییە بێوێنەیە لەنێو گەلان و ئایینزا جیاوازەکانی ئێران هیوای پێکەوەژیانێکی دیمۆکراتیکی لێ بەدی دەکرێ. ئەوە سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بە کەڵک وەرگرتن لە نۆستالژی نەتەوەی دروستکراوی ئێرانی و بە پاڵپشتیی میدیای فارسی لە دەرەوەی وڵات بە خەستی کار لەسەر شۆڤێنیزمی ڕەزاخانی دەکەن و شەو و ڕۆژ باس لە مەترسیی دابەشبوونی ئێران و مەترسیی بە وتەی ئەوان قەومییەتە نافارسەکان بە تایبەت کورد لە داهاتووی سەرکەوتنی شۆڕشدا دەکەن. ئەوەی لەسەر شەقامەکانی گەورەشارەکانی ئێران ڕوو دەدا نە تەنیا هیچ بایەخێک بەو گوتارە نادا، بەڵکوو هاواری ئازادی و بەرابەریی گەلان دەکا. خەڵکی ئێران باش لەو ڕاستییە گەیشتووە کە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئێران، کۆماری ئیسلامییە نەک فرەیی لە ئێراندا. لە ماوەی ٥٠ ڕۆژەی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکاندا هەرگیز نەمانبینی بچووکترین ئاماژە بە کەلێنە نەتەوەیی یان ئایینزاییەکان بکرێ.

– لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی ئێراندا پێچەوانەیساڵی ٥٧ هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی لە ئاستی سەراسەریدا نەیتوانیوە خواست و دروشمەکانی خۆپێشاندەران ئاراستە بکا. خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک و بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەک ویستەکانیان دەردەبڕن. گەلانی ئێران پرسی دەسەڵاتداریی داهاتووی ئێرانیان بە سندووقەکانی دەنگدان و بێگومان پێرسپێکتیڤێک لە هێز و لایەنە سیاسییەکان سپاردووە. باوەڕ بە پلۆرالیزم و فرەیی، کە لە ڕەفتاری خۆپێشاندەراندا بەدی دەکرێ دەتوانێ ڕێگە لە هەر چەشنە پاوانخوازییەک بگرێ کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان بەتایبەت لە دەرەوەڕا هەر لە ئێستاوە کیسەیان بۆ هەڵدرووە. سیاسەت لای ئەو نەسلە بریتییە لە پێدانی دەسەڵات بەو لایەنانەی دەتوانن زیاترین خزمەتگوزاری و ئازادی بۆ خەلک دابین بکەن بەدەر لە هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەک. بۆیە دەتوانین بڵێین پایەکانی دیمۆکڕاسی لە داهاتووی ئێراندا ئێستا لە شەقامەکان دادەکوترێن و ئەستەمە هێزێک بتوانێ بەرامبەر بەو ئاراستەیە ڕاوەستێ. ئەو هێزانە لە ئێرانی داهاتوودا دەتوانن دەور بگێڕن کە بڕوایان بە ڕێساکانی ئەو یارییە ژیرانەیە بێ کە لە شەقامەکانەوە دەنووسرێنەوە. کاتێک ئەو جەمسەربەندییە سیاسییە کە لە دەرەوەڕا کێبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی شۆڕش دەدا بە تەواوی ڕەت دەکرێنەوە و شۆڕشگێڕان دروشمی نە ئەمبەر و نە ئەوبەر بەرز دەکەنەوە، بەڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێوەرەکانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە لایەنە سیاسییەکان پرۆژە و بەرنامە سیاسییەکەیانە نەک بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیک.

– لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئایین نەخشێکی دیار و گرنگی لە بیاڤی گشتی و لە سیاسەت و سەرەنجام لە دەسەڵاتداریدا هەبووە، پێگەی ڕووحانیەت و کەسایەتییە ئایینییەکان و هەروەها کاریگەریی ڕەوتە ئیسلامییەکان، کۆمەڵگەی ئێرانی بەتەواوی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە. بەتایبەت بەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و پەیڕەو کردنی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و قۆرخکردنی سەرجەم کایە فەرهەنگی و میدیایی و پەروەردەیی و سیاسییەکان لە لایەن ڕووحانییەتەوە، کۆمەڵگە تا ڕادەیەک بەرەو کۆنزێرڤاتیزمی ئایینی هەنگاوی نا. ئەوە لە کاتێکدایە نەسلی نوێی سەر شەقامەکان کە بەرهەمی پەروەردەیەکی فرەڕەهەندەو سەرچاوەکانی زانیاری و تێگەیشتنی لە کاناڵە ماهوارەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دۆزیوەتەوە، بڕوامەندبوون بە ئایینی خستۆتە حەوزەی شەخسی و تاکەکەسییەوە و بەشێوەیەکی بنەڕەتی باوەڕی بە بنەماکانی سێکۆلاریزم هێناوە. پێشەنگایەتیی ژنان و پرسی ڕەتکردنەوەی حیجابی زۆرەملێ و بێزراوبوونی ڕووحانیەتی بەستراوە بەدەسەڵات، لە ئاماژە ڕوونەکانی ئەو گۆڕانکارییەن. گۆڕانکارییەک کە لەوانەیە تا دوو دەیە لەوە پێش نە خەڵکی ئێران و نە دەسەڵاتدارانیش پێیان وانەبوو لانیکەم بەو خێراییە ڕوویبدا. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو نەسلە بڕوای بە ئایین نەماوە یان ڕێز لە کەسانی بڕوادار ناگرێ. ئێمە دەبینین ژنان بە حیجاب و بێ حیجاب لە پەنای یەکتر دروشمی ئازادی دەڵێنەوە. پیاوانی ئایینیی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە دەسەڵات کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیەو زۆر ئاماژەی دیکەش لە ئاستی تەحەممولی جیاوازییە ئایینییەکان دەبینرێن. سێکۆلاریزم وەک یەکێک لە پایەکانی دیمۆکڕاسی و پێکەوەژیان لە دەسکەوتە دیارەکانی ئەو شۆڕشەیە.

تێپەڕینی ئەو نەسلە لە گوتاری پاوانخواز و شۆڤێنیستی، ڕێزگرتن و نەهادینە بوونی بنەماکانی سێکۆلاریزم و پلۆرالیزم لە ڕەوتی ئەو شۆڕشەدا لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی گەلانی ئێرانە. دیمۆکڕاسی وەک زامنی پاراستنی مافەکانی پێکهاتە جیاوازەکان و هاووڵاتیان بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە نایەتە دی. بەردەوام بوونی ئەو ڕەوتە لە لایەن ئەو نەسلەوەو تێگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لەو واقعیەتانە، دەرفەتێکی بەنرخ بۆ داهاتووی ئێران دەخاتە بەرچاو. شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەروازەیەکی مێژوویی و قەڵەمبازێکی گرینگی ئێرانە بەرەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیمۆکڕات و فیدڕاتیو.

## مستەفا هیجری:

# داواتان لێ دەکەم سیمای ئەوڕۆیی و شارستانییانەی ڕاپەڕینەکەمان بپارێزن

**(پەیامی مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)**



**خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی کوردستان!**
**کچان و کوڕانی بەهەست و شۆڕشگێڕ!**
**سڵاوێکی گەرمی پێشمەرگەکانی شاختان پێشکەش.**

ئێمە ئێستا پێمان ناوەتە قۆناغێکی نوێ. دوای شەهیدبوونی ژینا، ئێستا ٤٠ ڕۆژ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ. لە پێشدا ئیجازە دەخوازم کە بەبۆنەی گیانلەدەستدان و شەهیدبوونی ئازیزانمان لەو ماوەیەدا و بە تایبەت ٨ شەهیدی ٢٤ سەعاتی ڕابردوو، لە کوردستانی خۆشەویستدا، سەرەخۆشی لە هەموومان، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان، ئەندامانی و بنەماڵەکانیان، و هەموو دۆست و برادەران و هاوسەنگەرانیان لەسەر شەقامەکانی کوردستان بکەم. ماندوونەبوونیتان لێ دەکەم بەبۆنەی کار و فیداکاریتان لەو ماوەیەدا. جێگای ڕێز و شانازین بۆ هەموو گەلانی ئێران و دنیا.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە چلەی ماتەمینی ژینای خۆشەویستدا، خەباتەکەمان پێی نایە قۆناغێکی نوێ. وەک دەزانن بە شەهیدبوونی ژینا چەخماخەی، شۆڕشێک لە کوردستانی خۆشەویستدا هەڵگیرسا کە بە دوایی ئەودا، هەموو ئێرانی تەنییەوە و سنوورەکانی تێپەڕاند و گەیشتە نێو هەموو ئێرانییەکان لە سەراسەری دنیادا و دنیا و ئێران هاتە پشتی ئەو ڕاپەڕینە. بەڵام ئێستا قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کردووە. قۆناغێک کە هەستیارە و زۆر حەسساسە، بۆیە پێویستە هەنگاوی ورد و حیسابکراو هەڵگرین، بۆ ئەوەی کە لەوە بەدواوە تێچووی گیانیمان کەمتر بێت و دەستکەوتی سیاسیمان زیاتر. لەم ڕاستایەدا داواتان لێ دەکەم خۆ لە توندوتیژی بپارێزن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو توانای خۆی، لەپێناو ئەوەدایە کە ڕێپێوانەکان بکێشێتە توندوتیژی. بەڵام ئێمە نابێ بکەوینە داوی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەبیرمان بێ کە سەرکەوتنی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەمان، بەشێکی گرینگی بەسراوەتەوە بەو ئارامی و لەسەرەخۆبوون و خۆبەدورگرتنی خەباتکاران لە توندوتیژی. ئەوە تایبەتمەندییەکی نوێ بوو کە ئێران و دنیای هاتە پشت. ئەوە دەستکەوتێکی سیاسیی زۆر گەورەیە کە دەبێ قەدری بزانین و بەهێزتری بکەین.

کۆماری ئیسلامی ئێران دیەوێ بە کێشانی ئێوە بە مەیدانی توندوتیژی، بە ئێرانییەکان نیشان بدا کە ئەوە لە کوردستان خەریکن وڵات تێک دەدەن. بە دنیا نیشان بدا کە ڕێپێوانەکان کراونەتە مەیدانێک بۆ هێرشکردنە سەر داموەزگاکانی حکوومەت و سیمایەکی ناشیرین لەو ڕاپەڕینە بە خەڵکی دنیا نیشان بدا. داواتان لێ دەکەم سیمای ئەوڕۆیی و شارستانییانەی ڕاپەڕینەکەمان بپارێزن. مەکەونە داوی کەسانێک کە لە دوورەوە هانتان دەدەن، لە پەیجەکان، فەیسبووک و بە گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەرژەوەندی و قازانجی شۆڕشەکەمان لە درێژەدانیەتی بە شێوەی هێمنانە. دەبێ چاوەڕوان بین کە ئەو ڕێپێوانانە، ماوەیەکی درێژتر درێژەیان هەبێ. لەبیرتان بێ کە شۆڕشی ئێمە دەبێ هاوشان بێ لەگەڵ شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران. نە وەدوا کەوین و نە ئەوەندە وەپێش کەوین کە تووشی خەساری زیادی بین. ئێمە دەمانەوێ لە درێژەی ئەو ڕاپەڕینەدا، یەکەم تێچووی گیانیمان کەمتر بێ. دوویەم ئەوە کە کوردستان بپارێزین، کوردستان ملکی ئێمەیە،ماڵی ئێمەیە و دەبێ بیپارێزین لە هەموو حاڵەتێکدا. یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک گلێنەی چاو بپارێزن. هەروەها ئەو یەکگرتوویییە کە لەگەڵ سەرانسەری خەڵکی ئێران پێکهاتووە قەدری بزانن و بەهێزتری بکەن. سەرکەوتنی ئێمە لە یەکگرتوویی‌دایە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە درێژەدانی ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەگوێرەی ئەو هەواڵانە کە بە من دەگا، بەشێک لە چەکدارە تورکەکان کە لەنێو هێزەکانی ڕێژیمدان، نافەرمانی دەکەن و بەرەوڕووی ڕاپەڕینەکانی شار سەنگەر ناگرن. لە ئەرتەشدا هەر ئەو دیاردەیە وردە وردە دەرکەوتووە. ئەوانە جێگای ڕێزن و ئێمە دەبێ پێشوازییان لێ بکەین. هەر لەو پێوەندییەدا پێمخۆشە ئیشارە بکەم بە پشتیوانی بێئەملاولای خۆشک و برا تورکەکانمان لە ئازەربایجان. ئێمە دەنگی هەزاران خەباتکاری تورکمان لە تەورێز بیست کە دروشمی "کوردستان، کوردستان چشم و چراغ ایران"یان دەدا.

ئێمە ئەو پەیامە وەکوو پەیامی دۆستایەتی و هاوپەیمانی، هاودەردی لەگەڵ گەلی تورک لە ئازەبایجاندا و لە هەموو ئێراندا وەردەگرین. لە مێژووی ڕابردوومانیدا، ئێمە خاڵی زۆر ڕوون و درەوشاوەمان هەیە لە پێکەوەژیان، ئێستاش کە ئێمە شان بە شان و هاوپەیمان لەگەڵ ئەوان بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین؛ دەمانەوێ دوای ئەو ڕێژیمە، چ ئەوانەی لەگەڵ یەکتر دەژین لە شار و گوندەکان، چ ئەوەی کە دراوسێی یەکتر دەبین، ئەو هاوپەیمانییە حورمەتی بۆ دابنێین و ژیانێکی باشتر بۆ هەموو خەڵکەکەمان دابین بکەین. سەردەم سەردەمی ژیانی بەئاشتی و سەردەمیانەیە. ئێمە ئەو پەیامە دۆستانەیەمان وەرگرتووە لە ئێوە و ئێستاش داوا دەکەین لە ئێوە ئازیزان، هەروەها هەموو خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی ئێران کە بە ڕێپێوانی هێمنانە، پشتیوانی بکەن لە خوشک و براکانیان لە کوردستان، بە تایبەت لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سنە و شارەکانی دیکە کە کەوتوونەتە بەر هێرشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە هەموومان پێکەوە شان بە شانی یەکتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕادەماڵین و پێکەوە ئێران ئازاد دەکەین و ئاوەدانی دەکەینەوە.

لە دواییدا جارێکی دیکە سەرەخۆشیی خۆم، لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەی شەهیدەکان ڕادەگەیەنم. ئارەزوو دەکەم بە سەدان کەس لە خەباتگێڕانی شەقام کە بریندار بوون، هەرچی زووتر برینەکانیان چاک بێتەوە و، بگەڕێنەوە مەیدانی شەقام. سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە.

بژین و سەرکەوتوو بن بۆ ئازادیی ئێران و گەلانی ئێران.

**مستەفا هیجری**
**٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی**

## مستەفا هیجری:

# خەڵک هاتوونەتە سەر شەقام بۆوەی ڕێژیم بڕووخێنن


٣ ژمارە (١٩٩٠) چوارشەممە ٢٠٢٢/١٠/٢٦ هاوڵاتی دیدار
مستەفا هیجری لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی:
لەبەر داخوازیی حکومەتی هەرێم ئاڵوگۆڕمان بەهێزەکانمان لەسنوور کردووە
بۆ دوای رژێم جیاوازی لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا هەیە

مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" لەبارەی ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە بایەخەوە لەو سەرهەڵدانە دەڕوانێ. بەڕێزیان بە ئاماژە بە فاکتەری یەکگرتوویی و یەکدەنگیی خەڵکی سەر شەقامە ڕای وایە لە هەموو خۆپیشاندانانەکدا، گشت نەتەوەکان، هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی جۆراوجۆر و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران، هونەرمەندان، سینەماکاران، یاساناسان و ... بە یەکدەنگی دێنە سەر شەقام. هەروەها بەردەوامیی زۆری بەشداری خەڵکەکە سەرەڕا شەهیدبوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەس و برینداربوون و دەستبەسەرکردنی هەزاران کەس تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی ڕاپەڕینەیەکە کە هیوا بە سەرکەوتنی زیاتر کردووە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دیموکرات لە بەشێکی دیکەی وتوویژەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر دروشمی خەڵک لەو ڕاپەڕینەدا کە ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامیە و داخوازییەکانیان تەنیا نەمانی ڕێژیمە، بۆیەشە کە ئەمجارە وێنە و سیمبولەکانی ڕێژیم وەک وێنە و بنێرەکانی خومەینی، خامنەیی، قاسم سولەیمانی لە دیوارەکان دادەگرن و دەیانخەنە ژێرپێ و دەیانسووتێنن و هەیکەلەکانیان دەڕووخێنن.

مستەفا هیجری ئەو ئاکامگیرییەی کردووە کە خەڵکی ئێران بەو ڕاستییە گەیشتوون هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدایە، ئەوان بە هیچکام لە داخوازییەکانیان ناگەن، بۆیە بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان لێ بڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم یەکلا بکەنەوە و ئەو ڕێژیمە بە یەکجاری لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە:**

# دەرفەتێکی دەگمەن دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای خەباتی خۆمان ڕابکێشین



**هەڤپەیڤین: ئارمان حوسێنی**

**ئاماژە:**
**جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر، لە پێنجەمین ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە کارەساتبار ناو برد. ئەو لەبارەی یاساکانی پڕهەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان و هەروەها بێبەشکردنی کورد و نەتەوەکانی تر لە مافەکانیان ڕاپۆرتێکی پێشکێش کرد. جاوید ڕەحمان گوتی مردنی ژینا ئەمینی نیشانەی پێشێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤە لە ئێران و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتوندی لەهەمبەر ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر بە ژنان هەڵوێستی هەبێت.**
**ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بە ئاماژەدان بەوەی کە ناوی ژینا لە ناسنامەکەیدا بە "مەهسا" تۆمار کراوە، گوتی: حکوومەتی ئێران کوردەکانی لە شوناس و ناسنامەی خۆیان بێبەش کردووە و هەر بەهۆی ئەو بێبەشکردنانەوەیە کە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان بەرفراوانترن.**
**"کوردستان" بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕاپۆریەی جاوید ڕەحمان وتووێژێکی "کورد کاناڵ" لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن‌زادەی بۆ خوێنەرانی بڵاو کردۆتەوە.**

**دوکتور ئەگەر بۆمان ڕوون بکەیەوە گرینگیی ئەم ڕاپۆرتەی جاوید ڕەحمان ڕێپۆرتێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا لە چیدایە؟**

ئەو ڕاپۆرتە کە دیارە ڕاپۆرتێکی زارەکی بوو و پێش زەمینە و کورتەی ڕاپۆرتە نووسراوەکەیەتی کە لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا تەکمیلتر دەکرێ و پێشکەش بە کۆبوونەوەی داهاتووی شووڕای مافی مرۆڤ دەکرێ، لە دوو ڕوانگەوە گرینگە: یەکەم، لەباری زەمەنییەوە کە هەروەک دەزانن هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە یەک مانگ و نیوی ڕابردوودا لە ئێران ڕوویان داوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە وڵامی ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانی ڕەوای خەڵکی بەشە جۆربەجۆرەکانی ئێران کۆمەڵێک جینایەتی نوێیان ئەنجام داوە. وەدەنگ‌هاتنی ڕاپۆرتۆری نەتەوە یەکگرتووەکان لەو جینایەتانە و پێشنیارەکانی لەبواری جۆری دژکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەو جینایەتانە دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی گرینگی ئەو کارزارە نێونەتەوەییانەی بۆ فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و سزادانی ئەو ڕێژیمە لەمەودوا وەڕێ دەخرێن. دووەم، گرینگیی ڕاپۆرتەکە لە تۆن و ناوەڕۆکەکەیدایە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ئەنجامدەری ئەو تاوانانەیە بێگومان لەگەڵ نیهادە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان هاوکاری ناکا و ڕێکارەکانی ئێستای شووڕای مافی مرۆڤیش لەباری کردەییەوە سنووردارن، جاوید ڕەحمان پێشنیاری کردوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەرکی دادخوازی بۆ ئێرانییەکان وە ئەستۆ بگرێ و بە ڕێکارگەلێکی تازە و کاریگەرتر ئەو کارە بکا.

لێرەدا ئامانجەکە دوو شتە: یەکەم ئەوە کە لەبەر ئەوەی کاتی دانیشتنی ئاسایی شورای مافی مرۆڤ لە ئێستاوە زۆر دوورە (کۆتایی زستان)، پێویستە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی شوڕا بەزوویی بەڕێوە بچێ. دووەم ئەوە کە لەبەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ڕیوایەتێکی هەڵەی لەبارەی کوشتنی ژینا ئەمینییەوە تەحویلی خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوە و دواتریش دەیان و سەدان جینایەتی هاوشێوەی دەرهەق بە خەڵکی ئێران ئەنجام داوە، پێویستە مێکانیزمێکی نێونەتەوەیی بەدواداچوون و لێپێچینەوە پێک بێ و ئەمەش کە ڕێکارێکی حقووقییە دەتوانێ ببێتە بنەمای هەنگاوی سیاسیی نێونەتەوەیی. دیارە دەزانین کە نەک هەر شوڕای مافی مرۆڤ بەڵکوو ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خودی کۆڕی گشتییش بەڕووی دەوڵەتاندا تەنیا دەتوانن تەوسیە بکەن و ئەوە تەنیا ئەنجومەنی ئاسایشە کە دەتوانێ بڕیارێکی ئیجباری دەر بکا. شوڕای ئەمنیەتیش لەحاڵەتێکدا کە بەهۆکاری سیاسی فەلەج نەبێ لەسەر بنەمای فەسڵی حەوتەم لە دوو حاڵەتدا دەکرێ بڕیاری وا بدا: یەکیان ئەوە کە ئاشتیی جیهانی پێشێل بکرێ یان هەڕەشەی لەسەر بێ، ئەوی دیکە ئەو شتەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش لە دەرەوەی دەقی مەنشوور و لە پراکتیکی خۆیدا پەرەی پێداوە، واتە حاڵەتێک کە ئاکامە دەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتێک و سەرکوتی خەڵکەکەی لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بە مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی نێونەتەوەیی لێک بدرێتەوە. ئەوەش لەمێژە لەسەر ئێران سیدق دەکا. بەڵام ئەگەر بەهۆکاری سیاسییش (بەتایبەتی ڤیتۆی ڕووسیە و چین) ئەنجومەنی ئاسایش نەتوانێ بڕیار بدا، ئەوەی پێشتر باسمان کرد هەم بۆ باسەکانی نێو ئەنجومەنی ئاسایش و هەم وەک بنەمایەک بۆ هەنگاوی کردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری دانانی مێکانیزمێکی تایبەتیی دادخوازی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت هەنگاوی سیاسیی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کاریگەریی دەبێ. ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی نێوخۆی ئێران دەتوانێ بچێتە فازێکی دیکە و ئەو کارانە بکا کە ئێمە پێشنیاری دەکەین واتە ئەستاندنەوەی شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنی نێودەوڵەتیی ئێران لە کۆماری ئیسلامی و بڕینی هەر جۆرە پێوەندی و هاوکارییەک کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی و سەرکوتی خەڵک کەڵکی لێ وەربگرێ و تەنانەت گرتنەبەری هێندێک هەنگاوی کەموێنە بۆ جێبەجێکردنی چەمکی بەرپرسایەتیی پاراستن و پێشگرتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی زیاتر و بەلێشاوی خەڵک.

**ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحمان و هەڵوێستە نێونەتەوەییەکانی دیکە چ پەیامێکیان بۆ خۆپێشاندەرانی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران تێدایە؟**

مانا و پەیامی ئەو ڕاپۆرتە بۆ خەڵکی ئێمە لە کوردستان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران بەتایبەتی بەلوچستان ڕوونە. ئەگەر تا دە ساڵ یا تەنانەت پێنج ساڵ پێش ئێستا کاتێک ڕاپۆرتی ڕاپۆرتۆری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران دەردەچوو دەبوو لە دەقەکەیدا بۆ ناوهێنانی کورد یان ئەو پەڕەکەی یەک دوو دێڕدا بگەڕێین کە لەودا ئاماژە بە کوردستان و سەرکوت و دۆخی خراپی گەلەکەمان لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامیدا کرابوو. ئێستا ئیدی هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحماندا دیتمان نەک هەر بەتایبەتی و بەجیا ئیشارە بە دۆخی کوردستان دەکرێ، بەڵکوو ئەو بابەتە تەوەرێکی سەرەکیی ڕاپۆرتەکەیە کە دەتوانم بڵێم باشترین دەربڕینی تا ئێستای مەقامێکی نێودەوڵەتی بوو لەبارەی کورد لە ئێرانەوە. ئەوەش بەرهەمی کاری بەردەوام و شێلگیریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی وڵاتە کە وەک خۆم سوپاس و دەسخۆشییان پێ دەڵێم. ئەم سەرنجە تایبەتییە بۆ دۆخی کوردستان لە هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکانی دیکەشدا بە ڕوونی دیارە و ئەمە شتێکی تازەیە. لە یەک قسەدا دەتوانم بڵێم پەیامی هەموو ئەو کاردانەوانە بۆ لاوان و ژنان و پیاوانی کورد کە هەر ئێستا لە شەقامەکاندا لە بەرامبەر هێزە سەرکوتکارەکانی ڕێژیم ڕاوەستاون ئەوەیە بزانن کە ئەوان تەنیا نین و دەنگی وان لە دنیادا دەبیسترێ و پێویستە بەردەوام بن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چۆن دەتوانێ لەو دەرفەتە بۆ گەیاندنی پەیام و ویستی گەلی کورد و گەلانی ژێردەستەی دیکەی ئێران به کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کەڵک وەربگرێ؟**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستا باشترین و مەشرووعترین چوارچێوەی کاری هاوبەش بۆ لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆر زەرفییەتی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا هەیە، بەڵام هێشتا لە زۆر بواردا و یەک لەوان لەبواری دیپلۆماسیدا خاوەنی سازوکار و مێکانیزمێکی تۆکمە و کارا نیە. ئەمن هەمیشە گوتوومە و لێرەش دووبارەی دەکەمەوە کە پێویستە کەرەستە و ڕێکاری ئەو ناوەندە زیاتر قووڵ و فراوان بکرێنەوە. بواری دیپلۆماسی و میدیایی ڕوو بە دنیای دەرەوەی خۆشمان یەکێک لە گرینگترین بوارەکان بۆ کاری هاوبەشی ئێمەیە بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەی ئەمڕۆدا. لەو نێوەشدا بەکاربردنی هاوبەش و بەبەرنامەی کاناڵە بەردەستە نێونەتەوەییەکان لەبواری مافی مرۆڤدا دەبێ بەشێکی ئەم کار و بەرنامانە بێ. دەبێ بزانین ئەگەر هەتا دوێنێ بە هۆکاری سیاسەتی نێودەولەتی زۆر لە دەرگاکانی دنیا بەسەرماندا داخرابوون، لەدوای ئەو دۆخەوە کە لە ئێراندا دروست بووە نەک هەر بۆ کۆی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، بەڵکوو بۆ ئێمە وەک کوردیش دەرفەتێکی بێوێنە دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ پرسی خەباتی خۆمان ڕابکێشین. سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ئەگەرچی زۆر تاڵ بوو و زۆر گیانی بەنرخی لێ ئەستاندین، بەڵام بەو کاردانەوە جەماوەری و نێودەوڵەتییانەی کە لێی کەوتۆتەوە، لەڕاستیدا ئێستا لە زۆر گۆشەنیگای سیاسی و ئەمنیەتی و مافی مرۆڤەوە جۆرێک لە شەرعیەت و ئەولەویەت بۆ وەرگرتن و گوێگرتن لە ئازادیخوازانی ئێران و تێکۆشەرانی گەلانی ژێردەستەی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست بووە.

**زۆر سپاس دوکتور بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا**

سپاس بۆ ئێوەش

---

# خالید عەزیزی لە پارلمانی سوئێد: دیپلۆماتە ژنەکانتان بە حیجابەوە مەنێرن بۆ ئێران، ئەوە بێڕێزییە بە جووڵانەوەی ژنانی ئەم وڵاتە




خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٣ی خەزەڵوەر (٢٥ی ئۆکتۆبر) لە سەر بانگهێشتنی حیزبی لیبراڵی سوئێد بۆ قسەکردن لە سەر دۆخی ئێران و کوردستان، شۆڕشی ژینا و شوێندانانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەرینی گەلانی ئێران ڕاگەیەندرا. دواتر خالید عەزیزی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕاپەرینی گەلانی ئێرانی کە کوژرانی ژینای کچە کورد بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی چەخماغەکەی لێدا، بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە شی کردەوە.

بەڕێز عەزیزی باسی لەوە کرد کە ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە مەرگی ژینا کۆدەنگییەکی بەرینی لەنێو خەڵک و جۆراوجۆرییەکانی ئێراندا دروست کردوە و کاردانەوە جیهانییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر دێ و پتر دەبن. وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لە نوێنەرانی پارلمان و دەوڵەتی سوئێد کرد کە دیپلۆماتە ژنەکانتان بە حیجابەوە مەنێرن بۆ ئێران، چونکی ئەوە بێڕێزییە بە جووڵانەوەی بەربەرینی ژنان لەو وڵاتەدا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پانێلێک بە بەشداریی فرێدریک مالم، نوێنەری پارلمان لە حیزبی لیبراڵ؛ هانس ئێکستروم، نوێنەری پارلمان لە حیزبی سوسیال دێموکرات و وتەبێژی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی سوئێد؛ ماگنووس نورێل، لێکۆڵەر و کارناسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهات. لەو پانێلەدا بەشداران وڵامی پرسیاری زۆر و جۆراوجۆری ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەیان لەبارەی دۆخی ئێران و کوردستان دایەوە.

جیا لە نوێنەرانی بەشدار لە پانێلەکەدا سێ نوێنەری پارلمان لە حیزبی سۆسیال دێموکرات، دوو نوێنەری پارلمان لە حیزبی مودراتەکان، سێ نوێنەری پارلمان لە حیزبی دێموکراتەکانی سوئێد، نوێنەرێکی پارلمان لە حیزبی ناوەند (سەنتەر)، نوێنەرێکی پارلمان لە حیزبی چەپ، دوو نوێنەری پارلمان لە حیزبی لیبراڵ، دوو نوێنەری فیدراسیونی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوئێد و هەیئەتی نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەکە کەسایەتییەکی سیاسیی کورد و ئێرانی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

---

# خالید عەزیزی: خەڵک هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕین

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی ڕۆژی شەممە، ٧ی خەزەڵوەر سمینارێکی بۆ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا خالید عەزیزی بە هەڵسەنگاندنی تازەترین گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تایبەتمەندی و فاکتەرەکانی دۆخی ڕاپەڕین لە وڵاتی شی کردەوە. بەڕێزیان لەنێو ئەو فاکتەرانەدا تیشکی خستە سەر دوو فاکتەر، یەکەم شکستی نیزامی سیاسیی وڵات کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە حکوومەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە نەهاتۆتە سەر کار و خەڵک هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لەوەی بچێتە سەر شەقامەکان و ڕاپەڕین بکات. دووهەم فاکتەری یەکلاکەرەوەش بە میلیۆن کەس لە نەتەوە و پێکهاتەکانی جۆراوجۆرەکانی ئێرانی فرەنەتەوەن کە بە درێژایی مێژوو هەموو جۆرە بێبەشی لە ماف، سووکایەتی و پەراوێزخستنێکیان بینیوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە پێویستیی ئاگاداربوونی کۆمەڵگەی جیهانی لەو دۆخەی لە وڵاتدا ڕادەبرێ، گوتی: "ئێمە نیگەرانیی خۆمان لەبارەی ئەگەری هێرشی دووبارەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی کوردستان و هەرێمی کوردستان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕیوە و وەک ڕێکارێکی مرۆڤی داوای ناوچەی دژە فڕینیشمان بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پارێزراوبوونی لە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی کردووە."

پێویستیی پاراستن و بەرینکردنەوەی هاوپەیمانیی نێوان نەتەوەکان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بەڕێز عەزیزی بوو. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو بەشەدا پێی لەسەر ئەو بابەتە داگرت کە لەگەڵ زەروورەتی هاوپەیمانی و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکان، بەڵام ئێمە بە ڕوونی گوتوومانە هەتا پرسی کورد لە ئێران چارەسەر نەکرێت، پرسەکانی ئێرانیش چارەسەر نابن، پرسی کوردیش پرسی ئازادی و مافی نەتەوایەتی و بەرانبەری نەتەوەیەکە.

ڕۆڵی دیاسپۆرای کورد و ئێرانی لە وەڕێخستنی شەپۆلی هاوپێوەندی و لێکگرێدانی خەباتی دەرەوە و ناوەوەی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پاڵپشتیی بیروڕای جیهانی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بەڕێز عەزیزی بوو کە بەڕێزیان ئەو هەوڵانەی بە تەواوی بەرز نرخاند و داوای کرد هەتا سەرکەوتنی ڕاپەڕین بەردەوام بن.

# شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆڕییە


عومەر باڵەکی

ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە وشەی جاش هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کوردەوە. لە فەرهەنگی دەستەواژە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورددا جاش بەو کەسانە دەگوترێ کە بە ڕەگەز کوردن و کوردستان نیشتمانیانە، بەڵام بە دژایەتیی بزوتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەونە بەرەی دوژمن و دەبنە چاوساغی هێزە سەرکوتکەر و داگیرکەرەکانی دوژمن و لەپێناو کەمەپارە و پارووە نانێک ڕەحم بە برا و خۆشکی هاوخوێن و هاوزمان و هاوشار و هاوگەڕەک و هاوگوندیی خۆیان ناکەن و تەنانەت زۆر جاران لە دوژمن زیاتر دەبنە دوژمنی گەل و نیشتمانی خۆیان.

دیاردەی جاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر هەیە. لەو ماوەیەشدا کە بە هۆی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی لە تاران بە دەستی پۆلیسی بەناو گەشتی ئیرشاد، شۆڕشێک لە کوردستان و ئێران بەدژی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا کە لە ٤٣ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێوێنەیە و ماوەی زیاتر لە مانگ و نیوێکە سەرانسەری ئێرانی گرتووەتەوە و لەلایەن خەڵکی ناڕازی لە شەقامەکانی ئێران دروشمی پێکهاتەشکێنی وەک مەرگ بۆ ڕێبەری نیزام و بڕووخێ نیزامی کۆماری ئیسلامی لە پاڵ دروشمی ئەسڵی ژن، ژیان، ئازادی دەگوترێنەوە؛ بەشی زۆری سەرکوتی خەڵک لە کوردستان لەلایەن هێزی جاشەکانەوە دەکرێت.

سروشتی ڕاپەڕینەکە لە کوردستان جیاوازترە، لە کوردستان بێجگە لەو دروشمانەی لە هەموو شار و ناوچەکان بەرز دەکرێن، دروشمی نەتەوەییش بە زەقی دەبیسترێت کە دەرخەری ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

هاوکات لە پاڵ ئەو دروشمانەدا بە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی "جاشی حرامزادە، ڕەنجی کوردی بە با دا" و زۆر دروشمی دیکە کە ئەوپەڕی بێزاری و نەفرەتی خەڵک لە کەسانی جاشیان لێ دەخوێندرێتەوە، لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا دەبیسترێت. ئەمە لەلایەک جێگەی داخە کە بۆ دەبێت لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە ورد و درشتی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بە دژی نادادپەروەریی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژاونەتە سەر شەقام، دەستەیەک خۆوڵاتی لە جلوبەرگی جاشایەتیدا ڕووبەڕووی خەڵکی خۆیان ببنەوە و سیلە لە خەڵک بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە جێگەی تێرامانە کە خەڵکی کوردستان وریا و وشیارن و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانە دەیانەوێت پەیامێک بدەن بەو کەسانە کە بە هەر هۆکارێک بوونە هاوکاری هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شیکردنەوەیەکی کورتی ئەو دروشمانەش کە ڕوو لە جاشەکان و لەدژی ئەوان دەگوترێت، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ئەی ئەو کەسەی بوویەتە هاوکاری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات! ئەگەر باوەڕت بە ئەسڵ و نەسڵی خۆت هەیە دەبێت ڕیزی خۆت لە ڕیزی دوژمن پاک و جیا بکەیەوە، دەنا لەو نەتەوە بێبەریت و حاشات لێ دەکرێت. لەو بەشەی دروشمەکەشدا کە دەڵێت "ڕەنجی کوردی بە با دا"، ڕاست دەیهەوێت وەبیر ئەو کەسانەی بەرگی جاشایەتییان کردووەتە بەر بێنێتەوە و بڵێ، ئەگەر ئەتۆ نەبی بە کەواسووری پێش لەشکر، هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم لە کوردستان ناتوانێت بەرەنگاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەرشەقام بێتەوە. واتە ئەوە ئەتۆی کە سیخوڕی بۆ دەکەی و دوژمن بە کەلێن و کەلەبەری شار و گوند و کوێستانەکانی کوردستانی ئاشنا دەکەی!

ڕەنگە لە ماوەی ئەو مانگ و نیوەدا ئەو کوردانەی چەکی جاشایەتییان لە شاندا بووە بەو دروشمانە زۆر تووڕە بووبن، بۆیە واباشترە بە جێگەی تووڕەبوون و هەڵکوتانە سەر خەڵک و شەهید و بریندارکردنی گەنج و لاوی ئەو کوردستانە، ڕیزی خۆیان لە ڕیزی دوژمن جیا بکەنەوە و ئەگەر لە کاتی ئێستادا بە هەر هۆکارێک ناتوانن ئەو بڕیارە قورس و یەکلاکەرەوەی ژیان و چارەنووسیان بدەن، خۆ دەتوانن لە سەرکوتی نارەزایەتییەکانی خەڵکدا بەشدار نەبن، تەنانەت گەلێک جاران بتوانن یارمەتیدەری هاووڵاتی و هاونیشتیمانیی خۆشیان بن. واتە لانی کەم ئەگەر ناتوانن چەک دابنێن، بە کردار و هەڵسوکەوتیان وا بکەن چەند خاڵێکی باش لە کارنامەی ژیانتاندا تۆمار بکەن کە لە دواڕۆژدا بەکاریان بێت.

ئەو کەسانە جا بە هەر هۆکارێک بوونەتە جاش و هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەبێت بەو یاسا سروشتییە بزانن کە دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان ماوەی بەسەرچوونیان هەیە، جا دەرنگ یان زوو لەسەر دەسەڵات نامێنن و دەبن بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام نەتەوە و خەڵک دەمێنن، ئەویش لە سەردەمی ئێستادا زەحمەتە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک لەنێو بچێت و لە ئاکامدا سەرکەوتن هەر هی گەلە. بۆیە ئەگەر بیر لە خۆیان و چارەنووسیان ناکەنەوە، لە فکری خێزان و منداڵەکانیاندا بن. ئەو منداڵانە ناچارن هەر لەنێو ئەو نیشتمانەدا بژین و لەگەڵ ئەو خەڵکە هەڵسوکەوت بکەن، جا با لە ڕوویان هەڵبێت نازناوی باوکیان هەڵبگرن و بە ئاسوودەیی بژین، نەک هەتا مردن ئەو ناونیشانە دزێوە بە ناوچاوانیانەوە بێت.

هەموو مرۆڤێک بەشی خۆی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی هەیە، ئەگەر لە بەرانبەر خەڵکی دیکەشدا نەیبێت و کردەوەی دڕندانە دەرحەق بە هاونیشتمانییانی بکات، لەو کاتەدا کە خۆی تووشی کارەسات دەبێت ئەو هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکان سەر هەڵ دەدات، باشە ئەو جۆرە کەسانە بۆ جارێکیش بێ وێنەی ئەو هەموو گەنج و لاوە کەم تەمەنانە کە لەو ماوەدا بەدەست و فیەشکی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار و نقوستان بوون، بێنە بەرچاوی خۆیان و پرسیار لە خۆیان بکەن، چۆنیان لە ڕوو هەڵدێت وەک هاونیشتمانی و هاوشاری و هاوگەڕەک و هاوماڵی چاو لە چاوی بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بکەن. پرسیارە و بەرەوڕووی ئەوان دەکرێ کە ئێوە چیتان بەسەر هاتووە و دەسکەوتتان چ بووە کە بێبەری بوون لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی؟ بۆیە با جارێکی دیکەش پێیان بڵێین کە ئێستا لە هەموو کات گونجاوترە وێژدانی نووستووتان وەخەبەر بێت و خۆتان لە شەرمەزاریی گەل و نیشتمان ڕزگار بکەن.

بەڕاستی ئێوەی چەکی دوژمن لەشان ئەو دەنگە دلێرانەی سەر گۆڕی شەهیدە جوانەمەرگەکانی دەستی زۆرداری نابیستن؟ نابینن کە دایکی جەرگسووتاو و باوکی ڕۆڵە لەدەستچوو چۆن لەنێو ئاپۆڕای هەراوی خەڵکی ماتەمگرتوو و دڵ پڕ لە قیندا هاوار دەکەن و دەڵێن شانازی دەکەین ڕۆڵەکانمان لە ڕێبازی بەختەوەریی خەڵک و نیشتماندا شەهید بوون! گوێتان لە هاواری ئەو پیاوە نییە لەسەر گۆڕی ژنە شەهیدەکەی پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت "فریشتە" چ شانازییەکی گەورەیە کە تۆ چوویە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە! گوێتان لە دەنگی ئەو باوکە نییە کە لەسەر گۆڕی کوڕە شەهیدە جوانەمەرگەکەی بە شانازییەوە دەڵێت لە بەر خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ ناوم ناوبوو "کۆمار"..... .

ئەگەر ئێوەی نازناوی جاشایەتیتان بۆ خۆتان بە خۆتان بڕاندووە تۆزقاڵێک وێژدانتان بجووڵێت و گوێی بیستنتان بکرێتەوە، حەتمەن ئەو دەنگانە دەبیستن کە لە گەرووی تاک بە تاکی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان دێنە دەرێ و نەک پانتاییی ئێران، بەڵکوو سەرانسەری جیهانی تەنیوەتەوە. دڵنیا بن ئەو ڕۆژەش دێت گەردەلوولی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان تاج و تەختی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێت.

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی دیاردەی جاشایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا بنەبڕ یان ڕوو لە کزی بدات، تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان لە سەریانە لە هەموو ئەو کەسانە نزیک ببنەوە کە کەوتوونەتە بەرەی دوژمن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن واز لەو کردەوە قیزەونە و دوژمنکاریی نەتەوەی خۆیان بێنن و لانی کەم ئەگەر ناتوانن هاوڕێ و هاوبەمەستی خەڵکی خۆیان بن، هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیش نەبن و بەشداری ئەو جینایەتانە نەبن کە لە کوردستاندا لەسەر دەستی ئەو هێزانە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە ئارادایە. چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیان هەوڵیان داوە تۆوی نیفاق و دووبەرەکێی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا دروست بکەن و ئەگەر ئەو نیزامە توانیوویەتی ڕێژەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بە جۆرێک لە نێوان ئەو ڕادە کەمە و خەڵکی کوردستان دوژمنایەتی دروست بکات، ئەو هەلومەرجەی ئێستە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوانەی فریویان خواردووە تا بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆیان، چونکە سبەینێ زۆر دەرنگ دەبێت.

# زانکۆ و شۆڕش


ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣١٤ دامەزرا، ساڵێک دواتر بۆ یەکەم جار خوێندکارانی زانکۆ بۆ دابینکردنی هەندێک پێداویستی نارەزایەتییان دەربڕی. لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ بزووتنەوەی خوێندکاری بە شێوازی جیا هەبوون، جا هەندێک جار زۆر بەهێز و هەندێک جار لاواز. هەندێک جار لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا بوون و هەندێک جاریش لە پەراوێزدا خۆیان دیوەتەوە؛ بەڵام هیچ کات بەتەواوی لە دڵی ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە دانەبڕاوە.

وشیاری و هەبوونی هێزی پرسیار و لێپرسینەوە لە خوێندکاری زانکۆدا وای کردوە کە زانکۆ و خوێندکار بۆ هەر دیکتاتۆرییەک پرسێکی گرینگ بێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو دیکتاتورییە دیکتاتوریی مەلاکانی جەماران بێت، ئەو پرسە بۆ ئەوان ترسێکی گەورەشە. ئەو ترسە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە جێگای سەرنجی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بووە و تەنانەت هەر لە سەرەتای ساڵانی بە دەسەڵاتگەیشتنیان بە پاکتاوکردنی زانکۆ کە ناوی "شۆڕشی فەرهەنگی"یان لەسەر دانا و بە گۆڕینی بەرپرسانی خوێندنی باڵا و زانکۆکان، دەرکردنی خوێندکارانی غەیرەخۆیی و تەنانەت گۆڕینی سەرچاوەکانی خوێندن بە تەواوی دانانی میکانیزمی جیاوازی ئیداری و لەشکری بۆ کۆنترۆلی قوتابیان هەوڵیان دا ئەو ناوەندە گرینگە کە ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە، کۆنترۆڵ بکەن.

لەوانەیە هیچ بەڵگە و فاکتێک لەو قسەیەی خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی تێڕوانین و ترسی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆ باشتر دەرنەخات کە بە ئاشکرا لە تریبونەوە دەیگوت، "زانکۆ لە بۆمبی ئەتۆم مەترسیدارترە." بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە پلان و پیلان و کۆنترۆڵکردنی بە زەبری سەرکوت، دیسان نەتوانرا دەنگی زانکۆ و قوتابییان کپ بکرێت و خوێندکاران و زانکۆ بەردەوام لە هەر گۆڕانکارییەکدا بە نرخی خوێن لە گەڵ ئازار و ویستە ڕەواکانی خەڵک بەشدار بوون. وەک چۆن لەو خۆپێشاندانەشدا کە نزیکەی دوو مانگە بەردەوامە، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێک دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ یەکێک لە فاکتەکانی بەردەوامی شۆڕش زانکۆ، خوێندکاران و قوتابییانن.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد هەر لە سەرەتاوە دو ڕێگەی لە بەردەم بوو، یان دەبوا ببا بە بەشێک لە بزووتنەوە جیاوازەکانی خوێندکاری کە لەنێو نەتەوەی باڵادەست هەبوون و ئەگەر لەگەڵ ئەوان دژایەتی دەستەڵاتیشی کردبا، نەدەبا باسی لە ڕاستی کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەتی پرسی نەتەوەیەکەی کردبا. چونکە هەموو ئاراستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە چەپ و ڕاستەوە نەک لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد نەبوون، بەڵکو زۆر جاریش دژیشی بوون. یان دەبوو ڕێگەی دووەم هەڵبژێرن، ئەویش پەیوەستبوون بە شۆڕشی کوردییەوە کە ڕۆڵێکی تایبەتیان لەو بوارەدا بینیوە، نموونەی گرینگی ئەو شێوازە چالاکییە پەیوەستبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانی بە حیزبی دێموکرات بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەرییەکی زۆریان دانا و ئەو ڕەوتە لە کات و سەردەمی جیاوازدا هەر بەو شێوەیە درێژەی هەبوو.

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی شۆڕشدا دەبینین وێڕای ئەوەی کە سەرکوتی ڕێژیم لە زانکۆ بە دڕندانەترین شێوە بەردەوامە، بەڵام هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئەو خۆپێشاندانانەوە زانکۆ لە شۆڕش دانەبڕاوە. ئەوەش نیشان دەدات کە زانکۆ هەروەک پێشتر تەنانەت ئەو جار زیاتریش گرینگە و دەبێ بە گرینگیەوە کاری لە سەر بکرێت، لە ئێستا زیاتر لە ١٥٠ هەزار خوێندکار لە زانکۆکانی پارێزگاکانی کوردستاندا دەخوێنن، هەروەها ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاکی دەرەوەی کوردستانن کە باشتر پرسەکانی کورد بۆ ناوەند دەگوازنەوە و، ئەو ژمارەیە زۆرەی خوێندکاری زانکۆ ڕاستی گرینگی ئەو ناوەندە زیادتریش دەردەخات. ئەوەی تا ئێستا دەبینین چالاکییەکانی نێوخۆی زانکۆکان کە زۆرتر لە زانکۆکاندا ماوەتەوە زۆر و کاریگەرن، بەڵام بەباشی بۆ شەقامەکان نەگوازراونەتەوە و، دەبێ کار بۆ ئەوەی بکرێت ئەو چالاکییانە بگوازرێنەوە بۆ سەر شەقەم. گواستنەوەی چالاکییەکانی نێوخۆی زانکۆ بە پلەی یەکەم دەبێتە هۆی پاراستنی زیاتری گیانی خوێندکاران، چونکە لەنێو زانکۆ گەمارۆ دەدرێن و باشتر دەبنە ئامانجی هێزەکانی ڕێژیم و ئەو بابەتەش زیانی گیانیی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.



لە لایەکی دیکەوە گواستنەوەی ئەو چالاکیيانە بۆ سەر شەقام وێڕای پاراستنی گیانی خوێندکاران دەبێتە هۆی بەرفراوانبونەوەی خۆپێشاندەران و کاریگەریی زۆرتر، بەتایبەتی کە خوێندکاران لە هەموو بوارێکەوە دەتوانن لەگەڵ خەڵک ئەو خۆپێشاندانانە بەڕێوە ببەن. بۆیە پێم‌وایە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەکردەوە پەیوەستبوونی زانکۆ و شەقام زیادتریش دەبینین. ئەو بابەتە زیادتر بۆ قوناغی ئێستایە بەڵام لە داهاتووی سەرکەوتنی شۆڕش و بە تایبەتی لە ئازادیدا دەبێ ئەو بزووتنەوە ڕۆڵی جیدی بگێڕێ بۆ ئەوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕش شۆڕش بەرەو ئاراستەیەک نەبردرێ کە مێژوو دوبارەببێتەوە. هەر بۆیەش کارکردن لە سەر ئەو بزوتنەوەیە بە دەرفەتێک بۆ شۆڕش و دوای شۆڕش هەژمار دەکرێت و پێویستە ئەو دەرفەتە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

# بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**ئاماژە: لە پاش سەرهەڵدانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران [شۆڕشی ژینا] کە نیزیک بە دوو مانگی تێپەڕ کردووە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت خەبات و شۆڕشی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ئێرانەوە چووەتە قۆناغێکی نوێترەوە. بێگومان لەم شۆڕشەشدا کە هەنووکە لە کوردستان و ئێراندا ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی وەزاڵە هێناوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نەک تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکوو لە هەموو ئێراندا ڕۆڵ و دەوری سەرەکیی هەبووە و بەرچاوترین بەڵگەش بۆ ئەم وابێژییە ڕاگەیەندراوەکانی ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتن و هاتنە سەرشەقامەکان و پێشوازیی خەڵکی کوردستانن. لەسەر ئەم پرسە و کۆمەڵێک پرسیار و دەنگۆ، لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا دیبەیتێکمان لەگەڵ بەرپرسانی هەیئەتەکانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریدا پێک هێناوە. لەم دیبەیتەدا بەڕێز حەمەنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی و بەرپرسی هەیئەتی حدکا لە ناوەندی هاوکاری، ئەبووبەکر مودەڕسی، جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ناوەندی هاوکاری و هەروەها عەتا ناسری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری میوانی "کوردستان" دەبن.**


ئەبووبەکر مودەڕسی


محەممەدنەزیف قادری


عەتا ناسری

دیبەیت: کاروان مێراوی

**کوردستان: هاوڕێیانی بەڕێز سەرەتا زۆر سپاس لەو دەرفەتەی کە بە ئێمەتان دا و لەم دیبەیتەدا بەشدار بوون. کاک محەممەدنەزیف، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کاتی شەهیدبوونی شەهید ژینا بەدواوە بەردەوام لە ڕاگەیەندراوەکانیدا داوای لە خەڵک کردووە بڕژێنە سەرشەقام و شەقامەکان چۆڵ نەکەن، سیاسەتی ئێوە لە ئێستەدا چییە و بەرنامەی دیاریکراوتان بۆ درێژەدانی ئەم ڕەوتە لە شەقامەکاندا چییە؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** دوای گیرانی ژیناخان و بەرخوردی دژی مرۆڤانەی گەشتی ئیرشاد کە لەڕاستیدا جگە لە بیانووگرتن هیچ هۆکارێک بۆ گرتن و ئازاردان و سەرئەنجام بێبەزەییانە شەهیدکردنی شەهید ژینا نەبوو، بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنەکەی سەرانسەری ئێران، کوردستان و هەموو دنیای هەژاند و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت ژنان و کچانی بوێر و بەهەڵوێستی یەکدەنگ هێنایە سەر خەت. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەم وەک باوەڕمەندبوونی بە مافی ژن و بەها مرۆییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە کچە کوردێکی بێتاوان کە دەبێتە قوربانیی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و بە دوور لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی مرۆیی و نێودەوڵەتی شەهید دەکرێت، ئەرکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەییە کە ئەم تاوانە مەحکووم بکات و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران و ڕای گشتی بکات کە بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن. بۆیە هەر لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و داوای مانگرتن و خۆپێشاندانی لە ئێران و کوردستان و دەرەوەی وڵات کرد و بەخۆشییەوە بە وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پێشوازییەکی بەرین و بێوێنە لەو ڕاگەیەندراوەی ناوەندی هاوکاری کرا. ئەم مانگرتن و خۆپێشاندانانە کە دەربڕی دەنگی میلیۆنان خەڵکی مافپێشێلکراوی ئێران و شەهیدکرانی هەزاران خەڵکی مافخواز و ئازادیخوازی گەلانی ئێران بوو، وەرزێکی نوێی لە خەباتی جەماوەری کردەوە و پەیامێکی یەکگرتوویی و پێکەوەبوون و یەکگوتاریی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ خۆی هێنا کە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێراندا کەموێنەیە. لەم خۆپێشاندانانەدا هەرچەند مرۆڤکوژانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەوڵیان دا بە هەڕەشە و گوڕەشە ئاوی چاوی خۆپێشاندەران بگرن و بە هێنانی هێزە دژەگەلییەکانیان ئاستەنگ بۆ خۆپێشاندەران دروست بکەن، بەڵام ئیرادەی ژنانی مافخواز و هەڵوێستی کوڕان و کچانی بوێر و بەگشتی گەلانی ئێران و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و پێشوازیی سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردەکانی دەرەوەی وڵات، مێژوویەکی درەوشاوەی لە ئاستی ئێران و دنیادا تۆمار کرد. سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و دیاریکردنی دروشمەکان کە سیاسەتێکی ئەوڕۆییانە و ئازادیخوازانە بوو، هاندەر بوو بۆ ئەو یەکیەتی و یەکگرتوییە و هەر ئەوەش بوو زۆربەی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی و کۆمەڵە ئێرانی و کوردستانییەکان و ڕاگەیاندنەکان لە ڕۆشنایی ئەو پەیامەی ناوەندی هاوکاریدا پشتیوانییان ڕاگەیاند و هاتنە ڕیزی خۆپێشاندەران. ئەو پەیامەی ناوەندی هاوکاری لەڕاستیدا پەیامی پێکەوەژیان و پێکەوە بوونیادنانی ئێرانی داهاتوویە. بەگشتی سیاسەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە خەباتکردنە لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەسەر باوەڕمەندبوون بە ئازادی، دێموکراسی، مافی گەلانی ئێران و بەها مرۆییەکان، ڕۆڵی زیاتر بەخشین بە ژنان لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی، یاسایی و... ئەم ئامانجەش تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا خۆی دەنوێنێت.

**کوردستان: وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چل ڕۆژی خرۆشانی خەڵک لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی، ئێوە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێتان وایە ئەم خرۆشانەی خەڵک لە چوارچێوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدا ماوەتەوە یان چووەتەوە چوارچێوەی شۆڕشێکی سەرانسەرییەوە.**

**ئەبووبەکر مودەڕسی:** بە بڕوای من بێگومان ئەم ئاخێزە یان بە وتەی جەنابتان خرۆشانە، هەر زۆر زوو پەرەی سەند لە سەرتاسەری ئێران و بوو بە جووڵانەوەیەکی سیاسی – ناڕەزایەتیی سەرانسەری. ئەوەندەی من ئاگادار بم بە ئێستاشەوە کەس نییە لە ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە حاشا لەو ڕاستییە بکات کە ئێمە لەگەڵ شۆڕشێکی سەرانسەری بەرەوڕووین و گەلی کورد نەتەنیا دەستپێکی ئەو شۆڕشە سەرانسەرییە بووە و وەک جەرەقەیەک بۆشکەی باررووتی ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێرانی تەقاندەوە، بەڵکوو لە درێژەی خۆیدا وەک هێزی بزوێنەری ئەو شۆڕشە دەوری نواندووە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ژینا ئەمینی وەک هێما و ڕەمزی ئەو بزووتنەوەیە قەبووڵ کراوە و نەتەنیا لە ئاستی ئێراندا، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەلماوە. ئەسپەردەکردنی ژینا و خۆڕاگریی بنەماڵەکەی و پشتیوانیی بێوێنەی خەڵکی شارەکەی (سەقز) و دواییش کوردستان ئاگرەکەی بەردا و بۆشکە باررووتەکە و چلەکەشی بوو بە سەرهەڵدانەوەیەکی بەتین و گوڕتر بۆ درێژەدانی ئاخێزەکە. هەڵبەت لەو ناوە، بزووتنەوەی کوردیش دەسکەوتی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و لە ئاستێکی سەرانسەری وەک بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز ڕەوایی خۆی سەلماند. کێ دەیتوانی ساڵێک لەوەپێش بیری لەوە کردبایەوە کە کورد بە ئاڵای خۆیەوە و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران و بە هەر بیروباوەڕێک، لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداریی بکات. ئەم ئاخێزە گەورەیە و ئەو دەور و ڕۆڵەی کورد گێڕای، بەشی هەرە زۆری پروپاگەندە و تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدژی کورد پووچەڵ کردەوە. هەڵبەت دەبێت بزانین کە ئەو ڕاستییانە بەو واتایە نییە کە هەموو کەس لە ئێران ئەوەی پێ خۆشە. ئاشکرایە کە دژایەتی لەگەڵ کورد هەیە و هەمیشە کەسانێک هەن دەیانهەوێت باوەشێنی بکەن. بۆیەش پێویستە کە ئەو دەسکەوتە واتە ئەو یەکگرتوویە لە نێوان بزووتنەوەی سەرانسەری و بزووتنەوەی کورد دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکرێت و بپارێزرێت.

**کوردستان: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تا چ ئاستێک لەسەر خرۆشانی شەقامی شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە شارەکانی تری ئێران، کاریگەریی هەبووە؟**

**عەتا ناسری:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە دەنگدانەوە و کاریگەریی باشی لەنێو خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا دروست کرد. ئەوەی کە هاوکاری و پێکەوەیی دوو کۆنسپێتی کۆمەڵە و دێموکرات کە ئەوکات لە قاڵبی چوار حیزبدا بوون و بەخۆشییەوە ئێستە و پاش یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات، وەک دوو هێزی خاوەن جەماوەری لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەنگدانەوەی باشی هەبوو. سەرەڕای کەموکوڕییەکان ناوەند هەم لەناو خەڵکی کوردستان و هەم لەدەرەوەی کوردستان و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانیشدا توانی ببێتە مەرجەعێک.

پاش سەرهەڵدانی ئاخێزەکانی ئەم دواییە و لە یەکەم هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریدا بەرانبەر بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی کە داوای مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو خەڵکی کوردستان کرد، بەخۆشییەوە خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن و وەک بینیمان مانگرتنێکی گشتیی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. دواتریش لە بەیاننامەکانی دیکەی ناوەندی هاوکاریدا ڕوو لە لایەنە ئێرانییەکان و ڕوو لە خەڵکی ناوچەکانی ئێران، زۆربەی شارەکانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانیان ساز کرد و پشتیوانییان لەکوردستان ڕاگەیاند. لە ئێستەدا کوردستان بووەتە مەکۆی هەموو ئازادیخوازان، لەخۆڕا نییە کە لە باکوور تا باشوور و لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوای ئێران، کوردستان بە سەنگەری ئازادی و خۆڕاگری دەناسرێت. حیزبەکانی ناوەندی هاوکارییش کە هەڵقوڵای هەر ئەو کۆمەڵگەیەن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێوە توانیویەتی چەندین بەرانبەر ببێتە جێگەی متمانە و بڕوای خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران. ئەمە لە دەرەوەی وڵات لە سازکردنی ئاکسیۆن و خۆپیشاندانەکانی تاراوگەش بە ئاشکرا بەرچاوە و کوردستانییانی تاراوگە و ئەندامانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران شوێنپەنجەیان دیار و بەرچاوە. ئەگەرچی هەموو ئەو بوارانە بەبێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەگشتی ناوەندی هاوکاری توانیویەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا متمانەیەکی سەرانسەری بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و ببێتە مەرجەعێک کە لە کاتە حەساس و چارەنووسسازەکاندا جەماوەری خەڵک بجووڵێنێت.

**کوردستان: دەنگۆی ئەوە هەیە کە ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لەگەڵ چەند کەسایەتی و ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا کۆ بوونەتەوە و ڕێککەوتننامەتان واژۆ کردووە، ئەمە تاکوو چەندە ڕاستە؟**

**ئەبووبەکر مودەڕسی:** ئەو دەنگۆیانە پێشتر لە ڕاگەیەندراوێکدا لەلایەن ناوەندی هاوکارییەوە و هەروەها لە وتووێژی کەسایەتییەکانی حیزبەکانی ناوەندا وەک یەک لەوانە هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی ڕەد کراوەتەوە، بۆیەش من بە پێویستی نازانم لێرەدا زۆرتری لەسەر بڕۆم. تەنیا ئەوەی پێ زیاد دەکەم کە بزووتنەوەی کورد و ناوەندی هاوکاری بە مافی خۆی دەزانێت لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورددا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران و هەر کات پێویست بێت دیالۆگ و هاوکاری بێت.

**کوردستان: لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە و ڕووخانی ڕێژیمدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چە ئامادەکاریگەلێکی کردووە و بەگشتی چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

**عەتا ناسری:** ناوەندی هاوکاری زیاتر لە دوو ساڵە چەندین بەڵگەنامە و گەڵاڵەی سەبارەت بە تەعامول و پێوەندیی ناوەندی هاوکاری بۆ نموونە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، پێوەندیی نێودەوڵەتی، پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و ... هتد ئامادە کردووە کە هەندێکیان پەسەندکراون و هەندێکیان کاری لەسەر دەکرێت. یەکێک لەو بەڵگەنامانە باس لە پرسی کوردستان و ئێران لە پاش ڕووخانی ڕێژیم دەکات و بۆ پێشگرتنە لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە داهاتوودا. ئەم گەڵاڵەیە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەرپرسیار دەکات و مەترسییەکانی شەڕی ناوخۆیی ناهێڵێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتوو و ئەمرۆییە. هەر لە بزوتنەوەکەی کە بزاڤێکی ئازادیخواز و سێکۆلار و پێشکەوتووە هەتا بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتمانەکەی و ئەو هاوکاری و بەدەم یەکەوەبوونی خەڵک لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا. ئەمە لە کەم کۆمەڵگەدا بەتایبەتی لە دراوسێیەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆیە حیزبەکانیش کە هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگەیەن دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بن، نابێت و بۆ کەس هەزم ناکرێت کە لە پاش ڕووخانی ڕێژیمەوە لە شاری سنە تا مەهاباد 7-6 بازگەی حیزبەکان، هەر حیزبە و بۆخۆی دابنرێت. هەر لە ئێستەوە دەبێت بیر لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێتەوە و کوردی ڕۆژهەڵاتیش بە دەدری کوردی باشوورەوە نەچێت کە هەر بەرپرس و دەسەڵاتدارێک بۆ خۆی فەوجێک پێشمەرگەی هەبێت. گەڵاڵەکە چەندین ڕەهەندی گرنگی دیکە وەک بواری ئابووری، یاسایی و ... لەخۆ دەگرێت و حیزبەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاری بەجیددی سەرقاڵی پێداچوونەوەیەن و لە داهاتوویەکی نزیکدا پەسەند دەکرێت.

**کوردستان: چل ڕۆژ لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران تێپەڕی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چەندە توانیویەتی سەرەنج و پاڵپشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەو ڕاپەڕینە ڕابکێشێت؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** لە کەس شاراوە نییە کە ناوەندی هاوکاری و پشتیوانیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی ڕای گشتیی ئێران، کوردستان، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕۆڵی ڕێبەران و نوێنەرایەتی و ئەندامانی تێکۆشەری حیزبەکان و کەسایەتییەکان، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان، وەرزشوانان و هەموو چین و توێژەکان بەتایبەت ڕۆڵی مێژوویی و چالاکانەی ژنان، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان ئەوەندەی تر بێزراو کرد. ئەم خۆپێشاندان و چالاکییانە کاریگەریی بە ڕادەیەک بوو کە لەلایەن چەندین وڵاتەوە گەمارۆی خرایە سەر و مەحکووم کرا و ژمارەیەک لە بەرپرسانی سیاسی و ئەمنییەتی خرانە لیستی گەمارۆکانەوە، هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری مافی مرۆڤ و نوێنەری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە بەفەرمی ئەم تاوانەیان مەحکووم کرد. ئەو ڕووداوە بەگشتی ترسی خەڵکی لە ڕێژیم شکاند و قۆناغێکی نوێی لە خەبات دژی ڕێژیم کردەوە کە هیوابەخشە بۆ گەشەکردن و گشتگیربوونی خۆپێشاندانەکان.

گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستان ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستە سمبۆلی بەرگری و خەبات و بەرخۆدان لە بەرانبەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیدایە، لەم بڕگەیەش لە خەباتدا بوونەوە بە هێمای یەکیەتی و یەکگرتوویی لە سەرانسەری ئێراندا. من لەو باوەڕەدام مێژوو ئەم ڕۆڵگێڕانە بە شانازییەوە باس دەکات و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش وەک ئیرادەی گەلی کورد بە بەرچاو ڕۆشنیی زیاترەوە بە هاوکاریی حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگەیەنێت. خۆپێشاندانەکانی چلەی شەهید ژینا ئەمینی و بەپیرەوەهاتنی خەڵک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری، جارێکی تر دەوری ناوەندی لە دەربڕینی ئیرادەی گەلدا دەرخست.

## دیار زاگرۆس

# ئێرە خاکی کوردستانە

**پژمان شەریعەتی**

شۆڕشیک کە کورد دیکتەی کرد بە هەموو ئێران و بووەتە مەکتەبێک بۆ وانەوەرگرتنی گەلانی ئێران و قیبلەی ئازادیخوازان لە ئێران و ناوچەکە و جیهان، چەند خاڵی سەرەکیی تێدایە کە خاڵی هەرە گرینگی هێز و ئیرادەی ژنە لەم شۆڕشەدا.

بەرەو پەنجا ڕۆژ دەڕوات کە بە پێشەنگایەتیی کوردستان، هەموو نەتەوەکانی نێو قەوارەی جوغرافیای سیاسیی ئێران، لە خەباتێکی فرەڕەهەند و یەک ئامانجدا بەشدارن و بێوچان لە شەقامدان بۆ گەیشتن بە ئازادی.

ئازادی بە واتای مودێرن، کە هانا ئارێنت لەیەک جیایان دەکاتەوە لە شێوە نەریتییەکەی و هەر بەو شێوە ڕوانینەی مونتێسکیۆ دەتوانین ببینین کە ئازادی بە پاراستنی ماڵی و گیانی دەزانێت، بەڵام لە شێوازی مودێرندا ئازادی هەموو بەشەکانی ژیان لە خۆی دەگرێتەوە و بە نیسبەت داخوازییەکان بەشداری لە دەسەڵات و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە دەسەڵاتە و حکوومەت و خەڵک لەیەک جیا ناکرێنەوە.

لەم ڕۆژانەدا کە دروشمی ئازادی دەدرێت، ئەم ئازادییە زۆر چەمک و بابەت لە خۆی دەگرێت وەکوو: مافی دیاریکردنی چارەنووس چ لە بواری نەتەوەیی چ لە بواری تاک و خۆڵقاندنی داهاتوویەک کە کەرامەتی مرۆیی تێیدا بەدی بکرێت و ئینسان بگاتە پلەی تەعالی، بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین لەنێو ئەم شۆڕشەدا دەیان شۆڕشی دیکە لە ڕسکاوە.

شۆڕشی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس، شۆڕشی ڕەگەزی و سەرهەڵدانی ژنان، شۆڕشی نەوەی نوێ، شۆڕشی ئەندیشەیی و... ئەم گۆڕانکاری و هەڵتەکانە ڕەوتێکی پێک هێناوە کە چیی دیکە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە قازانجی خۆی قەبزەی بکات و بەلاڕێدا بچێت، لە چەشنی ئەوەی لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧دا بینیمان.

لێرەدا کە ئاور دەدەینەوە بۆ شۆڕشی نەتەوەکان بە تایبەتی لە کوردستان، باشتر بۆمان دەردەکەوێت شۆڕشێکی دیکە لە فۆڕمی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، کە بە دروشمەکانی خەڵکی بەئیرادەی سەر شەقامی کوردستانەوە دیارە. کاتێک دەبینین لە دێهلوڕانی ئیلام دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" یان لە شابادی کرماشان دروشم دەدرێت " ئێرە خاکی کوردستانە، گۆڕستانی فاشیستانە"، یان کاتێک دەگۆترێت "سنە تەنیا نییە، کرماشان پشتیوانییە"؛ بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە تەوەر و سەنگی کوردایەتی و پێشەنگایەتی لەو ناوچانەدا فورمی گرتووە.

بەتەوەربوونی کوردایەتی چەندین زەروورەتی ستراتژیکی هەیە. کرماشان وەکوو شادەمارێک لە کوردستان، بەردەوام کراوەتە ئامانجی سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و ئەوان بەباشی دەیانزانی کە ئەگەر ئەم شادەمارە لاواز بکەن، خوێن بەباشی ناگەڕێتە جەستەی شۆڕشی نەتەوەیی کوردستانەوە.

بە شێوازێکی دیکەیش لە بواری هەڵکەوتەی جوغرافیایی، حەشیمەت، ئابووری و ڕابردووی سیاسی و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتی ئێران، کرماشان دەبێ بکرێتە تەوەری سەرەکی و لە ئیستادا دەتوانین ئەم تەوارەیەتییە ببینین. کاتێک لەجیاتی دروشمی "جاوید شاە"، دەگوترێت "ژن، ژیان، ئازادی" بەو واتایەیە کە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەرکەوتووە کە لە ناوەند و چاوڕوانی لە سیستمێکی ناوەندگەرادا تەنیا فەلاکەت دەبێتە بەرهەمی و تەنیا کوردایەتییە کە هەموو مافەکان بەدی دێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت بەو چاوکراوەییەوە بڕواننە محوەرییەت دروستکردن لە خەبات و سەرهەلدان کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەردەوامی بە خوێندنەوەیەکی ورد و هەڵسەنگاندنی ستراتژیک بەردەوام لە هەوڵدا بووە کە سەنگەری سەرەکی بکاتە کرماشان کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینین.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە کاتێک دەگوترێت کرماشان، تەنیا جوغرافیایەک و نێوی پارێزگایەک نییە، بەڵکوو مێحوەرێکی فەرهەنگی و بەربڵاوە کە باشووری زاگرۆس لە خۆی دەگرێت و سنوور و ڕەمزی یەکگرتوویی کوردستانە. لە لایەکی دیکەشەوە و لە ئاستی دەرەوەی کوردستان واتە ئێرانیشدا، محوەرییەتی کرماشان چارەنووسسازە بۆ گەلی کورد و پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرانی سیستمێکی دێمۆکراتیک، ناوەند ناتوانێت بەئاسانی هەوڵی قەبزەکردنی دەسەڵات بدات، کە بەداخەوە لە وێژمانی بەشێک لە خەڵک و ئۆپوزیسیۆنی فارس بەردەوام باسی لێ دەکرێت کە ئەوانن دیاریی دەکەن کە دەسەڵات چۆن دابەش دەکرێت.

ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و نەبوونە مێحوەری کرماشان بووە هۆی ئەوەیکە نە تەنیا کورد بە ئامانجەکانی نەگات، بەڵکوو بە هەلی دابڕانی کرماشان و پیلانگێڕی ڕێژیمەوە خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار کرا و بە قەتیس مانەوەی لە هەندێک ناوچەدا لە فورمی کەلانەوە گەیشتە فورمێکی ناوچەیی.

کۆی ئەم باسە بۆ ئەوە بوو تا بگوترێ کە لە ئیستادا دەبێت بە پلانی تایبەت و وێژمانێکی کەلان و دیاریکردنی محوەرێکی سەرەکی بۆ ئێرانی پاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بین.



# چی نەکردن؟



کەریم پەرویزی

لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی تێزاری نەخۆش بوو و خۆپیشاندان و نارەزایی خەڵکی ڕووسیە بە گشتی ڕووی لە هەڵکشان بوو، لێنین کە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ڕووسیە بوو و ڕێبەری جەناحی بۆلشویک واتە ئەقەلییەت لەنێو ئەو حیزبە بوو، وتارێک و دواتر نامیلکەیەکی بەناوی "چی بکرێ؟"، بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە هەنگاوەکانی حیزب و بزووتنەوەی کرێکاری بۆ سەرکەوتن و ڕووخانی دەسەڵاتی تێزاری کردبوو. لەو نامیلکەیەدا بەکورتی سێ شتی سەرەکیی ڕوون کردبۆوە کە بریتین لە ڕوانینی سیاسی کە بە زمانی ئەو کات پێی دەگوت ئاژیتاسیۆنی سیاسی یان بە زمانی ئەمڕۆیی بڵێین ڕوانگە و دیمەنی سیاسی کە بۆ کوێ دەڕۆین. دووهەم پرس، دیاریکردنی ئەرکی تەشکیلاتی وەکوو خۆی دەیگوت خەباتکارانی حیرفەیی، و پرسی سێهەم ڕێکخستن و بەرنامە بۆداڕشتنی ئەو چینەی کە بەشداری شۆڕشە.

دوای نزیک بە سەد ساڵ بەسەر ئەو دۆخەی ئەوکاتی ڕووسیەدا، ئێستا ڕێژیمی خومەینی- خامنەیی، گەیشتۆتە وەها نوختەگۆڕانێک. ئێستە لە ملەیەکی زۆر توندی مێژووییدایە و کۆمەڵگە دەستی لە بینەقاقای دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی ناوە و بە دروشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەیەوێ، ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ بکا. دەسەڵاتی خامنەیی لە دوای ئەو هەموو ئاژاوەگێڕییە لە نێوخۆ و دەرەوە و ناوچەکە، ئێستە هەم نەخۆش و لارەملە و هەم چارەنووسی خۆی گرێ داوە بەو دڕۆنانەوە کە بە ڕووسیەی دەدا و خەڵکی ئۆکراینی پێ بێ ئاو و بێ کارەبا و بێ ژیان دەکا.

دەسەڵاتی نەخۆش لە سەرەمەرگدایە و خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ورە دەگرن و دەیانەوێ ئەم ماڵوێرانی و نەگبەتییە لە کۆڵی ئێران و ناوچە و جیهان بکەنەوە. ڕۆژانە هەواڵ و ڤیدیۆیی خۆپیشاندانی خەڵک و ڕاپەڕین لە کونج و قوژبنی جۆربەجۆری ئێرانەوە بڵاو دەبێتەوە و ئیتر لە قۆناخی ڕژانی ترسی خەڵک تێپەڕیوەو گەیشتۆتە قۆناخی ترسانی هێزەکانی ڕێژیم.

سروشتییە کە لەم دۆخەدا کە کەشوهەوای شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەر ئێراندا زاڵە و ڕۆژانە و شەوانە خەڵک هەناسەی ئەوە هەڵدەمژن تاکوو بزانن کەی بۆنی مزگێنیی ئازادی دەبیسن، هەر لایەک و هەر بیرکردنەوەیەکی سیاسی لە بیری ئەوەدا بێ کە بۆ ئێستا و سبەینێی ڕاپەڕین و درێژەدان بەم ڕاپەڕینە چی بکرێ؟

ئەوەی خاڵی گرنگ و بنەماییە، دۆزینەوەی دیمەنی سیاسی، یان ئەو خەونەیە کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی هان بدا یان قبووڵیان بێ و خۆی تێدا ببیننەوە. هەروەک لێنین دەیگوت، فاکتەری دیکە، ئەرکە تەشکیلاتییەکانە کە تێکۆشەرانی حیرفەیی دەبێ بەڕێوەی ببەن و خاڵی کۆتاییش ڕێکخستن و بەرنامەڕێژیی جەماوەری سەرشەقامە کە بە کات و بە شوێن و بە چین و بە توێژی جیاوە، لێیان ڕوون بێ کە هەرکەس چی بکا و چۆنی بکا.

بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا پێویستە ڕاوەستەیەک لە سەر هەندێ شت بکەین کە بریتییە لەو شتانەی کە ئەنجامدانیان خەساری هەیە و نەکردنیان باشترە. لە ڕاستیدا چیکردنەکان ڕەنگە زۆر کەس لێیان ڕوون بێ، بەڵام چی نەکردنەکان خاڵی گرنگن کە لە ئێستا دەبێ خۆیانی لێ بەدوور بگرین.

ڕەنگە جێی پرسیار بێت کە لە ڕەوڕەوەیەکی بەرەو پێشدا کە ڕاپەڕینێک ڕوو بە داهاتوو گرتوویەتە بەر، دەبێ باس لە داهاتوو و هەنگاوە کردەییەکان بکرێ و لە حاڵەتی بزاوتنی بەرەو پێشدا ئیدی ئەوەی کە زێهنت پێوەی خەریک دەبێ ڕۆیشتنە نەک بیرکردنەوە لە شتی دیکە و نەڕۆیشتن! بەڵام لە هەر قۆناخێکی شۆڕش و خەباتدا هەندێ کردەوە و هەندێ ڕۆیشتن و بەرەو لا ڕۆیشتن هەیە کە خەسارەت دەگەینێ و هێزت بەلاڕێدا دەبا و بیرت پەرتەوازە دەکا. هەندێ کردەوەش هەیە کە گەر وشیاری نەبێ و لە دۆخی هەستیاری جەماوەریدا ئەنجامی بدەی، بە قازانجی دوژمن تەواو دەبێ.

### ئەو شتانەی کە نەکرێن باشترە، چین؟

هەروەک لێنین لەو سێ خاڵەدا کورتی کردبۆوە کە چی بکرێ، پێویستە لە ئێستا دا باسی سێ خاڵی سەرەکی بکەین کە نەکردنەکان لەو خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە.

خاڵی یەکەم دیمەنی سیاسیی داهاتوو بریتی نەبێ لە وێناکردنەوەی دیمەنی ترسناکی ڕابردوو. ڕوونتری بکەینەوە، کۆمەڵگەی ئێران چۆن دەبینین؟ ئایا کۆمەڵگەیەکی یەکدەستە کە خەڵک هەمووی یان زۆرینەی هەرەزۆری یەک ڕەنگن و ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕووی داوە، تەنیا بریتی بووە لەوەی دەسەڵاتێکی نەزان و سەرەڕۆ لەسەرکار بووە؟ گەر وابێ ئیدی تەنیا باسکردن لەوەی کە دەسەڵاتی داهاتوو هەموو خەڵک وەکوو یەک دەبینێ و کەسانی زانا و پسپۆڕ بەکار دێنێ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەرپرسانی وڵات دیاری دەکرێن، وەڵامدەری پرسەکەیە و تەنیا هەوڵدان بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک لە وڵات هەبێ، گرفتەکان چارەسەر دەکا.

لە کاتێکدا گەر بە وردی چاو لە کۆمەڵگەی ئێران بکرێ، کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ و فرە پێکهاتەیە و تەنیا بە یەک ڕستەی سادە و ساکار وەڵامی هەموو نەهامەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نادرێتەوە. نەتەوە جیاوازەکان بە درێژایی سەدەی ڕابردوو ستەمیان لێ کراوە. دەسەڵاتی پاڵەوی و دەسەڵاتی خومەینی- خامنەیی، هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکانیان چەوساندۆتەوە. ئایا تەنیا هەڵبژاردنی ئازاد وەڵامی برینە قووڵەکانی ڕۆحی ئەم نەتەوانەیە؟

ژنان لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیدا وەکوو جێنسی دووهەمیش هەڵسوکەتیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکوو وەکوو کاڵایەکی بەردەست کە دەکرێ بەکار ببرێ و دوایەش بێ هیچ نرخێک فڕێ بدرێ چاویان لێ کراوە و سووکایەتی بە بوونیشیان کراوە. ئایا تەنیا ئازادکردنی حیجاب هەموو دەرد و ئازارەکانی ژنانن چارەسەر دەکا و ئیدی ژنان خۆشبەخت دەبن و بەختیاری بۆ کۆمەڵ دابین دەبێ؟ هەروەها پێکهاتەکانی دیکە و ئایین و ئایینزاکان و چین و توێژە جیاوازەکان و نەسڵە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز ستەمیان لێ کراوە و چەوسێندراونەتەوە و پەراوێز خراون. بە ڕستەیەکی سادە ناکرێ هەموویان تێراو بکرێن و سادەکردنەوەی ڕستەی داخوازییەکان، دووبارە ئەوەیان لا دروست دەکاتەوە کە خەریکن درۆیەکی دیکەیان لەگەڵدا دەکرێ و لەباتی دیمەنی دڵڕفێنی داهاتوو، فریوکارییەکی تاوانبارانەی ڕابردوویان وەبیر دەهێنرێتەوە. بۆیە نابێ ویست و داوا و ستەم و ئازارەکان سادە بکرێنەوە تاکوو کەسانێکی فێڵباز سواری شەپۆلەکان بن، دەبێ وەڵام و دیمەنی سیاسیی داهاتوو وەڵامی بۆ هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی فرە نەتەوە و فرە ڕەنگی ئێران پێ بێ و بەختەوەری و یەکسانی بۆ هەموو پێکهاتەکان بە دیاری بێنێ.

خاڵی گرنگی دیکە لە چی نەکردنەکان، بریتییە لە وەداوی پڕوپاگەندەی ڕێژیم نەکەوتنە. لەم دۆخەدا کە کۆمەڵگە بە هەموو لایەک هاوار دەکەن کە ئەم ڕێژیمەمان ناوێ، دیار و ڕوونە کە ڕێژیمیش هەست بە مەترسی دەکا و پەنا دەباتە بەر هەموو جۆرە سەرکوت و فرتوفێڵێک بۆ مانەوەی خۆی.

ڕێکارە فیزیکییەکانی بۆ سەرکوت دیارن و ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ ترساندن و زاڵکردنی دۆخی تۆقێنەر کردوویە، بەڵام تاکتیکە چەپەڵەکانی بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکانی ئێران، زۆر و ئاڵۆزن و دەبێ بە وشیارییەوە هەموو ئەو تاکتیکانەی لەقاو بدرێن.

لەقاودانی تاکتیکە فریوکارانەکانی ڕژیم زۆرن و پێویستیان بە وردبینی هەیە. هەر لە مووشەکباران کردنی بنکە و بنەماڵەکانی حیزبە کوردییەکانەوە بگرە تاکوو سووتاندنی زیندانی ئێڤین و تا کردەوەی نمایشیی شاچراغ لەو تاکتیکانەن کە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای خەڵک و ئاژاوەنانەوە و تەنانەت زەمینگیرکردنی هێزەکانی ئامادە لە گۆڕەپانی خەباتدا بەڕێوە بردووە.

یەکێک لەو تاکتیکانە دەتوانێ ئاژاوەخستنە نێو نەتەوە جیاوازەکان بێ، یان سووتاندنی بەسیجییەک و نیشاندانی ئەوەی کە خۆپیشاندەران لە مرۆڤایەتی بەدوورن یان دەکرێ ژنان وا تێ بگەیەنێ کە داخوازیی ئازدی تەنیا بۆ ئازادیی حەیوانییە وەک ئەوی ئاخوندێکی نوێنەری خامنەیی وای گوت؛ یان زۆر تاکتیکی دیکەی کە تەنیا و تەنیا بۆ ئاژاوەنانەوە و پەرتەوازەکردنی هێزەکان و بەگژیەکداکردنیان و بەلاڕێدابردنی ویستەکان و زەمینگیرکردنی هێزەکان بێ.

بۆ پاتەک یان ئیفشاکردنی ئەو تاکتیکانەی ڕێژیم، دەبێ یەک ئەسڵی سەرەکی لەبەر چاو بگیرێ کە لە هەر کردەوە و دەربڕینێکدا لەپێشدا لێی وردبینەوە و دوایە بزانین کە ئایا ڕژیم قازانجی تێدا دەکا و خەباتکاران خەساری تێدا دەبینن یا بەپێچەوانەکەی؟ هەر کردەوەیەک ورە و بڕوا بە خەباتکاران ببەخشێ ولە سەر ڕێگەی دروست و شۆڕشگێرانە بیانهێڵێتەوە بە قازانجە و هەر کردەوەیەک هێزەکانی ڕژیم قازانجی تێدا بکەن و هێزی خەبات بەلاڕێدا ببا مەترسیی لەداوکەوتنی تاکتیکەکانی ڕێژیمی لێ بە دی دەکرێ.

فاکتەری سێهەم بۆ ئەوەی چی نەکرێ. بریتیە لە قەتیس نەکردنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین چ لە نێو ئێران و چ لە دەرەوە. قەتیس نەکردنەوە بە چ مانایەک دێ؟ گەر چاو لە ڕووداوەکان و سەرهەڵدانەکانی خەڵک بکەین کە لە مێژوودا بەڕێوە چوون، هەر ڕاپەڕینێک لە نوختەیەکی جوغرافیایی بەرتەسکدا بەڕێوە چووبێ یان تەنیا توێژێکی گرتبێتەوە شانسی سەرکەوتنی کەم بووە. هەر ڕاپەڕینێکیش لە دەرەوەی جوغرافیا سیاسیەکەدا نەیتوانیبێ پشتیوان پەیدا بکا، یان سەرنەکەوتوە و یان بە هەزینەی یەکجار زۆرتر و درێژمەوداترەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

### بۆ ئەو دوو مەبەستە دەبێ دوو شت لەبەرچاو بگرین:

گەر دەمانەوێ لە نوختەیەکی جوغرافیاییدا بەرتەسک نەبێتەوە و بۆ وێنە تەنیا کورد تێیدا بەشدار نەبێ و تەنیا ژن و لاو نەبن، دەبێ پەیامێکی سیاسی و دیمەنێکی وەها و کردەوەیەکی وەهامان نیشان بدەین کە نوختەکانی دیکە بۆ نێو ڕاپەڕینەکە ڕابکێشین. ناکرێ بە سیاسەتی پەراوێزخستنەوە پێمان وابێ ئەوان وەدوامان دەکەون. ناکرێ چاوەڕوانیمان بێ کە سووکایەتی بە پێکهاتەیەک یان بەشێک بکەین و لەکاتی تەنگانەشدا وەفریامان بکەوێ! بۆیە دەبێ زمانی ڕاپەڕینمان زمانی ڕاکێشان بێ نەک دوورخستنەوە و کردەوەکان جۆرێ پێناسە بکەین کە خەڵی زۆرتر و بەشی زیاتر پەیوسەت بن.

لە ئاستی دەرەکیشدا دەبێ بەدوای پشتیواندا بگەڕێین و ئەرکی دیاسپۆرا و خەباتکارانی نێو گۆڕەپانەکە ئەوەیە کە ئەو پشتیوانیە بدۆزنەوە. نابێ کردەوە و وپەیامێکمان پێ بێ کە دونیای دەرەوەمان لێ بسڵەمێنتەوە و نابێ تەنیا لەگەڵ خۆمان قسە بکەین! ئێمە لە قسەی یەک حاڵین! گەر ناڕوونیەکیشمان هەبێ دوایە دەرەتانی تێگەیاندنی یەکترمان هەیە! ئێستە کاتی ئەوەیە کە ئەوانەی وا لە ئێمە تێناگەن ئەوان تێ بگەیەنین. تێگەیاندنیش زمانی سیاسی و تایبەتی خۆی هەیە.

# کوردستان ترپەی دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران





د. کامران ئەمین‌ئاوە

پرسی نەتەوەیی پرسێکی گرینگ لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی لە چەشنی ئێرانە. لە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی ئێران بەپێی باوەڕیان بە یەک نەتەوە یان ئومەتی ئیسلامی، نکۆڵییان لە فرەنەتەوەیی بوونی ئەم وڵاتە کردووە. ئەم ڕێژیمانە بە چەواشەکاری و بیانووی ناڕاستی وەکوو مەترسیی تێکچوونی یەکپارچەیی ئەرزیی وڵاتی ئێران، هەر لەجێدا ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ئەم کێشەیان بەربەست کردووە و، بە کەڵکوەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرکوتکردن، بزووتنەوەی نەتەوایەتییان بە تایبەتیی لە کوردستان، ئازەربایجان، خوزستان و بەلوچستان قەڵتوبڕ کردووە.

ئێستا ٤٣ ساڵ پاش دامەزرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەستپێکی کۆتایی حکوومەتی ئیسلامی هەر لەو کوردستانەیەوە سەرهەڵدەدات کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرکوتکردنی خوێناویی خەڵکەکەی، ژیانی سیاسی خۆی دەست پێ کرد. خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە بایکۆتی گشتپرسیی "کۆماری ئیسلامی ئەرێ یان نا؟" یەکپارچە "نا"یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامی‌گوت. دوو ڕێکخراوی [نوێنەری] سەرەکیی سیاسیی کورد -حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- هەر لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، خوازیاری دابەشینی دەسەڵات [سڕینەوەی ناوەندگەرێتی] و دابینکردنی ماقی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی"خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران" بوون. ئەگەر ئەم ویستە وەدی هاتبایە، بێ‌گومان ئەم ڕەوتە نەک کوردستان بەڵکوو تەواوی ناوچە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێرانیشی دەگرتەوە. قەبووڵی ئەم خاڵە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، بیویستبایە یان نا، بە مانای قەبووڵی دەسەڵاتی ناکۆجێیی بۆ گشت ئێران دەبوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وێڕای سەرکوتی بەردەوامی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لە قارنێ، قەڵاتان و ئیندرقاش، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد لە دادگای سەرپێی و بەندیخانەکانی ئێران، تێرۆری ڕێبەر، کادر و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان لە ئێران و دەرەوەی وڵات و هتد، هاوکات پاڵپشت بە سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوە و ئاغا بمێنەوە" و بە بەکاربردنی فێڵوتەڵەکە و تاوانبارکردنی ناڕاستی هێزە سیاسییەکانی کورد، هەوڵی دووبەرەکی‌نانەوە و جیایی‌خستنی لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، بە تایبەتی تورکە ئازەربایجانییەکانی دەدا. هەرچەند حکوومەتی ئێران لەم پێوەندییەدا بۆ ماوەیەکیش دەستکەوتی هەبوو، بەڵام بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ئێران کە بە ڕاپەڕینی قارەمانانەی خەڵکی سەقز لە خەرمانانی ئەمساڵ و، لە ڕێوڕەسمی ناشتنی نەمر ژینا [مەهسا] ئەمینی دەستی پێ کرد و، لەگەڵ پشتیوانیی تەواوی نەتەوە و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بەرەوڕوو بۆوە، لە یەک ڕۆژدا ڕیسەکەی کۆماری ئیسلامیی کردە خوری. یەکیەتی و هاودەنگی بێ‌هاوتای نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران پیشاندەری ئاستی بەرزی ئاگایی و تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک و هەرەسهێنانی سیاسەتە دووبەرەکی‌نانەوەی ڕێژیمی سیاسیی ئێرانە. ئەگەر بە هەر هۆیەکیش، ڕەوتی ڕووخاندنی ئەم ڕێژمە درێژە بکێشێ، ئیتر کۆماری ئیسلامی قەت ناتوانێ لەوە زۆرتر درز بخاتە نێو ڕیزی خەڵک. حوکمی مێژوو بەرەو پێش دەڕوا و خەڵکی یەکگرتووی ئێران درەنگ یان زوو کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە دەهێنێ و لە گۆڕستانی مێژووی دەپەستێون.

بێ‌گومان، پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێران و دەوڵەتی نوێ کاتیی بەرەوڕووی کێشەی دامەزراندنی سیستمێکی ناکۆجێیی [لامەرکەزی] دێموکراتیک دەبێتەوە کە دەبێ وڵامدەری نەک تەنیا مافی شارومەندی، بەڵکوو پرسی نەتەوەییش بێ. گەڵاڵەکردنی دروست و چارەسەرکردنی دێموکراتیکی ئەم پرسە، چارەنووسی کۆمەڵگەی داهاتووی ئێران و بە میلیۆن کەس دیاری دەکات کە هەر لە ئێستاوە ڕەنگدانەوەی ئاواتە دێرین، ڕەوا و ئینسانییەکانی خۆیانی تێدا دەبینن. بەڵام، پێداگریی دەسەڵات و نوێنەرانی سیاسیی ئێران لە داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی تەواوی پرسە هەڵپەسێرا و حاشالێکراوەکان و یەک لەوان پرسی نەتەوەیی بە دابینکردنی مافی شارومەندیی، ناتوانێ وەڵامدەری داخوازییە مێژووییەکانی کورد و نەتەوەکانی ستەملێکراوی ئێران بێ.

چارەسەرکردنی هەر پرسێک لە سەرەتادا پێویستیی بە دانان بە بوونی پرسەکە هەیە. بەگشتی، نەتەوە نافارسەکانی ئێران وەکو هەر ئێرانییەکی دیکە، وێڕای پێشێلکرانی مافە شارومەندییەکانیان لەلای حکوومەتی ناوەندییەوە ، بە دەست ستەمێکی دووهێندەیی و چەندقاتی دی، واتە نەتەوەیی دەچەوسێنەوە

خەڵکی ئێران، بێ لەبەرچاوگرتنی میللیەتیان ڕیزە داخوازییەکی هاوبەشیان هەیە، وەکوو ئازادیی چاپەمەنی و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان، یەکسانیی ژن و پیاو، مافی دەرس‌خوێندنی بە بەلاش، مافی بەربژێر بوون و هەڵبژاردن، کێشەی بێکاریی، خۆشبژیویی و هەبوونی ماڵ و هتد. بەڵام ستەمی نەتەوەیی، ستەمێکی دووقاتە و کەسێک تووشی ئەم هەڵاواردن و دووچاوەکییە نەبووبێ، ئەستەمە تێی بگات یان هەستی پێ بکات. هۆیەکەشی سادەیە، ستەمی نەتەوەیی و کاردانەوەی نەرێنیی ئەم چەوسانەوەیە قەت کێشەی و مەسەلەی ئەو نەبووە و نابێت. یەکێک لەم نموونە بەرچاوەکانی ستەمی دووقات، فێرکاری و خوێندنی منداڵان بە زمانی زگماکیی وەکوو پێکهێنەری شوناسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی ئەوان لە داهاتوودایە.

بۆ وێنە، ئەو منداڵە فارس‌زمانەی کە یەکەم هەنگاوی ئەزموونی فێرکاریی لە قوتابخانە بە زمانی زگماکی خۆیەتی، ناتوانێ لەو کێشەیە و، زەبر و ئازار ڕووحییە تێ بگات کە لە ڕەوانی منداڵی کورد، تورکی ئازەربایجانی، بەلووچ و هتد لە کاتی هەنگاونانی لە قوتابخانە دەدرێ. ئەو قەت بە هۆی جلوبەرگ و هەبوونی زاراوە لە کاتی قسەکردن بە فارسی، سووکایەتی پێ ناکرێ و، هەر لە کاتی منداڵییەوە وەکوو شارومەندی پلە ٢ لە ئێران هەڵسووکەوتی لەگەڵ ناکرێ. ئەو لەبەر زاراوە و هەڵە لە دەربڕینی وشەگەلی فارسی لەلایەن مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسییەوە سزا نادرێ و لەلایەن کەسانی دیکەوە گاڵتەی پێ ناکرێ. بێ‌گومان پانتایی ستەمی نەتەوەیی زۆر بەرفراوانتر لە مەسەلەی فێرکارییە و، ڕیشەی لە سیستمی حاکم بەسەر ئەو وڵاتە فرەنەتەوەییەوە هەیە کە نەتەوەی دەسەڵاتدار بۆ پاراستنی نیزام و زاڵبوونی بەسەر تەواوی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نێو کۆمەڵ، وێڕای دووچاوەکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە، بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوتیان دەکات.

مێژووی ئێران بەتایبەتی لە سەردەمی قاجارەوە هەتا ئێستا شایەتی سەرکوتکرانی هێزە ئازادیخوازە نافارسەکانی بەرهەڵستکار بە ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی و، لە کوردستان بە تایبەتییە. حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران هەمیشە بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی تەواویەتی ئەرزی ئێران و، هەڵبەستنی تاوانی ناڕاستی سەر بە بێگانەبوونی نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و نافارسەکانی دیکە، هەر چەشنە داخوازی و بانگی ئازادیخوازی ئەوانیان بە زەبری زۆر سەرکوت کردووە. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەم سەرکوتکردنانەش، خەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئێران نەک کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکوو بەهێزتر بووە و پەرەشی سەندوە.

ئەزموونی دوو سەدەی ڕابردوو پێشانی داوە نکۆڵی‌کردن لە ڕاستییەکی بڕاوە و، لەبەرچاونەگرتنی پرسی نەتەوەیی نەک یارمەتی بە چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە کۆمەڵگە نادات، بەڵکوو دەبێتە هۆی توندتر و ئاڵۆزتربوونی گیروگرفتەکە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر دابینکردنی مافی شارومەندیی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی تاکی ئێرانی بێ، ناتوانێ ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی واتە داخوازی کۆی نەتەوەیەکی چەوساوە بێ کە دەیەوێ وەکوو بەشێک لە وڵاتی پان و بەرینی ئێران مافی یەکسانی لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆی لە ئاستی میللی بە تایبەتی و، ئاستی ئێران بهگشتی بێ. نەتەوە و گەلانی پێکهێنەری ئێران وێڕای هەبوونی مێژوویەکی هاوبەش، هاوکات تایبەتمەندیی نەتەوەیی وەکوو وڵات، زمان، فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەییان هەیە و دەیانەوێ لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندا بەشدار لە کاروباری ناوچەی خۆیان بن و، بە هەبوونی مافی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سروشتی، لە وڵاتێکدا بژین کە بە دوور لە دەسەڵاتی تەنیا ناوەندێک و نکۆڵی‌کردن لە مافی پەراوێزییەکان بێ.

ئەو دەسەڵاتە تەسکەی نێو یاسای بنەڕەتیی ئێران کە لە سەردەمی مەشروتە بە ناوی "بنەمای ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان" بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان پەسەند کرا، لە ترسی تێکچوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەند قەت بە ئەیالەت و ویلایەتەکانی ئێران و قۆناخی بەڕێوەبردن نەگەیشت، بەڵام ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوو و فرەنەتەوییەکانی جیهان کە سیستمی فیدرالیزم یاخود کۆنفیدرالیزم زاڵە، بێ‌ئەوەی یەکپارچەیی ئەرزیی ئەوان خەوشدار بێ و تێکبچێ، نەتەوەکانیان لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی سیاسیی هاوبەشدا، بە چەشنێکی چالاک بەشدارن لە ژیان و کاروباری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆیان. نابێ لەبیر بچێتەوە کە یاسای بنەڕەتیی ئێران و یەکەم یاسای هەڵبژاردنی پەسەندکراو لە ساڵانی ١٢٨٦-١٢٨٥ هیجری (١٩٠٧-١٩٠٦ زایینی) کە جاروبار هێزە مەشروتە و سەڵتەنەت خوازەکانی ئێرانی وەکوو سەرچاوەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی "قەومی"ی ئاماژەی پێ دەکەن، بۆخۆی نیشانەی بەرچاوی ستەمی نەتەوەیی و هەبوونی سەرپشکی تایبەتی بەبۆنەی فارس و شیعەبوونە. بۆ وێنە لە نێوان ١٥٦ کورسی بۆ تەواوی نوێنەرانی ئێران لە مەجلیسی ئێران، ٦٠ کورسی بە تارانێک درابوو کە زۆرینەی دانیشتووانی فارس بوون. ئەمە لە حاڵێکدابوو، بە ئازەربایجان کە دانیشتووانی گەلێک زۆرتر لە تاران بوون تەنیا مافی ١٢ کورسی درابوو. بۆ کوردستان و...

درێژە بۆ ل ٨

## وێستگە

# مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردەوە

ئاسۆ مینبەری

مەرگ، هەمیشە یەکێک لە وێستگەکانی ژیان بووە کە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان لێوڕێژە لە پرسیار، پرسیارگەلی سەرسووڕهێنەر کە ڕەنگە زۆر جاریش ئاوێتەیەک لە ترس و نیگەرانی بن؛ چونکە لەو ڕووداوانەی ژیانە کە ڕەنگە کەمترین بایەخی پێ بدرێت و کەمترین زانیاریی ڕاستەقینەی لە سەر هەبێت، ڕووداوێک کە وەکوو ئەزموونێکی نەناسراو بۆ هەموو کەسێک ڕوو دەدات و تەنیا شێوازەکەی جیاوازە.

لە هەر باوەڕ و ئایین و کۆمەڵگەیەکیشدا بێگومان پێناسەکردنی مەرگ، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی پارامێترە جیاوازەکانی خۆی پێناسەی بۆ دەکات. لە کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە وەکوو ڕووداوێکی سروشتیی ژیان چاوی لێ بکرێت و بە کۆتایی‌هاتنی ژیان ناوی لێ ببردرێت، لە کۆمەڵگەیەکیشدا ڕەنگە وەکوو حەق و سەرەتای ژیانێکی دیکە ببیندرێت، بەڵام لە هەر هەموویاندا نەمانی فیزیکیی مرۆڤەکان و بەجێهێشتنی جیهانی ماددی خاڵی سەرەکییە. زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بە مردن پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ جیهان دەپچڕێت و ئەو بوونە لە جیهاندا بۆ هەمیشە دەسڕدرێتەوە.

بەڵام زۆرجار پێناسە و باوەڕ و بایەخەکانی کۆمەڵگە وا دەکەن کە هەندێک مەرگ جا بە هەر هۆکارێک بێت ببنە سەرەتا بۆ ژیانێکی دیکە، نەک ژیانێکی نوێ بۆ خودی ئەو تاکە، بەڵکوو ژیانێکی مەزن کە دەتوانێ مانای زۆر شت بگۆڕێ یان مانا و پێناسەی نوێ بۆ هەندێ شتی تر بێنێتە ئاراوە!

لەم گۆشەنیگایەوە ئەگەر لە مەرگی ژینا بڕوانین دەتوانین ڕێک ئەو پێناسەیەی بۆ بکەین کە توانیی گۆڕانێکی ئێجگار گەورە درووست بکات، مەرگێکی جیاواز بوو کە ڕەنگە ئەزموونەکەی بۆ ژینا قورس و پڕئازار بووبێ و لە هەمان کاتیشدا نەمانی ئازارێکی زۆر گەورەی بە بنەماڵە و دەوروبەرییەکانی گەیاندبێت، بەڵام توانیی ببێتە خاڵێکی دەسپێک، خاڵێک بۆ سەرەتایەکی نوێ، خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویەکی پڕ لە ترس و سڵکردنەوە لە داگیرکەردا کە ڕەنگە ڕووداوێکی تر نەیتوانیبا بەو ڕادەیە بزوێنەر بێ و کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست.

لە فەلسەفەی ژیاندا، مانەوە و هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەم مانەوەیە، پارامێتری سەرەکین، هەموو کردەوەیەک لەو پێناوەدا دێتە ئاراوە کە بتوانێ مانەوە و ژیان مسۆگەر بکات، بۆیە لە چوارچێوەی ژیانی شۆڕشگێرانەشدا هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە مردن لە پێناو ژیانی باشتر جێگای شانازییە، بۆیە زۆر بوون و هەن ئەو کەسانەی کە ئامادەن لەپێناو ژیانی باش و ئازادانەدا، گیان بسپێرن و هەموو گیانفیداییەک بکەن.

ژینا وەکوو هەموو کچەکانی ئەم نیشتمانە حەزی لە ژیان بوو و بە خواستی خۆی باوەشی بە مەرگدا نەکرد، بەڵام مەرگی ژینا توانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا، بە جۆرێک کە سەرەتا کوردستان و دواتر هەموو ئێران و دوای ئەوەش هەموو جیهانی بەنیسبەت دۆخی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو جوگرافیایەدا هەستیار کردەوە.

خاڵی گرینگ لە مەرگی تراژیکی ژینادا، هەستیارکردنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگە بوو، نەوەیەکی نوێ کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ساڵانێکی زۆر پارەی بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی تەرخان بوو، بە دژی خودی ئەو ڕێژیمە هاتە مەیدان و ئەمە کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە مەرگی ژینا، ژینایەک کە نموونەیەک لە هەزاران کەس لەو نەوەیە بوو، ژینایەک کە نوێنەری هەموو خواست و ویستەکانی نەوەیەکی ستەملێکراو بوو کە زۆر بێ‌پەنا و دڕندانە و بێ هیچ هۆکارێک بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم شەهید کرا.

پیرۆزبوونی ژیان و ئامادەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دانی گرانترین نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، لەم قۆناغەی دواییدا تەنیا یەک سەرەتای هەبوو، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵگە کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی فیزیکیی ژینا!

کاتێ لە سەر کێلی مەزاری ژینا نووسیان: ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز، پەیامێکیان بە گوێی جیهان گەیاند، ئەویش ئەو پەیامە گرینگە کە مردن کۆتایی نییە و هەندێ جار مەرگ جوانترین سەرەتا و دەسپێکە؛ مەرگی ژینا دەسپێکی شۆڕشێک بوو کە کۆماری تەمەن ١٦ ساڵی هێنایە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر و وای کرد کە کۆمار وا لە ژیان بڕوانێ کە لە هەر شتێک زیاتر ئازادیی خۆش بوێ! کەوایە ئەمە بەو مانایەیە کە ژیان مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە، چیدیکە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران نایانەوێ بە بێ ئازادی بژین هەر بۆیە ئامادەن لەم پێناوەدا، واتە لەپێناوی ژیاندا، بمرن!

مەرگی ژینا، لەو ڕووداوە گرینگانە بوو کە پاش تێپەڕبوونی ٥٠ ڕۆژ، دیسان برینەکەی تازەیە، بۆ ساڕێژکردنی ئەم برینەش هەر ڕۆژ لە شوێنێکی ئەم کوردستانە گیانفیداییەکی تر ئەکرێت و هەرجار و لە هەر سووچێکی ئەم نیشتمانە چیرۆکێکی تازە لە قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی تۆمار دەکرێت؛ ئێستا چیرۆکی ژیان ئەو چیرۆکە مێژووییەیە کە پێشەکییەکەی بە مەرگی ژینا تۆمار کرا و نێوەڕۆکەکەی پڕ بووە لە وێنەی لەبیرنەکراوی تێکۆشانی بوێرانەی گەل و بێ‌گومان کۆتاییەکەشی بەدەستی ئازادیخوازانی ئەم نیشتمانە بە براوەیی دەنووسرێتەوە.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

## شکۆی شەکانەوەی ئاڵای خەبات



## شەهید موزەفەر تابعی



برایم چووکەڵی

کاتێک گەلێکی بندەستە دەیهەوێ لە دیلی ڕزگاری بێت، قوربانییەکانی بە خوێنبایی سەرکەوتن دادەنێ و تارای سووری بەمرادنەگیشتووی لاوان، بەپێی نەریتی کۆن و لەمێژینە، وەکوو ئاڵای سووری خویناویی شۆڕش بە سەر گۆڕی شەهیداندا دەکێشێ و بەرەو پێشەوە دەڕوا. یەک لەو شەهیدانەی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەیی شەهید موزەفەر تابعی‌یە کە لە "هەگبەی شۆڕش و شاخ"ی ئەم ژمارەیەدا یادی دەکەینەوە.

شەهید موزەفەر تابعی لە گوندە خنجیلانەکەی "لۆنەکۆن" لە ناوچەی بێڵەوار لەدایک بوو. ئەویش وەک زۆربەی منداڵانی کورد هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئازار و مەینەتی و ئاواتەکانی نیشتمانەکەی ئاشنا بوو، هەتا گەورەتر دەبوو و توانای بیرکردنەوەی زیاتر پەل‌وپۆی دەهاویشت، پتر لە ڕاستییەکانی ژیانی وڵاتەکەی تێ‌دەگەیشت.

موزەفەر هەتا دیپلۆم درێژەی بە خوێندن دا و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی، ئەویش کە لاوێکی تازەپێگەیشتوو، لەسەر هەست و وریا بوو، پێی نایە گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە. لەگەڵ دەسپێکی شەڕفرۆشییەکانی ڕێژیمیشدا موزەفەر زوو تێگەیشت کە دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆنەپەرەستی و بەرگری لە دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی کوردستان چەک هەڵگرێ و ڕوو بکاتە بەرەکانی شەڕی ڕێژیمی ئیسلامی. بۆیە بەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی لەبەر کرد و شانی وەبەر ئەرک و بەرپرسایەتی دا.

ڕۆڵەی کوردی زەحمەتکێش و یاری بەوەفای هەژارانی ناوچەکانی سنە کە بە دنیایەک ئاواتەوە بۆ داهاتووی دەڕوانی، زۆر زوو لەنێو هاوسەنگەرانی‌دا جێگای خۆی کردەوە. مزەفەر پێشمەرگەیەکی بەئەخلاق و لەبەردڵان و لە شەڕەکانیشدا ئازا و بەدەستوبرد بوو. قارەمانەتییەکەی لە شەوی نەورۆزی ٥٩ی شاری سنەدا وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دیموکراتدا، جێی خۆی کردەوە و موزەفەری گەیاندە فەرماندەری لک. ئەو لەو بەرپرسایەتییەشدا هەموو وزە و توانایی و پسپۆڕیی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەرکە حیزبییەکان بەکار هێنا. شەهید موزەفەر بەوپەڕی بیروباوەڕ و ئیمانەوە ئامادەی فیداکاری بوو. باش لە ئوسوولەکانی حیزبی گەیشتبوو و وەک فەرماندەیەکی نموونە و بەنەزم چاوی لێ‌دەکرا. لە چالاکییەکدا لەنێو شاری سنە و لە شەڕێکی سەختدا هەر چوار دەوری موزەفەر گیرا و بە تەواوی کەوتە گەمارۆی دوژمنەوە. هەرچەند لەو شەڕەدا کەوتە بەر پرپیشکی نارنجۆک و برینداریش بوو، بەڵام بێ‌ئەوەی ورە بەربدا و لە بەرانبەر دوژمندا بەچۆک دابێ بە ئیمانێکی قایم و ورەیەکی بەرزەوە گەمارۆی پاسدارە دژی گەلییەکانی تێک شکاند.

دڵسۆزی، قارەمانەتی و ژیریی سیاسیی بوونە هۆی ئەوەی شەهید موزەفەر وەک جێگری هێزی شەهید شەریف‌زادە دیاری بکرێ و تا کاتی شەهیدبوونی لەو ئەرکەشدا ڕووسور هاتە دەر.

ڕۆژی ٢٧ هەتا ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ ناوچەی لەیلاخی سنە، گۆڕەپانی حەماسە و هەڵمەتی دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەریف‌زادە بوو کە جوامێرانە و ئازایانە لەبەرانبەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا، سەنگەری دیفاع لە بوون و مانی نەتەوەکەیان ڕاگرت، و تا دوا فیشەک و دوا دڵۆپی خوێن و دوا هەناسەی ژیانیان، لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان شەڕیان کرد و کۆڵنەدان و بەچۆک دانەهاتنیان وەک وانەیەک بۆ هاوسەنگەرانیان تۆمار کرد.

لەو سێ ڕۆژەدا هێزێکی لە ئەژمارنەهاتووی ڕێژیمی ئیسلامی بە پشتیوانیی تانک و تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا، لە هەموو لایەکەوە بە خەیاڵی خۆیان بە مەبەستی تەفروتونا کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، دڕندانە پەلاماری ناوچەی "ڕمشت و میراوە"ی دا. دوژمن هەموو ڕێگاکانی لە پێشمەرگە گرتبوو و هیچ بوارێکی دەربازبوونی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دیموکرات دوو ڕێگای لەبەر بوو، یا تەسلیم بوون یان مەرگی سەربەرزانە، بۆیە وەک هەمیشە ڕێگای دووهەمیان هەڵبژارد و بەڵێنیان دا بە شانازییەوە گیانی خۆیان فیدا بکەن، بەڵام لە بەرانبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن. پاش ئەو بەڵێنییە بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی دوژمن دەست بەکار بوون. لەو شەڕەدا کە بە بەشداریی چەندین فەرماندەی قارەمانی وەک سەروان ئیقباڵ کەریم‌نژاد کرا، پێشمەرگەکان بە چڕی هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و چەندین کوژراویان پێ بەجێ هێشتن.

ناوچەی "ڕەمشت و میراوە" ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەباری و نوقمی گڕ و دووکەڵ بوو. لە هەموو لایەک گرمەی تۆپ و قریشکەی بی‌کەی‌سی، هاژەی کاتیوشا و لوورەی خۆمپارە دەنگی دەدایەوە و شاخ و پێدەشتی دەدڕی و بەرەو سەنگەری ڕۆڵەکانی دیموکرات دەچوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە کە قەت لە ئاور و ئاسنی دوژمن نەترساوە، هەر بەرەو سەنگەری دوژمن پێشڕەوییان دەکرد.

سەرئەنجام پاش سێ ڕۆژ شەڕی دەستەویەخە و سەنگەر بە سەنگەر، سێ ڕۆژ حەماسە خوڵقێنی و قارەمانەتی‌نواندن بە فەرماندەریی موزەفەر تابعی و سەروان ئیقباڵ کەریم‌نژاد گەمارۆی دوژمن تێک شکێندرا. لە ماوەی ٣ ڕۆژ شەڕدا بەداخەوە سینگی پڕ لە ورە و غیرەتی فەرماندەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان موزەفەر تابعی لە گەڵ ١٥ هاوسەنگەری دیکەی کە بەشێکیان فەرماندە بوون، کەوتنە بەر گوللەی دوژمنی کۆنەپەرەستی و تێکەڵ بە کاروانی بە خوێن سووری شەهیدان بوون.

ئەوان شەهید بوون، بەڵام ڕێبوارانی ئەو کاروانە و قوتابییانی ئەو شەهیدانە هەر ئێستاکە ئاگریان لەسەر پشتی دوژمن کردۆتەوە و هەتا سەرکەوتنی یەکجاری هەدا نادەن.

# کورد، بوونە نەک فۆرم



کەیوان درروودی

هۆی خستنەڕووی ئەم بابەتە، سەرلێشێواویی ئەوانی تر بۆ لەقاڵبدانی کورد و ناپوختەییی بەشێک لە کوردە کە لە دەلاقەی بەدەر لە خۆی، سەیری بوونی دەکات. لای نووسەری ئەم دێڕانە، کورد تەنیا هەقیقەتێکی زاتییە؛ واتە نە نکۆڵی هەڵدەگرێت و نە ئەوەندە بەردەستە کە بیخەیتە چوارچێوەی ئایدئۆلۆژییەکەوە. ئەوەی زۆرتر حاشا لە کورد بکات، زیاتر گیرۆدەی هێزی هەقیقەتی کوردە و ئەوەی دەیخاتە نێو ئایدئۆلۆژی و ڕێکخراوەوە، تەنیا پەرژین بەدەور خۆیدا ئەکێشێت.

وەک لەو ڕۆژانە دەیبینین، هەموو پێکهاتەکانی نێو ئێران، هەر یەکە و بە جۆرێک ئەم وزە و گڕوتینەی کورد لێک ئەداتەوە. بەشێک لەوانەی سەرسامن، ئەم مەیلە بۆ ئازادی وەکوو هەوڵێکی هەڕەشەئامێز بۆ سەر خۆیان دەبینن، بەشێکی تر، دەرفەتێک بۆ "ئێرانی یەکپارچە"! کەچی کورد نە هەڕەشەی کردووە و نە هیچ کاتێک پێی ناوەتە ماڵی ئەوی تر، لە هەمان کاتدا پێملی ڕێسای هێزی پەتی (زۆرداری)ی دەوڵەت نەبووە تا بە بیانووی پاراستنی یەکپارچە پێداگری لەسەر بوونی خۆی و فرەیی بەگشتی نەکات. نە خۆی بەرانبەر بە کەسێک دەناسێنێت و ڕێگە ئەدات کەسێک بەو جۆرە پێی خۆشە یان پێی باشە بیناسێنێت، نە بەشداریی دەسەڵاتە و نە پشکی لە داهات دەوێت. هاوکات نە ڕووی دەسەڵاتخوازیی پێوە دیارە و نە داوای ئاوێتەبوونی بە سیستەمی ئابووری دەکات. ئەم دینامیزمە، تەنیا لە خۆبوونی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت. جۆرێک لە ڕوحی گشتی کە مەیلی سەردەستبوون (زاڵیەتی) پێ نییە و ژێردەستبوون (کۆیلەیی) بە شوورەیی دەزانێت.

هەر ئەمەش کوردی کردووە بە چەقی ڕووداوەکان، لە کاتێکدا، بە هیچ شێوازێک ناکرێت ئەم دیاردە بە داڕێژراو بزانین. کورد بە هیچ جۆرێک پلانێکی بۆ ئەوە نەبووە هەمووان لە پەراوێزی خۆی کۆ بکاتەوە، کەچی بێ کورد، ئەوانی تر مەیلی پەرتەوازەییان زاڵترە تاکوو خواستی پێکەوەبوونیان.

ئەوە ئەویترە کە پێی ناوەتە خاکی کورد، کەچی دەرکەوتنی بوونی هەقیقەتی کورد وای لێ دەکات، بکەوێتە پەلەقاژەی دوورخستنەوەی کورد لە خۆی. ئەمە بە ڕێسا باوەکانی دیاردەناسی لێک نادرێتەوە، کە چۆنە کورد لە خۆیدا تەبایی دەوێت، هەمووانیش بە ناوی تەبایی دەدوێن، بەڵام تێگەیشتنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فۆرماڵیان بۆ ئەو تەباییە پێیە. با هەر باسی ئورمیە بکەین، تا لەم هێزی هەقیقەتە بگەین.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا شەهید و بریندار و گیراوانی کورد لەو شارە ئەو ڕاستییەی درخست کە لەوێ بوونی کورد خۆی دەنوێنێت و بەوەشەوە کە دەزانین ئەوانەی دەستیان لە گرتن، کوشتن و ئەشکەنجەی کورد لەو شارە هەیە، بە زۆری هەر لە تۆرەمەی ئەوانەن کە دژی کورد هەڵوێست دەگرن، کەچی ئەم شوورەیییە لە خۆیان دوور ئەکەنەوە. بەڵام سەیر دەکەین کە کورد ناپەڕژێتە سەر ئەوەی تاوانباران کێن، چونکە لە بنەڕەتەوە بەلایەوە گرینگ نییە کێن! ئەو تەنیا خۆی دەردەخات و ئەوانی تر بە شاراوە چەکی بەرانبەر ڕادەکێشن و بەئاشکرا چاوی لێ سوور دەکەنەوە! ئەی چی وا دەکات بە پشتیوانیی هێزی نێوخۆی ئەو وڵاتە و پشتگیریی دو وڵاتی تر، هێشتا ئەوان کورد بە مەترسی بزانن؟! سەیر نییە کە کوردی بێ‌دەوڵەت، ئەوی تر بە هەڕەشە نازانێت، کەچی ئەوان لە دەستی بەتاڵی کورد تووشی هیستریا ئەبن! و تەنانەت بەشێک لە کوردەکان بێ ئەوەی بیر بکەنەوە و لە قاڵبی فۆرمە باوە ئایدئۆلۆژیک و ڕێکخراوەیییەکاندا، باوەش بۆ مەیلی هێرشبەرانەی ئەوی تر ئەکەنەوە!

لێرەوە پێویستە ئەمانەی بەناوی پێکەوەژیان، خەریکن دەست بە ڕووی کوردەوە دەنێن، بیژین؛ کامە کورد گوتوویە تورک دەسرمەوە؟ بۆچی ناوهێنانی ئورمیە بە ئازەربایجان بەئاسایی وەردەگرن، کەچی لەلایەکی ترەوە ناوهێنانی بە کوردستان، گرێ دەدەن بە ڕێکخراو و ئایدئۆلۆژیی "سەرەڕۆیانە"وە! ئاخۆ باوەڕیان بە سنووردانانی تاران هەیە کە کوردستانی خستووەتە نێو چوارچێوەی پارێزگای سنەوە؟! جا ئەگەر وایە خۆ دەبێت دەست لە کرماشانیش هەڵگرن، ئەی بۆ دەستی لێ هەڵناگرن؟ بەدڵنیاییەوە کورد بێ ئەوەی مەیلی گرژی و بەریەککەوتنی تێدا بێت، لە بوونی کورد لە ئورمیە پاشەکشە ناکات، چونکە هەقیقەت پێڕەوی لە یاسای هێز ناکات. وەکوو خۆر چۆن هەر دەبێت هەڵبێ و گرینگ نییە، ئاسمان وەشت بێت یان ساماڵ، سەرما بێت یان گەرما، هەر تیشکی ڕۆشنایی خۆی دەرئەخات، کوردیش بێ ئەوە بۆ بەزاندنی ئەوی تر هەنگاو هەڵبگرێت، ڕووگەی خۆی کە دەرکەوتنی بوونییە بەر نادات.



کێیە نەزانێت، دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی و تورکی و سووریەی و عێراقی، بە زێڕی ڕەش (نەوت) خۆی لەسەر پێ ڕاگرتووە؟! ئەگەر ئەو داهاتە لە خەزێنەداریی وڵاتانەوە نەڕژێتە گیرفانیان و بەوەش هێزی سەرکوت دروست نەکەن، کوا پێیان دەکرێت درێژە بەم فۆرمە هەنووکەییە بدەن؟ هێزی ئەوان لە زۆرداری و هێزی کورد لە هەقیقەت‌دایە. وەک چۆن کەسی بێتاوان بێباکە لەوەی بەهۆی یاسای نادروستەوە تووشی تۆمەت بێت، کوردیش هیچ ترسێکی لەوە نییە کە لەبەر پێداگری لەخۆی لە بەرانبەر فراوانخوازیدا، قسەی هەڵبەستراوی وەپاڵ بخرێ. چونکە بە وردی لە خۆی دڵنیاییە و دەزانێت سنووری تۆمەت و تاوان چییە.

جا بۆیە هەرکات مرۆڤی تۆمەتبار لە خۆی دڵنیا نەبوو و لە یاسا (کە هێز دروستی دەکات) ترسا، ئەوە دیارە ملی بۆ ئەو یاسا ڕاکێشاوە و تووشی سزاش دەبێت. بەڵام ئەوەی ململانێی هێزی ڕەت کردووەتەوە، یان تووشی تاوان نابێت، یان ئەگەریش بەتاوانبار ناسێندرا، ئەوە دڵنیایە یاساکە نارەوایە نەک کردەوەی خۆی.

ئەوە کورد نییە کە دەستی داوەتە ناساندن و دابەزاندنی بوونی ئەوی تر، بەڵکوو ئەوە ئەوانن لە سەدان دامەزراوەی نیزامی، سیاسی، ئابووری و .. بەکار دێنن تاکوو بوونی مێژوویی کورد لێژ بدەنەوە نێو دەفری دەوڵەت-نەتەوەی سەد ساڵەوە. بە دیوێکی تردا ئەوە کێشەی کورد نییە کە دەرکەوتنی بە سادەیی، ڕاستەوخۆ مەترسیی لەسەر فۆرمی ساختەی هێز دروست دەکات، ئەوە زۆرداریییە کە دەبێت مل بۆ هێزی هەقیقەت ڕابکێشێت! هەر بۆیە لێرەدا پێویستە دووپاتی بکەینەوە، کورد بوونێکە کە بەرگەی فرەڕەنگی و فرەلایەنی دەگرێت، بۆیە دەست نابات بۆ ناسنامە و سنووری ئەوی تر و ئەوە ئەوانن دیواری بوونیان لەسەر کورد هەڵچنیوە و بەر لەوەی خۆیان بناسێنن، بەوپەڕی ترس و لەرزەوە چاویان لەسەر کوردە، بەشکم بە ملدان بەهێز و هەڕەشە، ئەو کەلاوە بن‌لەق و لە ڕواڵەتدا ڕازاوەیە هەڵنەتێکێنێت و لە بوونی خۆی پاشەکشە بکات.

ئەگەر ئەمریکا لەسەر تەرمی سوورپێستەکان بونیاد نرا، وڵاتانی باکووری ئافریقا بە ناسنامەی ساختەوە، حاشا لە بوونی ئامازیغی دەکەن. ئەگەر چین هەمان هەنگاو دژی تەببەتییەکان هەڵدەگرێت و دەنگێکی بەهێز ئەو ڕاستییە نادرکێنێت، ئەوە دەنگی کورد شەپۆلێکی دژەستەمە کە بێ ئەوەی خۆی وشیارانە بڕواتە پێش، سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە و کۆی ئەم نەزمە داسەپاوە لە چوارچێوەی ئەزەلی-ئەبەدی و بێ کەموکورتی بۆ حاڵەتی ڕاستەقینەی خۆی کە فۆرمێکی ساختەی هێزە دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر ئەم هێزی هەقیقەتە ئەوەندە پێشخانی دەوڵەمەند و قووڵی هەیە، کەواتە دەبێت بەدەمیەوە بچین و بەجێی ئەوەی لە دەلاقەیەکی تەسکەوە و لە دوورەوە سەیری بکەین، لە نزیکەوە ڕێگە بدەین ڕەوایەتی خۆی، وەک ئەوەی هەیە، بگێڕێت.

◆ درێژەی

## کوردستان ترپە دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران

هەمەدان ٦ کورسی و، خوزستان، لوڕستان و بروجێردیش لەسەریەک ٦ کورسی درابوو.

مافی بەربژێربوونیش تەنیا بە کەسێک دەدرا کە شارەزای زمانی فارسی بایە. هەروەها لەو یاسا بنەڕەتییە و، یاساکانی دوایی ئێران ئایینی شیعە، هەمیشە وەکو ئایینی فەرمی ئێران پێناسە کراوە و، تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەنیا کەسێک مافی سەرۆک کۆماربوونی هەیە کە شیعە بێت.

نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە تەواوی بوارەکانی ژیان وەکوو وەبەرهێنان و گەشەکردنی دامەزراوە و پیشەسازییە ئابوورییەکان تا دامەزرانی قوتابخانە و زانکۆ، هەروەها گرنگیدان بە زمانی زگماکی و هتد بەر تیغی دووچاوەکی کەوتوون. ستەمی نەتەوەیی و هەڵاوارنی سیستماتیکی ڕێژیمەکانی قاجار، پەهلەوی و ئیسلامیی ئێران هەمیشە لەگەڵ خۆڕاگری و خەباتی نەتەوەکانی ستەملێکراو بەرەوڕوو بوونەتەوە و نوێنەرە سیاسییەکانی ئەوان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، ئازادی و مافی بەشداری لە چارەنووسی خۆیان و ئێرانێکی بهدوور لە ستەمی نەتەوایەتی خەباتیان کردووە و، قوربانیی زۆریان داوە. بێ‌گومان قەبووڵی ڕەنگاڵەیی کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران و تەیارکردنی بارودۆخی شیاو بۆ ژیانی خۆویستانەی نەتەوەکان پێکهێنەری بەستێنی شیاو بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تەواوی ناوچەکانی ئێران و بەشداریی خەڵکی ئەو ناوچانە بە هەر میللیەت و ئایینێکەوە لەم ڕەوتە بێ. ئەم دیاردەیە تەنیا لە وڵاتێک دەرفەتی سەرهەڵدانی هەیە کە ناکۆجێی [لامەرکەزی] و دێموکراتیک بێ.

نەمر پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوەڵین سەرۆک‌کۆماری کوردستان نزیک بە ٨ دەیە لەوەپێش، لە یەکێک لە نوتقەکانی خۆی لە جۆزەردانی ١٣٢٥دا وێرای باسکردن لە ژیانی نەتەوەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سوئیس، دەبێژێ "ئەگەر بیتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ، چە مانعێک هەیە ئەوی لە ئێرانیدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری".


ئەم وتانەی پێشەوا قازی محەممەد هەڵگری پەیامێکی تایبەت و ڕوونە. هەر کاتێک دەوڵەتی ناوەندی پابەند بە دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران بێت، ئەوان دەتوانن لە چوارچێوەی یەکێک لە سیستمە ناناوەندییەکان وەک فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزم بە هەبوونی مافی یەکسان بژین، بەڵام بێ‌گومان پێداگریی دەوڵەتی ناوەندی بۆ درێژەپێدان بە سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی گەلان، جیایی و دووربوونەوەی ئەوانی لە ناوەند لێ دەکەوێتەوە. نەبوونی بەستێنی پێویست بۆ ژیانێکی خۆویستانە و بەشداریی نەتەوەکانی ئێران بە مافی بەرامبەر لە دەسەڵات و، دابەش‌نەکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی وڵاتی پان و بەرینی ئێران، هەروەها نەبوونی سازوکاری دێموکراتیک بۆ کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەند لەلایەن نوێنەری نەتەوە و چین و توێژکانی خەڵک، ڕێ بۆ جووڵانەوە سەربەخۆییخوازیەکانی گەلانی ژێر ستەم وەکوو مافێکی ڕەوای ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکاتەوە. ئەوانەی بە درێژەدان بە سیاسەتی ستەمی نەتەوەیی دەیانەوێ وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران بەرێوە بەرن، لە ڕاستیدا ڕێگا بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتە ئامادە دەکەن.

لەم پێوەندییەدا پێویستە لە ئەزموونی ڕابردوو بۆ سازکردنی ئێرانێکی نوێ کەڵک وەربگیرێ کە تەواوی نەتەوە ستەملێکراوەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وەدیهاتنی ئاواتە نەتەوەیی، چینایەتی و جنسیەتی خۆیان تێدا ببینن.

نکۆڵی‌کردن لە کێشەی نەتەوەیی و چارەسەرنەکردنی دێموکراتیکی، ڕێگا بۆ درێژەپێدان بە گیروگرفتە نەتەوایەتییەکان لە داهاتوودا دەکاتەوە.

# زانکۆکانی من


ڕەزا دانشجوو



ماکسیم گۆرکی، نووسەری شۆڕشگێڕ و بەناوبانگ، دامەزرێنەری ڕیئالیزمی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی ڕووسیدا، یەکێکە لە نووسەرە کاریگەرەکانی مێژووی ئەدەب نەک تەنیا لە ڕووسیە، بەڵکوو لە جیهاندا. ڕوانینی قووڵ و ڕەخنەگرانەی گۆرکی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ئەوەی لەڕاستیدا لەژێر پێستی شاردا ڕوو دەدات، وێنەیەکی تەواو باوەڕپێکراو لە خۆی و کتێبەکانی دەخاتە ڕوو. بەبێ گوێدان بە مەکتەبی بیرکردنە گۆرکی، کە ڕەگ و ڕیشەی لە سۆسیالیزمی کرێکاری و خەباتی چینی خوارەوە دژ بە ڕووسیەی ژێردەسەڵاتی تزارەکاندایە، نووسینەکانی گۆرکی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەیە و بە جۆرێک ژیان لە خودی ڕووداوەکاندایە.

"زانکۆکانی من" بەرهەمێکی ماکسیم گۆرکییە کە دەرئەنجامی ئەزموونەکانی ئەو لە تەمەنی گەنجیدایە، ماکسیم گۆرکیی گەنج کە بە هیوای خوێندن لە زانکۆ دەچێتە "کازان"، بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە خوێندنەکەی بە نیوەتەواو بەجێ دەهێڵێت و ناچارە دەبێت وەک کرێکارێک کار بکات. ئەوەی گۆرکی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لەنێو خەڵک و لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر و لە دۆخی جیاوازدا فێر دەبێت، لەلای گۆرکیی گەنج گەورەترین زانکۆیە. لە ڕاستیدا ئەم جارە دوور لە ڕێکارە ئاساییەکانی فێربوون لە زانکۆ، گۆرکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەزموونی مرۆڤەوە فێر دەبێت، ئەم جارە ئامرازی فێربوون وەشانێکی کۆپیکراوی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو فێربوون دیتنی ڕاستییەکانە لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شار. وەک نموونەیەک، لە گێڕانەوەی هەژاری و بێبەشیی ئەو خێزانەی کە لە سەرەتای هاتنی بۆ "کازان"، گۆرکی لە گەڵیاندا دەژی، دەنووسێت: "پیرەژن ناچار بوو سکی منداڵەکانی کە هەموو بەیانییەک بەبێ بیرکردنەوە داوای نانیان لێ دەکرد، هەڵبخەڵەتێنێت. هەر بیرکردنەوەیەک، بە شێوەیەکی سروشتی هەر پارووە نانێک کە لەلایەن ئەم خێزانەوە پێم دەدرا، کێشی وەک بەردێک لە سکمدا بوو، هەربۆیە هەموو بەیانیەک زوو بە بیانووی دۆزینەوەی کار لە ماڵەوە دەهاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی نانی بەیانی لەگەڵیان هاوبەش نەبم!".

بەڵێ، گۆرکی بەباشی تێ گەیشت کە هەندێک جار مرۆڤ ناتوانێت ڕاستییەکان نە لە کتێبدا بدۆزرێتەوە و نە لە زانکۆکاندا، بەڵکوو ڕاستییەکان لەنێو شەقامەکاندا دەژین، هەندێک جار توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەکان ناتوانان لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان، تەنها بە چەند ژمارە و ڕەقەم یان گریمانەیەکی ئەگەری قەناعەت دەکەن. هەندێک جار ڕەوتی پێشهاتەکان ئەوەندە خێرا دەڕوات کە کات بۆ شیکردنەوەی ئەکادیمی ناهێڵێتەوە، هەندێک جار شەقام خودی زانکۆیە.

شۆڕشی ژینا کە بە کوشتنی کچێکی بێتاوان لەلایەن حکوومەتەوە دەستی پێ کرد، ئێستا نە تەنیا جوغرافیای ئێران، بەڵکوو جیهانی داگیر کردووە. شۆڕشێک کە خاوەنەکانی ئەوەندە هەمەچەشن و فراوانن کە جگە لە شەقامەکان هیچ شوێنێکی تر نییە بۆ تێگەیشتن لێی. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ڕەنگ و جیاوازییە. شۆڕشی ئەو ئازار و دەردەیە کە ساڵانێکە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهـ بەسەر خەڵکدا سەپاندوویەتی. ئەو ئازار و دەردانەی کە هێندە گەشەیان کردووە کە کچێکی تەمەن ١٥-١٦ ساڵیان کردووە بە ڕەخنەگری سیاسی، ئەو کچانەی ئێستا باس لە مافی هەڵبژاردن دەکەن و گەندەڵی و هەڵاواردن مەحکووم دەکەن!

ئێستە بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەی فەلسەفەی سیاسیی "هانا ئارێنت" یان خود بۆچوونە شۆڕشگێڕەکانی "کارل مارکس" یارمەتیدەر نابێت بۆ شیکردنەوەی شۆڕشی ژینا و ئەوەی لە شەقامەکان ڕوو ئەدات. بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشی ژینا، پێویستە گوێ لە قسەی قوتابییانی قوتابخانەکان و زانکۆکان بگرێت، دەبێت گوێبیستی ژان و ئازاری دەیان ساڵەی کرێکارانی "نیشکر هفت تپه" بیت. بۆ شیکردنەوەی ترس، پێویستی بە تێئۆرییە دەروونییەکانی "شۆپنهاوەر" نییە، مانای ترس دەبێت لەو کەسانە بپرسیت کە بە ئاگایانە بەرەوپیری گوللە و مردن دەڕۆن، ئەم ئازار و دەردانە بە فێرکارییەکانی مەسیح دەرمان ناکرن، پێویستە لە دایکی ژینا بپرسیت مانای ئازار و ژان، لە دایکی سارینا، لە "دایکانی خەزەڵوەر" و هەموو ئەو دایکانەی کە تا هەمیشە دڵبریندارن. ئیتر خوێندنەوەی نووسراوەیەکی فێمینیستی لەلایەن چەند کەسێک لە کۆبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی ژن وەڵامی ڕاستی ئەم ڕۆژانە نییە، ئێستە لە سەردەمی پێوەندییە بێسنوورەکان و میدیا لە ڕێگەی بیستن و بینینەوە کچان فێر بوون کە بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانیان لە جیاتی قسەکردن و دەرکردنی چەند نوسراوە، ڕەفتار بکەن. ئەوان بە ئاگادارییەوە ڕۆیشتوون بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەموو نۆرمەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، ڕەنگە تەنانەت ناوی "کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە دژی ژنان"یان نەبیستبێت. ئەو نەوە ئازایەی کە لە جیاتی قسەکردن فێری کردار بوون، دەزانین دەبێت بە زمانێکی جیاواز لەگەڵ دیکتاتۆر قسە بکەی. بەڵێ شۆڕشی ژینا زانکۆیەکی تەواوە، زانکۆیەک کە تێدا وشیاری تەنیا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی یان فیکرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە.

بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ ئەوەی کە ئێستە کچانی بوێری شەقامەکان بەدوایدا دەگەڕێن، دووبارە پێناسەکردنەوەی ژنان وەک هاندەرێکی نایاب و بەهێزی کۆمەڵگەیە بۆ گەیشتن بە کەرامتی مرۆڤایەتی، بەبێ گوێدان بە ڕەگەز و هەر فاکتەرێکی جیاکەرەوە. لەم زانکۆیەدا دەتوانیت هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی شتێکی تازە بیت، جووڵانەوەیەکی نوێ، کردەوەیەکی چاوەڕواننەکراو، داهێنانێک بۆ پێشکەوتن. بەڵێ، هەموو ڕۆژێک دەتوانیت چەکێک بدۆزیتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆر. شەقام پڕە لەم کەسانەی کە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دیکتاتۆریان دۆزیوەتەوە، ڕێگەیەک کە نە لە نووسراوە زانستییەکان و نە لە هیچ زانکۆیەکدا ئاماژەی پێ نەکراوە، ڕێگەیەک کە ئاکامی ژیانی چەندین ساڵە لەگەڵ ئازار و ژان و جیاکارییەوە، لە شۆڕشی ژینا، ژن ڕەگەزی بەرانبەر نییە، ژن وتەبێژی یەکسانی و پێکەوەبوونە. لێرەدا ژیان بە هەموو دژواری و ئازارەکانییەوە بەردەوامە، ئیتر ئازادی تەنیا چەمکێکی فەلسەفی و سیاسی بۆ نووسین و خوێندنەوە نییە، ئازادی درێژکراوەی ژن و ژیانە، سێ وانەی ڕزگاری و پێکەوەبوون.

ئەمە شەقام نییە، ئەمە زانکۆیە، زانکۆیەکی بێسنوور بۆ فێربوون و دووپاتکردەوەی ڕاستییەکان.

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە


مستەفا سەبزی

مستەفا سەبزی خەڵکی ماکۆ، یەکێکی دیکە لە زیندانییانی سیاسیی کوردە کە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی و لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا، لە یەکێک لە گوندەکانی دەورووبەری ماکۆ لەلایەن هێزەکانی حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کرا.

مستەفا بۆ ماوەی دوو مانگ لە گرتنگەکانی حیفازەت ئیتلاعاتی شاری ورمێ لەژێر لێپرسینەوەدا بوو، پاشان بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە گوازرایەوە و دواتر لەلایەن لقی دووی دادگای شۆڕشی ورمێوە بە تۆمەتی "ئەندامەتی لە حیزبی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)" سزای ١٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. مستەفا و پارێزەرەکەی تانەیان لەو حوکمە دا، بەڵام ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگاشدا وەک خۆی پشتڕاست کرایەوە.

مستەفا سەبزی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە لە زیندانە دەستەملانی زۆر ئازار، ئەشکەنجە و مەینەتی بووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەندی زیندانییانی تاوانە مەترسیدارەکاندا ڕاگیراوە. ئەو لەو سۆنگەیەوە لە ٢٢ بەفرانباری ساڵی ١٣٩٤دا بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە ڕێگریی بەرپرسانی زیندان لە گواستنەوەی بۆ بەندی تاوانبارانی سیاسی مانی لە خواردن گرت. بەرپرسانی زیندان سەرەڕای بایەخنەدان بە داواکەی، ئەوەندەی دیکەش ئازار و ئەشکەنجەیان دا و بۆ سللوولی ئینفرادییان ڕاگواست. دواجار ١٣ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٥ هەتاوی لە بەندی زنیدانیان تاوانە ئاساییەکان لەلایەن چەند زیندانی بە چەقۆ هێرشی کرایە سەر و بەتوندی بریندار بوو.

مستەفا ڕۆژی ١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٨ بۆ جاری دوویەم، بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە دژایەتیی دەفتەری بەڕێوەبردنی حوکمەکان لە دادگای شۆڕشی ورمێ لەسەر گواستنەوەی بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ماکۆ کە زێدی خۆیەتی، مانی لە خواردن گرت. پێداگریی ئەو لە مانگرتنەکەی بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا و لە ٢٥مین ڕۆژی مانگرتنەکەیدا لە هۆش بچێت و بۆ بێهداریی زیندان بەڕێ بکرێت. پاش گەڕاندنەوەی مستەفا لە بێهدارییەوە بۆ زیندان، بەرپرسی زیندانی ورمێ لە پێوەندییەکی تەلەفوونیدا هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد بێتوو واز لە مانگرتنەکەی نەهێنێ؛ بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی کوردستان دوور دەخرێتەوە.

مستەفا لە کۆتاییەکانی خەرمانانی ئەو ساڵەدا (١٣٩٨) بە دانی وادە و بەڵێنی بەرپرسانی زیندان لەسەر پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا. بەڵام پاش ئەوەی دەفتەری بەڕێوەبەریی حوکمەکانی دادگای شۆڕشی ورمێ هیچ گرینگییەکی بە داواکەی نەدا، دیسانەکەش مانی گرتەوە و لە ئاکامدا ڕۆژی ٧ی سەرماوەزی هەمان ساڵ ڕێگە درا بۆ زیندانی ناوەندی شاری ماکۆ بگوازرێتەوە. کەچی پاش دوو ڕۆژ (٩ی سەرماوەز) ئەمجارەیان بەرپرسانی زیندان بوون کە ڕێگەیان لەو جێبەجێبوونی ئەو بڕیارە گرت و سەرباری ئەوە بۆ قەرنتینەی زیندانیان ڕاگواست.

پێداگریی مستەفا لەسەر گواستنەوەی بۆ زیندانی ماکۆ و مانگرتنە بەردەوامەکانی هەتا ساڵی دواتریش هەبوو. مستەفا ساڵی ١٣٩٩ پاش ئەوەی براکەی بەهۆی پەتای کۆڕۆناوە گیانی لە دەست دا، بنەماڵەکەی بۆ بەشداریی ئەو لە ناشتن و پرسەی براکەی بارمتەیەکی یەک میلیارد تمەنی دادەنێن، کەچی ئەمجارەش ئەو مافەشی بەهۆی ڕێگریی قازی چاوەدێر و بەرپرسانی زنیدان پێشێل کرا و ئەوەش بووە هۆی دیسان مانگرتنی ناوبراو. دواجار مستەفا ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی پاش ٧ ساڵ مانەوە لە زیندان لەژێر ئازار و جەزرەبەدا، بۆ چەند ڕۆژێک نێردرایە مەرەخەسی.

ئەو زیندانییە سیاسییە کە لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا تەمەنی ١٨ ساڵ بووە، لە هەشتەمین ساڵی بەندکرانیدا داوای کەمکردنەوەی سزاکەی بەپێی گەڵاڵەی دوو فەورییەتیی کەمکردنەوەی تاوانەکانی تەعزیری کرد. ئەو داوایە پاش بەدواداچوونی زۆری پارێزەرەکەی بەپێی گەڵاڵەی کەمکردنەوەی سزای تەعزیری، بۆ ١٠ ساڵ و ١ ڕۆژ زیندانیی تەعزیری کەم کراوەتەوە.

بێبەشبوونی مستەفا سەبزی و زیندانییانی سیاسیی دیکەی کورد لە مافەکانیان لە حاڵێکدایە کە ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی سیاسیی پێناسە نەکردوە و زیندانیانی سیاسیی کورد هەمووی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دەگیرێن و حوکم دەدرێن. پێناسەنەکردنی «تاوانی سیاسی» لەو وڵاتە دەستیان بۆ ناوەندە ئەمنییەتیەکان ئاوەڵا کردووە بۆ ئەوەی چی نەیار و دژبەر و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن هەیە لەو وڵاتەدا، تاوان «هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی وڵات»یان بدرێتە پاڵ و؛ سزای قورسیان لەو سۆنگەیەدا بەسەردا بسەپێندرێ. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی دەمکوت دەکا و ڕاپێچی سووچی زیندانیان دەکا، هەم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵراوی دێ و دەڵێ وڵاتەکەی تاقە یەک زیندانیی سیاسیی نییە!


لە کوردستان ئەو دۆخە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکەیە، واتە تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ قورسترە. وەک چۆن بۆ کاری وەک یەک، سزای وەک یەک نییە و چالاکی سیاسی هەیە لە کوردستان بە تاوانی! ڕوماڵکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بەڵام هەر هەمان کار لە تاران سزاکەی ٦ مانگ بووە. ئەوە جیا لەوەی لە هەموو ئەو ساڵانەدا کوردستان لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە سەر زیندانیانی سیاسیدا پشکی شێری بەرکەوتوە، هەروەها لە ڕووی سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوەی ٢٥ ساڵ زیندان تا زیندانی هەتاهەتایی.

لەو سۆنگەیەوە ئەرکی پشتیوانی لە خەڵکانی ئازادیخوازی ئێران و بەتایبەت پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی ئەرکێکی گشتگیر و جیهانییە و پێویستە هەموو ئازادیخوازان و هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان گوشار بۆ ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بێنن و دەنگی بێبەشیی زیندانیانی سیاسی بن.

**ئا: دیاکۆ دانا**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی "یوو ئێن پی ئۆ"





لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە د. ئاسۆ حەسەنزادە و مەندانە کاکەیی لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی گەلانی بێدەوڵەت واتە "یوو ئێن پی ئۆ" کە لە شاری "ستراسبۆرگی" فەرانسە و لە ناوەندێکی سەر بە شوڕای ئوروووپادا بەڕێوە چوو، بەشدار بوون.

بەشی یەکەمی کارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ باس و گفتوگۆ لەبارەی بارودۆخی گەلانی ئەندام لەو ڕێکخراوەدا تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا هاوڕێیانی حیزبی دێموکرات وێڕای ئاماژە بە دۆخی ئێستای نێوخۆی ئێران و ڕاپەڕینی گەلانی ئەو وڵاتە دژی کۆماری ئیسلامی، بە وردی ئاماژەیان بە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرکوتی توندتری ئەو ڕێژیمە بە دژی گەلی کورد کرد.

ئەوان هەروەها وێڕای سپاس و پێزانین لە "یوو ئێن پی ئۆ" سەبارەت بە هەڵوێستەکانی تا ئێستای بۆ پشتیوانی لە خەباتی کورد لە ئێران بەتایبەتی ئەو هەنگاوانەی لە پاش قەتڵی حکوومەتیی "ژینا ئەمینی"یەوە هەڵیناوەتەوە، جەختیان لەسەر پێویستیی کار و هەنگاوی زیاتر بۆ وەدەنگهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزراوە پێوەندییدارەکان لە بەرامبەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خۆپێشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیو لە ئێران، بەتایبەتی گەلانی ژێردەستەی ئەو وڵاتە کرد و کۆمەڵێک ڕێکار و پێشنیاریان خستە ڕوو.

لە بڕگەکانی دواتری کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی گەلانی بێدەوڵەتدا ڕاپۆرتی کاری شەش مانگی ڕابردووی ئەو ڕێکخراوە لەلایەن "ڕالف بانچە" سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەوە خرایە بەر باس.

دواتر پرسەکانی پێوەندییدار بە ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەکە و پرۆژەکانی پەروەردەی دیپلۆماسی و دەستڕاگەیشتنی چالاکانانی سەر بە گەلانی بێدەوڵەت بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و وەرگرتنی ئەندامانی نوێ، ڕاوێژ و گفتوگۆیان لەسەر کرا. هەروەها دامەزراندنی کۆمیتەیەکی تایبەت بە لاوانی گەلانی بێدەوڵەت و بەشدارکردنی ڕێکخراوەکانی لاوانی سەر بە لایەنەکانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەو ڕێکخراوەدا، بڕیاری لەسەر درا.

# ژن، فەلسەفەی ئازادیی وڵات

**ئاکام ڕۆژهەڵات**

مادام ڕەهەندی سەرەکیی تێکۆشان بۆ ئازادی بە ژن و پرسی ژنەوە دەستی پێ کردووە، دەتوانین لە هەموو بوارێکەوە بە چاوی ئەرێنی و خۆشبینانە سەیری بکەین. ئەگەر بەردەوام ژن ناوەند و چەقی پرۆسەکە بێت، ئیتر لە ڕەوتی چالاکییەکاندا بێجگە لەوەی وێسمان و ڕاوەستان ڕوو نادات بەڵکوو دووپاتەکاری و هەڵە و خەسارەکان کەم و کەمتر دەبێتەوە.

هۆکارەکانی تەندروستیی ئەو ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی ئێستە ئەوەیە کە ڕەگەزێک لە گۆڕەپاندا نییە و ڕەگەزێکی دیکە سەیری بکات، بەڵکوو ژنان و پیاوان وەکوو یەک بەشدارن و هەروەها هەتا کۆتایی و پاشان بەردەوامکردنی ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان، ژنان شەریک و هاوبەشی پیاوان دەبن.

ئەگەر بزاڤ و بیرۆکە و فەلسەفەیەکی سیاسی لە قۆناغەکانی دووهەم و سێهەمدا ژنان بهێننە ناو پرۆسەی کار و تێکۆشانەوە، ئەوە لەوێدا پیاو ئەسڵ و ژن فەرعە و هەروەها بۆشاییی ڕەگەزایەتی بە هەموو شێوازێک بۆ هەمیشە لە ئارادا دەبێت. شکۆدان بە ژن و گەورە و بەڕێزکردنی، چەندە پێوەندی بە پیاوانەوە هەیە، ئەوەندەش ژنان بۆ خۆیان ڕۆڵیان هەیە؛ واتە ژنانی خۆبەکەمزان و تەمبەڵ، نەک ئاستی شکۆ و هەیمەنەیان لە بەرانبەر ڕەگەزی نێرینەدا دادەبەزێت، بەڵکوو دەبنە داردەست و هۆکاری ڕابواردنی پیاوان.

ئەگەر بۆ یەکجار ژنان پلە و شکۆی ڕاستەقینەی خۆیان بە دەست بێنن ئەوە بۆ هەمیشە لە دەستی نادەن، چونکە بەردەوام و نەوە بۆ نەوە پەروەردە و ڕاهێنانەکان درێژە دەکێشێت و سەقامگیری و ئاشتەوایی ڕەگەزی دابین دەبێت. بیرۆکەی ئازاد و لیبراڵی فمێنیستی وەک بەربڵاوترین و ڕێکخراوترین ڕەوتی ژنانە لە جیهاندا بەدوور لە هەر چەترێکی ئایدۆلۆژیکی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە و نەشەدایە، ئەو ڕەوتە لە کوردستان و ئێراندا بەپێی هەلومەرج و واقیعی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هتد، بە شێوەی خۆڕسک و تەندروست لە کوردستانەوە دایک بوو. پشتیوانیی پیاوان لەو بیرۆکە و بزاڤە، هەم بوو بە مایەی دڵگەرمیی ژنان و هەم ئاستی وشیاری و پاڵپشتیی پیاوانی نیشان دا.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی هیواداربوون بەو ڕاپەڕینە ئەوەیە کە ژنان بەشێکن لە بزاڤ و ڕێکخستنەکان و چەندە پیاوان قورساییان لەسەر شانە ژنانیش ڕاستەوخۆ، بگرە زیاتر زەخت و ئەرکیان لەسەر ئەستۆیە و بە کردەوە لە گۆڕەپاندان. ئەو تایبەتمەندییە پۆزەتیڤە هۆکارێکە بۆ بەلارێدانەچوون و چەواشەنەبوونی ڕاپەڕینی سەرانسەری. دەرەتان و گۆڕەپاندان بە ژن لە مێژووی ئێراندا ئەوەندەی ڕاپەڕینی ئەم جارە ڕاستەقینە و بێخەوش نەبووە، چونکە لەلایەن پیاوان و ئایدئۆلۆژیایەکی تایبەتەوە شرۆڤە و نەخشەڕێگە بۆ ژن دیاری نەکراوە، بەڵکوو چەخماخەکە سەرەتا لە هەناوی ژنەوە دەست پێ کرد و بێگومانیش بۆ هەتاهەتایە پاشگەزبوونەوە و گەڕانەوەی نییە. دەیان ساڵ مێژووی چالاکی سیاسی و فەرهەنگی چەپ و لائیک لە سەردەمی شا و حیزبی توودەدا نەیتوانی چین و بەرەیەکی ژنانە پەروەردە بکەن کە لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا بۆ ماوەیەکی کورت لە شەقامەکاندا لە دژی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا مانۆڕ و خۆپیشاندان بکەن.

گرینگی و بایەخی پرسی ژن دەکرێت لەنێو پرسە ستراتیژیک و هەرە بەربڵاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا خوێندنەوە و حەسابی بۆ بکرێت.

ئەوەی پێوەندی بە پرسی ژن و ڕاپەڕینی نێوخۆی ئەم جارەی کوردستان و ئێرانەوە بێت، ئەوەندە جێگە تێڕامان و سەرنجە کە بێجگە لەوەی کە بووەتە ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات، سەرسوڕمانی جیهانی لێ کەوتووەتەوە. بێ هیچ دەمارگرژییەکی سیاسی دەبێ بوترێت کە ئەگەر ڕووداوی کوشتنی ژینا لەنێو شارێکی دیکەی دەرەوەی کوردستاندا بوایە، بێگومان ئەو دەنگدانەوە و هەرایەی لێ نەدەکەوتەوە. کوردستان بە هۆی پێشینەی سیاسیی ڕەسەن و دیموکراتیکەوە، هەلومەرجی بۆ هەموو سەرهەڵدان و بزاڤ و ڕێکخستنێک ئامادەیە. سروشتی کوردستان سروشتێکە کە خۆی یارمەتییدەری هەموو ڕەوتێکی دێموکراتیکە. لەمێژە کوردستان بە هۆی جوگرافیا سروشتییەکەیەوە بەبێ جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، ژنانی لەنێو پرۆسەی ژیاندا وەکوو پیاوان بەشدار کردووە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ژن، هەم مایەی ژیان بووە و هەم سیمبۆلی ئازادی. هەرێمی زاگرۆس ئەزموونی دەسەڵاتداریی دەیان ئایین و مەزهەب و شاخەی ڕەسەن و نارەسەنی بە خۆیەوە دیوە و خەڵکەکەی بە ژن و پیاوەوە لەنێو کوانووی مێژوودا برژاوە.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دەبێت بە حورمەتی ژینای کوردەوە بۆ [ژن، ژینا، ئازادی] بگۆڕدرێت. وشەی ژینا لە زمانی کوردیدا مانای نوێبوونەوە و نۆژەنبوونەوەی ژیان ئەدات و تۆمارکردنی ئەو دروشمە بۆ ژنی کورد، هەم لە ئاستی جیهاندا و هەم بۆ مێژوو بایەخێکی نەبڕاوەی مەعنەویی دەبێت. قامووسی ژنی کورد دەوڵەمەندە بە سەدان شانازی و ڕووداوی وەک مەرگی ژینا، هەر بۆیە ژنی کورد دەبێت هەوڵ بدات ڕۆژبەڕۆژ شکۆ و مەزنایەتیی خۆی بەردەوام لە لووتکەدا بهێڵێتەوە.

هیچ فەلسەفەیەکی فمێنیستی لەو چەند دەیەی دواییانەدا نەیتوانیوە بەو شێوەیە کۆمەڵگەی ژنان لە ئاستی جیهانیدا بخرۆشێنێت و یەکڕیزیان بکات. فەلسەفەی فمێنیستیی ژنی کورد لەسەر بنەمایەکی ئازاد و دێموکراتیک پێی گرتووە و هیچ ئایدئۆلۆژی و بیرۆکەیەکی پیاوڕەهەند و دەرەکی ناتوانێت نە بەلاڕێیدا ببات و نە ژێردەستەی بکات. کۆتا وتە ئەوەیە کە ئاسۆی ڕزگاریی ئازادی وڵات ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕین لە دەستی ژنانی، بوێر، کوردپەروەر و ڕووناکبیردایە.

# ژن، ژینا، ئازادی... .

# ئازایەتیی بێوچانی خۆپێشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای ڕۆژاوایە

**سی ئێن ئێن– فریدا غیتیس**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

چل ڕۆژ دوای کوژرانی مەهسا ئەمینی دوای گیرانی لەلایەن گەشتی خۆتێهەڵقوتێنەری ئێرشادی ئێرانەوە، ئەو خۆپیشاندانەی مردنی ناوبراو چەخماخەکەی لێدا، بەربڵاوتر، سەرکێشانەتر و بڕوابەخۆتر بووە. ئەوان هەروەها ئەرکی ئەخلاقیی دنیایان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر قورستر کردووە.

لە شاری شوێنی لە دایکبوونی ئەمینی، سەقز، شوێنی ناشتنی ئەو کچە ٢٢ ساڵەیە، هەزاران کەس سەرپێچییان لە پۆلیس کرد و کۆ بوونەوە تا ڕۆژێکی گرینگ لە پرۆسەی ماتەمینەکەدا تۆمار بکەن، ئەگەرچی هێزە ئەمنییەتییەکان گوللە و گازی فرمێسکڕێژیان پێوە دەنان. هەروەها خۆپیشاندان لە ژمارەیەک شاری دیکەش بەڕێوە چوون: لە ئیسفەهان، ژنان بە بڕوابەخۆبوونەوە لەچکەی ڕەشیان هەڵدەسووراند و هاواریان دەکرد "ئازادی، ئازادی!". لە شیراز ژنی لاو بە متمانەوە بە پیادەڕۆیەکانی شاردا بە سەری ڕووت دەگەڕان و پرچەکانیان بە شنەی با دەشەکایەوە کە ئەمە پێشێلکردنی یاسای ئێرانییە. لە ئامۆل، شوێنێک کە کاربەدەستان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و لێیان کوشتن، ژن و پیاوی بەبێ چەک ڕاستەوخۆ بەرەو هێزی ئەمنیەتی چەکدار دەڕۆیشتن، چۆکیان دادەدا، دەستەکانیان بەرز دەکردەوە و ڕایاندەگەیاند ئامادەن لەپێناو مافەکانیاندا بمرن.

لە کاتێکدا کوژرانی ئەمینی بۆتە چەخماخەی ئەو سەرهەڵدانە، ئەوە لەچکەی زۆرملێ، یان حیجابە کە بۆتە سیمبۆلەکەی، چونکە تێکهەڵچوونەکەی دەگەڵ گەشتی ئێرشاد بۆ ژمارەیەکی زۆر ژن ئاشنا بوو. ئەو مانگی ڕابردوو کاتێک لە شاری خۆیەوە لە ناوچە کوردییەکانی ئێران بە سەردان چوبوو بۆ تاران، بە بیانووی دانەپۆشینی خۆی بە شێوەی گونجاو، سووکایەتییەک کە ژنانی ئێرانی بەردەوام لەبەر پێشێلکردنی بچووکی یاسای حیجاب بەرەوڕووی دەبنەوە، دەستبەسەر کرا. دواتر کاربەدەستان ئیدیعایان کرد ئەمینی، کاتێک لە "ناوەندێکی ڕاهێنانەوە" بوو لەبەر نەخۆشی مردووە. بنەماڵەکەی دەڵێن ئەو تەندروستییەکی بێخەوشی هەبوو.

لە حەوتووەکانی دوای ئەو ڕووداوەوە، ڕێژیم سەدان خۆپیشاندەری ئاشتیخوازی کوشتووە، لە نێویاندا ڕێژەیەکی زۆر منداڵ و لەپێش هەموانەوە ژنی لاو. یەکێک لەو هەرزەکارانەی بوێرییەکەی و کوژرانەکەی بۆتە هۆی هاواری خۆپیشاندانەکان نیکا شاکەرەمی-یە، کیژێکی ١٦ ساڵە کە مانگی ڕابردوو دوای ڕاوەشاندنی لەچکەکەی لە خۆپیشاندانێکی تاران و پاشان ئاگرتێبەردانی لەچکەیەک لەبەر چاوی تاقمێکی بچووک، بێ سەرو شوێن بوو.

دواتر نیکا بە مردوویی دۆزرایەوە. ئەگەرچی مێدیاکانی دەوڵەتی ئێران ئیدیعایان کردووە مردنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە خۆپیشاندنەکانەوە نەبووە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سی ئێن ئێن، گرتەیەکی ڤیدیۆیی و شایەتیی کەسێک ئاشکرای دەکەن ئەو دوای خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەسیجی لیباس شەخسییەوە، هێزی ئەمنیەتی کە ڕێژیم کەڵکی لێ وەردەگرێ تا خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات، ڕاوەدوو نراوە.

شایەتحاڵان بە سی ئێن ئێنیان گوت ئەوان ئەو شەوی دوای خۆپیشاندانەکان نیکایان لەنێو تاقمی خۆپیشاندەراندا دیتووە کە دەستبەسەر کراوە. ئەوە دوایین جار بوو کە ناوبراو دیتراوە، چەند ڕۆژ بەر لەوە جەستەی ئەشکەنجە کراوەکەی بدرێتەوە بنەماڵە تازیەبارەکەی. ئێستا دایکی نیکاش دەچێتە خۆپیشاندانەکان.

بوێریی ئێرانییان، لاو و بەساڵداچوو، کە هەموو شتێکیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئەگەری ئازادی، بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی چاودێرانی بیانییە. بە وەبیرهێنانەوەی سەرهەڵدانە ناسەرکەوتووەکانی پێشوو، زۆریان دەلیلیان دەهێناوە کە هێزی ئەو یەکەیان، بە هاواری "ژن، ژیان، ئازادی،" کەمێک لە تراویلکەی مەحکووم بە شکستی سۆشیال مێدیا بەهێزترە.

بەڵام نارەزایەتییەکان بەردەوامن. دوای حەوت حەوتوو، ئەوان لە سەرجەم سەرهەڵدانەکانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کە ڕێژیمی پەهلەویی ڕووخاند و بووە هۆی هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئایینیی هەنووکەیی، بەردەوامتر بوون و ئەو نارەزایەتییانە لە ئەوانی پێشووتر جیاوازن. لە ٢٠٠٩، جووڵانەوەی سەوز پشتیوانیی لە کاندیدایەکی ڕیفۆرمخواز دەکرد. لە ٢٠١٩، خۆپیشاندەران باسی مەرجە دژوارەکانی ئابوورییان دەکرد. ئەمجارە، ژنان و ئەو پیاوانەی تێکەڵیان بوون هاوار دەکەن، "مردن بۆ دیکتاتۆر." ئەوە پرسی ڕیفۆرم نییە. ئەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە.

با ڕووڕاست بین. لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانەوە، ئەوە ئیلهامدەر، بەڵام هاوکات ترسێنەر بووە چاوی لێ بکەی. ئێمە نەماندەزانی کۆماری ئیسلامی توانایی ئەنجامدانی چ کارهایەکی هەیە. ئێمە بۆ سەلامەتیی ئەو خەڵکە ئازایە بەپەرۆشین و، هاندانیان نابەرپرسانە دێتە بەرچاو. هەر چۆنێک بێ شانسی سەرکەوتنیان زۆر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هەڵیانبژاردووە درێژە بە خەباتیان بدەن. ئەوان شایانی هاوپشتیی ئێمەن.

وەک تاقمێکی ١٢ کەسیی وەزیرانی ژنی کاروباری دەرەوە لە لێدوانێکدا لە ٢٦ی ئۆکتۆبر ڕایانگەیاند، "ئێمە ئەرکی ئەخلاقیمان هەیە" پشتیوانی لەو جووڵانەوە بە ڕێبەریی ژنان بکەین. بەڵام خەڵکی خوازیاری ئازادیی لە ئێران پێویستییان بە شتێکی زۆرتر لە پشتگیریی سیمبۆلیک هەیە، ئەگەرچی سیمبۆلیش گرینگە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژاوایی هەمیشە لە پشتگیریی خۆپیشاندەرانی ئێرانی نیگەران بوون، چونکە ڕێژیم هەر ئێستا ئەوانەی دژایەتی دەکەن ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ ئەوانە دەسکیسی ڕۆژاوان.

بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما ئیزنی دا نیگەرانییەکی ئەوتۆ پێشی بە وەڵامدانەوە لە کاتی نارەزایەتییەکانی ٢٠٠٩ بگرێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەوڵ دەدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی ئەو هەڵەیە ببوێرێ. هەر ئێستا، واشینگتۆن چەند جار پشتگیریی خۆی بۆ جووڵانەوەی ئەمجارە دەربڕیوە. ڕۆژی چوارشەممە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئابلۆقەی نوێی دژی ئەو ئێرانییانەی لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانەوە تێوەگلاون ڕاگەیاند.

ئەوە دەستپێکێکی باشە. هەر کاربەدەستێکی ڕێژیم، میلیشیای بەسیج، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران، کە دەستیان لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا هەبووە دەبێ پێشیان پێ بگیرێت بێنە نێو خاکی ئەمریکا. وڵاتانی دیکەش دەبێ ئەو هەڵوێستە بگرنە بەر.

بەڵام دەکرێ زۆر کاری دیکەش بکرێن. ئەو حەوتوویە ئاڵمان ڕایگەیاند، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە، چیدیکە ناتوانن "وەک نە بای هاتبێ و نە باران" دەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکەن، بۆیە وەڵامێکی بەربەرینی دیپلۆماتیک دەداتەوە کە پێداچوونەوە بە پەیوەندییە بازرگانی و دارایی دوولایەنە، پشتگیریی لە ڕێکخراوە ناحوکوومییەکانی چاودێری تاوانەکانی دژی خۆپیشاندەران و پەرەپێدان بە پارێزگاریی لە "ئەو ئێرانییانەی ئەگەری زەرەرمەندبوونیان لە سەرێیە،" لەگەڵ هەوڵی دیکە، دەگرێتە خۆ.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەی، دێموکراسییەکان لە سەرانسەری دنیا و هەر وڵاتێک کە دژی ئاکارەکانی ڕێژیمن دەبێ یەک بگرن تا ئێران لە ڕوانگەی دیپلۆماتیکەوە تەریک بخەنەوە.

پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان دەبێ درێژەیان هەبێ، بەڵام تا ئەوکاتەی ئێران خۆپیشاندەران دەکووژێ، پەیوەندییەکان دەبێ لە ئاستێکی نزمدا بن. هەروەها ئێران دەبێ لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی ژنان وەدەر بنرێ، چونکی بوونی ئەو لەوێدا گاڵتەجاڕییە.

ئەوسا دەگاتە پرسی وەلانانی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، بەرجام، کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵی زیندووکردنەوەیدا بووە. هەنووکە، دانوستانەکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە، کە بەمەبەستی وەدوا خستنی توانایی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی دارێژراوە، بۆیە ڕاوەستاون چونکە ئێران بەردەوام مەرجەکان زیاتر دەکات. وەزیری کاروباری دەروە، ئانتۆنی بلینکەن گوتوویەتی ئەو چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ بەرجام لە "داهاتوویەکی نزیکدا" ناکات. لێدوانێکی ئەوتۆ بەو مانایەیە کە هەوڵی ژیاندنەوەکەی بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەیانهەوێ پێش بە ئێران بگرن تا دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات، ئەوە شتێکە کە ناکرێ بخرێتە ژێر پرسیار. بەڵام دەستپێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەتوانێ سەدان میلیارد دۆلار بداتە ڕێژیمێک کە هەنووکە خۆپیشاندەری ئاشتیخواز دەکووژێ، ڕووسیە بە درۆنی کوشندە تەیار دەکات کە بۆ کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی ئۆکراین کەڵکیان لێ وەردەگرێت و درێژە بە پشتیوانیی لە تاقمی تێرۆریست لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدا.

لانی کەم، ئاقڵانەبوونی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی دەبێ دیسان هەڵسەنگێندرێتەوە.

ئازایەتیی بێوچانی ژنانی ئێرانی، خەڵکی ئێران، تاقیکارییەکی بەوەختە بۆ باقی دنیا. ئەوان شایانی شتی زۆرتر لەوەن کە تا ئێستا پێیان دراوە.

# چلەیەک بۆ کۆتایی



سەلیم حەقیقی

ئێستاش هەر ئەو ڕۆژەیە کاتێک لە تاران سەفەرێک بوو بۆ ناسینەوە ژوانێکی پڕ دهۆ وەک یەکەم ڕۆژی وانیار، دانیشتنێک لە ڤییەن و میکۆنووسی ئازاد و سەربەست، دەیان و سەدان مەرگی ناوخەت بە مەودایەکی نزیک لەوبەری ئاوەکان هەتا هەتەر کا مەرگ و کوشتن و مووشەک بەسەر جەستەی نەچەماوی کورد، نامرێ قەت هەر زیندوو دەمێنێ لەنێو گڕ و ڕەشاش و بەند و سێدارە دەپچڕێ، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی ژیانێکی بەختەوەر بەگژم دادێ بەکرە شۆفارەی شەوێکی مەیو لە وەرزی هەموو ساڵێک و لە ڕۆژیی هەموو دەمێک بێوچان ناکەوم، نانەوێ قەت ئەژنۆی ئالایەکم.

ئەو ڕۆژانە بێتویی وەک ژنێکی تینووی خولیای ئازادی و سەوداسەری ئەوین لە پێدەشتەکانی ڕەشماڵ و بیر بە سەر پشتی هەسپێکی قەدەم هەموو گەردوون و شارەکان دەپێوم. بە چل ڕۆژ کۆشک و تەلاری درونجێکی نامۆ بە پەڕۆکێکی ڕەشی چلکن گڕ دەگرێ و بە چل کەزی و پرچی هۆنراوەی شابەیتێکی وەکوو ژینا ژینی نوێ وێنا دەکەم، ژان دەگرێ نیشتمان بە کۆرپەیەک، لەسەر خوانی ژنێکی خولیای ئازادی، چۆپییەکی چل گەڕ بە سێپێ بەسەر کەلاکی بۆگەنی ڕدێن چەرمووکی خەرفاوی سەرشێت و پیس... ئیتر چل مۆم داناگیرسێم، گەڕیان دەگێڕم بۆ چلەیەک لە نەمانی تەواری کوردستان کە بە مەرگی خۆی ژن و ژیان و ئازادی دەهۆنێتەوە بۆ گەلانی جیهان؛ بۆ مەرگێکی پیرۆز و چ بەختەوەر و ڕووسوورە ئەو ژینایانەی ئاخ لە باوەش دەگرن و بە بۆنی پەرێز بەکاتی باران سەرمەستی بۆنی ژیان دەیانگرێ و هەدا نادەن، ڕا دەبن سەر هەڵدەدەن. وەک ئاژێرێک دەژینەوە وەک شەتاو دەبنە خۆزگە و تینوایەتی دەشکێنن، دەبنە تۆشە ڕێگا دەبڕن و دەبنە ئاسمان بۆ فڕین و هەوایەکی ئازاد بۆ هەڵمژتن...


چل سوار بەسەر خاکی نیشتمان دەئاژوون لە ڕۆژمێرێکی دژواری ڕابوون، چل هەناسە بۆ داگرتنی چاوێکی چاوەڕێ، چەمەری دێتە گۆ چل چەمە و چلوورە و چاوانی پڕ لە خولیای درێژەدان بۆ هەتا گەیشتن.

هەر ئەو چوارانەی دەبنە یەک و چڕ، چیا، چنار هەموو چێوێک بەدەست بۆسەری هەژدیها لە زەماوەند و شایی و هەڵپەرکێی سەرشەقام بەگژ شین و شەپۆڕ و شەو دادەچینەوە. کاتێک لە



شەقام هۆتاڤ و دروشمی ئازادی دەبێتە هەور و وەک ڕێژنەیەک باران بەسەر شار دادەبارێت و نەمانی مرۆڤێکی دڵڕەشی گەنیو دەبێتە سروودی پێکەوەبوونمان هەتا چوارسووچ دادەگرێ و ڕزگاری و سەربەستی دەبێتە مزگێنیی چلەیەک لە نەمان و خەونێک بۆ ژیان.

# "کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا"




تاهیر قاسمی

لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی دوای مەرگی ژینا، بابەتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو لاوە بەشدارانەی کە دینامۆی سەرەکیی ئەو خۆپێشاندانانەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەستی دەکرد. بابەتەکە ناوی کەسی بە سەرەوە نەبوو بەڵام خۆی وەک باوکی لاوێکی هاوتەمەنی ئەو لاوانە ناساندبوو. بەڕواڵەت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو. لە نێوەرۆکدا ئەو لاوانەی وەک وەچەی ئینتەرنێت و گەیم و یاریی کۆمپیوتێری پێناسە کردبوو.

بەپێی بابەتەکە ئەوان کەمتر وەک مرۆڤی ئاسایی و زیاتر وەک مرۆڤێکی بێڕۆح و وەک ڕۆبۆت بەشداریی لە سەرهەڵدانەکاندا دەکەن و شەهیدبوونیشیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەروەک کوژرانی کاراکتەرێکی ناو گەیم و یاری وایە. ڕەنگە هەر ئەو بابەتە و ئەو ڕوانینە بوو کە دواتر وەک ڕوانگەی حکوومەتی لەسەر کۆی شۆڕشەکە و ئەو توێژە پێشڕەوەی خۆپێشاندانەکان لە زمان کاربەدەستانی ڕێژیمەوە خۆی نواند. یان ڕەنگە بابەتەکە هەر لە بنەڕەتدا لەلایەن دەزگای پڕوپاگاندای کۆماری ئیسلامییەوە نووسرابوو بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران لە مرۆڤی ئاسایی و لە خەڵک هەڵاوێرێ و لە ئاکامدا سەرهەڵدان و شۆڕشەکە بە کارێکی منداڵانە، "ماجەراجوویانە" و بێئامانج لە قەڵەم بدا.

سروشتی سەرهەڵدان و شۆڕشەکان وایە کە لاوان دینامۆی سەرەکیی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونن. لە ئاکامیشدا زیاترین خوێن و قوربانی پێشکەش دەکەن. ئەوەش لە سروشتی لاوان خۆیاندایە. تایبەتمەندیی مرۆڤ وایە کە تا تەمەنی زیاتر هەڵدەکشێ، خۆپارێزتر دەبێ و هاوکات هێز و وزەی لاوانەش، بە هەڵکشانی تەمەن کز و کزتر دەبێتەوە. ئەوەش پێوەندی بە سەردەمی ئینتەرنێت یان گەیم و یاریی کۆمپیۆتێرەوە نییە. پێشتریش وا بووە و دواتریش هەر وا دەبێ و شۆڕشی ژیناش لەوە بەدەر نییە.

ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشەنگایەتیی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان دەکا وەچەی لە دایکبووی دەیەکانی حەفتا و هەشتای هەتاوییە کە تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ بیست و پێنج ساڵدایە و لە باری کۆمەڵناسییەوە بە وەچەی Z یش بە ناوبانگە. حاشاهەڵنەگرە کە ئەوان وەچەی سەردەمی پەرەگرتنی کۆمپیوتێر و گەیم و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، لێ ئەو ئامرازانە نەک هەر ئەو لاوانەیان نەکردووە بە مرۆڤی بێڕۆح و ڕۆبۆت بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی و لە دووریشەوە ئەوە دەردەخا کە بەپێچەوانە ئەوانە ئەوانیان کردووە بە وەچەیەکی زۆر تێگەیشتوو و لە وادەی خۆیان پێگەیشتووتریش. بە داخەوە بارە ئەمنییەتییەکە ئەوەندە قورسە کە مرۆڤ لە دوورەوە نازانێ کێ لەو خۆپێشاندانانەدا بەشدارە و پێکهاتەکەیان چۆناوچۆنە بەڵام هەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئیمکانەیان پێکهێناوە کە دوای شەهیدبوونی هەر خۆپێشاندەرێک، سەرەتایەک لە بیرکردنەوەی، ئاستی زانیاری و چۆنیەتیی ژیانی بزانین. بۆ وێنە شەهید پەیمان منبەری تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەردا لەدایک بووە و لە کاتی پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی باشووری کوردستانیشدا جارێک دەستبەسەر کرا، پێش ئەوەی کە ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر لە خۆپێشاندانەکانی سنەدا شەهید بێ، لە ژێر تیتری "ئەوە دەبێ بە باشترین شەممەی مێژوو" لە ستۆریی ئینستاگرامەکەیدا ئاوای نووسی:

**نارەزایەتی دەردەبڕین**
**مان دەگرین**
**تەنانەت وەک خۆیان دەڵێن**
**تێکدەدەین**
**ئاژاوە دەگێڕین**
**کەسێ کە بێتە سەر ڕێمان**
**بەرەنگاری دەبینەوە**
**با بریندار بین**
**با شەهید بین**
**شەقامەکانی شاریان لێ دەکەین بە دۆزەخ**
**تا گەیشتن بە سەربەستیی یەکجارەکیی خەڵکەکەم**
**بنەماڵەکەم و شارەکەم**
**بەردەوام دەبم.**

هێندێکیان پێش ئەوەی شەهید بن، هەستی خۆیانمان بە شێعری شاعیرێک لە ئەکاونتەکانیاندا بۆ بە جێ دەهێڵن. کۆپلەیەک لە شێعری "تا نیوەی ڕێگە هاتووین"ی عەبدوڵلا پەشێو، دوا ستۆریی شەهید زەکەریا سولەیمانی تەمەن ١٦ ساڵ پێش شەهید بوونی بوو:

**تا نیوەی ڕێگە هاتووین**
**بیر لە چی دەکەنەوە؟**
**تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟ !**
**دە تەماشای دواوە کەن،**
**چ شوورەیەک بە هێسکی**
**شەهیدان هەڵچنراوە!**

شەهید شاهۆ خزری بە بەیتێک شێعری "لە بەندیخانە"ی قانعەوە بەرەو پێشوازی مەرگ چوو:

**"گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم**
**نۆکەری و سەر دانواندن کاری نامەردانەیە"**

دیارە هەموو ئەوانەی کە بەشدارن یان شەهید دەبن ئۆگری شێعر و ئەدەبیات نین بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بە جۆرێک هەستی پاکیان لە ئەکاونتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. شەهید سمکۆ مەولوودی دوا جار سرووودی "بە تەنیا جێم مەهێڵن"ی هونەرمەند "عەلی عابدی" گوتەوە کە سرووودی کاتی ناشتن و یادی چلەی ژینا بوو. شەهید فەرجاد دەروێشی بە جامانە و جلی پێشمەرگانەوە وێنەی بەجێ هێشت.

شایەتیدانی بنەماڵەی شەهید لەنێو ئەم دۆخە ئەمنیەتییەدا کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە، ڕێگایەکە کە دوای شەهیدبوونیان، بتوانین سەرەتایەک لە ڕوانین و بیرکردنەوەی شەهیدەکان بزانین. باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا لە چلەی مەرگی کوڕەکەیدا گێڕایەوە؛ ئەو هەم زۆرانباز بوو و هەم حافزی قورئان. پێم گوت؛ مەچووە نێو ئەم ئاڵۆزییە. خۆ من کەسم نییە، تۆ لە جێگای باوک و برامی. پێی گوتم؛ باوکە! ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیژی؟ مەهساش هەر یەک دانە بوو. ئەگەر خوێنێک نەڕژێ، شۆڕشێکیش ڕێک ناخرێ!

بنەماڵە زۆر جار سەرچاوەی هزر و بیری ڕۆڵەکانیانن. ئەوە تەنیا باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا نەبوو کە لە چلەی مەرگی ئازیزترین کەسیدا شۆڕشگێڕانە هاتە سەر گۆڕی ڕۆڵە شەهیدەکەی. تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە سەقز بنەماڵەی شەهید فەرەیدوون مەحموودی، لە دیواندەرە بنەماڵەی شەهید فوئادی قەدیمی، لە قەسری شیرین بنەماڵەی شەهید ئەفشینی ئاشام، لە سنە بنەماڵەی شەهید سارینا ساعێدی و لە شائاباد بنەماڵەی شەهید سەعید محەممەدی شۆڕشگێڕانەترین بۆنەیان لە کاتی ناشتن یان لە چلەی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشەدا پێکهێنا و بۆنەکەیان کرد بە مەیدانێکی دیکەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی. بنەماڵەی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە بە سرووودی ئەی ڕەقیب تەرمی ئازیزی ڕۆڵەکەیان ناشت. لە مەهاباد سەرجەم شەهیدەکان بە سرووودی ئەی ڕەقیب نێژران و بە سرووودی ئەی شەهیدان ماڵاواییان لێ کرا. لە سەر داوای بنەماڵەی شەهید کوبڕا شێخە، سرووودی "شەهید" لە بڵێندگۆی مزگەوتی سەعدیی مەهابادەوە بڵاو کرایەوە. هاوسەری شەهید فریشتە ئەحمەدی بە شانازییەکی گەورەی زانی کە ئیدی ناویان چووە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدانەوە و ماڵی باوکی شەهید فریشتەش لافیتەیەکی گەورەیان بە هەیوانی ماڵەکەیانەوە هەڵواسی و شەهیدبوونی کچەکەیان لە خەڵکی سەردەشت و سەرجەم گەلەکەی پیرۆز کرد.

بەڵام لە نێو ئەو شەهیدانەدا، ناو، ژیان و شەهیدبوونی لاوێکی مێرمنداڵ زۆر سەرنجی ڕاکێشا؛ شەهید کۆمار دەرئۆفتادە. ناوی کۆمار بە تەنیاش جێگای سەرنج و تێفکرین بوو کە باوکی کۆمار لە کاتی ناشتنەکەیدا زۆر زوو وڵامی پرسیاری نەکراوی خەڵکی دایەوە؛ "کوڕەکەم لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ [ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان] لە دایک بوو، بۆیە ناوم لێنا کۆمار". کاک حەسەن دەرئۆفتادە لە خۆشەویستیی کۆماری کوردستاندا ناوی لە کوڕەکەی نا. کۆماریش وەک کۆماری کوردستان تەمەنی کەم و زۆر زوو شەهید بوو. بەڵام ئەویش لە دوای خۆی کۆمەڵێک یادگاریی وردیلە و شیرینی بۆ بە جێ هێشتین. لە ئالبۆمی وێنەکانیدا، کوڕێکی جوانی کورد و پڕ لە هەستی کوردانە دەبیندرێ. وێنەیەکی پێمان دەڵێ کۆمار هێشتا دە ساڵانەیە کە لە گوندی قاسملوو، لە نیزیک ماڵی باوکی قاسملووی ڕێبەر، بە جلی کوردییەوە ڕاوەستاوە. وێنەکانی دیکەشی بە جلی کوردییەوە دەربڕی شوێنەواری ئەو ناوەن کە بنەماڵەکەی بۆیان هەڵبژاردووە و ئەو هەستەن کە مام و ئامۆزاکانی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییەوە پێیان داوە و دایکی کە دواجار لە ڤیدیۆیەکیدا ئاڵا و جامانە بە سەر گۆڕی نەمامە شەهیدەکەیدا دەکێشێ.

کۆمار لەو تەمەنە کەمەدا خۆی فێری نووسینی کوردییەکی پاراو بە بنزاراوەیەکی دوورتریش کردووە. ستۆریەکانیشی هەڵگری ئەو هەستە پاکەن. وەرگێڕاوی شێعرێکی "نەزار قەببانی" کە ڕەنگە لە فارسییەوە وەریگێڕابێ لە یەکێک لە ستۆرییەکانیدا سەرنج ڕادەکێشێ:

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هاوشێوەی**
**چاوەکانی سەرنجڕاکێشی تۆ**
**دروست کردووە**
**بە پەرۆش**
**خەمبار**
**ماندوو**
**و جوان**

لە ستۆرییەکی دیکەیدا ڕەنگە بە ئیلهام لەو شێعرەی نزار، ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤێکی کورد کە بەردەوام لە گەڵ مەرگ بەرەوڕوویە ڕەنگی داوەتەوە. لەوێدا مەرگی بە پێشمەرگایەتی، بە دیلی، لە خۆپێشاندان، لە کاتی کۆچ و لە کۆڵبەریدا وێکرا وێنا کراون و هەستی شۆڕشگێڕانە، ئازادیخوازانە و کوردانەی خۆی تێدا دەربڕیوە:

**ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین**
**هێندێکمان لە جەنگ(دا) ئەکوژرێین**
**هێندێکمان لە بەندیخانە**
**هێندێکمان لە شەقام ئەمرین**
**هێندێکمان لە دەریا(دا) نوقم ئەبین**
**تەنانەت کەژە بەرزەکانیش**
**تۆڵەی تەنیاییان لە ئێمە ئەکەنەوە**
**چون ئێمە کارمان مردنە**

ئەو نموونانەی کە لەم بابەتەدا باسیان کرا تەنیا مشتێ لە خەرمانی دەوڵەمەندی ئەو لاوە کەم تەمەنانەن کە بە ئازایی و زانابییەوە پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشە دەکەن و لە پێناویدا خوێن دەدەن و قوربانی دەبن. ئەوان نەک هەر لە ناو کۆمپیوتێر و گەیم و یاریی کۆمپیۆتێریدا نوقم نەبوون و نەک هەر شۆڕشەکەیان بە گەیم و یاری نازانن بەڵکو ڕێگای خەباتی خۆیان زۆر بە زانایی هەڵبژاردووە و زۆر بە ئازاییەوە بەرەو شەقام و ئەگەری بە هێزی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ مەرگ دەچن. بۆیەشە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، ئەوە نیزیک بە پەنجا شەو و پەنجا ڕۆژە کە بەگژ یەکێک لە فێڵبازترین، بێ بەزەییترین و بێ حەیاترین دیکتاتۆرەکانی سەردەمدا چوونەتەوە و کۆڵیان نەداوە و شەقامیان چۆڵ نەکردووە. ئەو یادگارانەی ئەوان بۆمانیان بە جێ هێشتووە پێمان دەڵێن کە بۆ لاوانی ئێران ئازادی و بۆ لاوانی کورد ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە سەرەوەی هەموو ئەو خواستانەن کە بۆی تێدەکۆشن. هەر بەو جۆرەی کۆماری مێرمنداڵ لە یەکێک لە دوا ستۆرییەکانیدا وەک مامۆستایەکی ئەم شۆڕشە بۆمانی نووسی:

**"لە هەموو شت زیاتر، ئازادیتان خۆش بوێ".**

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن

غولامڕەزا حەسەنی، ئیمام جومعەی سەپێنراوی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانی ڕابردوو خومەینی وەک ئیمام جومعەی ئازەرییە شیعەکان و نوێنەری خۆی لە نێوەندی ئەم پارێزگایە دەستنیشانی کردبوو. حەسەنی، چەند ساڵ لەمەوبەر بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد و تەمەنی درێژی دا بە تۆی خوێنەر و ئەوەندەی ئەو تۆزقاڵە خۆڵانەی لەسەر گۆڕیەتی، تەمەنی پڕ لە شانازیی ئێوە درێژ بێت.

"ئایتوڵە" حەسەنی ئەوەندەی بڵێی دەمشڕ و هەموو گیانی "پێکەنینۆک" بوو. "پێکەنینۆک" ئەو دەستەواژەیەیە لە پەنا گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئیمام جومعەی مردووی ورمێدا دەمهەوێت وەک هاومانای "جۆک"ی ئینگلیسان و "لطیفە"ی فارسان و "نکتە"ی عەرەبان دەرخواردی مێشکی خوێنەری هێژای بدەم، بەڵکوو جێ بە وشە هاومانا بێگانەکان لەق بکات.

ئەم حەسەنییەی لێرەدا هاتە بەرباس، لە ژیانی ڕابردووی خۆیدا، دوای ئەوەی وازی لە نۆکەری و خەزمەتکاریی زیرۆبەگی ژەنراڵی سەردەمی کۆماری کوردستان هینا، پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە سایەی فەرمانی خومەیندا بوو بە دەمڕاست و کەیخودای دەستەڵات لە ورمێ و بۆ هەموو لایەک بوو بە سەرچاوەی "پێکەنینۆک"ان و هەموو جاران دوای ئەوەی خوتبەی نوێژی هەینیی دەخوێندەوە، فەرمایشتەکانی دەبوون بە گاڵتەجاڕی ڕۆژنامە و مۆژنامەی ئەوکاتی سەر بە دەستەڵاتدارانی ئێرانیش.

حەسەنی ڕۆژێک لە خوتبەی نوێژی هەینیدا داوا دەکات بۆ هەفتەی دواتر ژنان بەشداریی نوێژی هەینی نەکەن و دەڵێت داوا لە خوشکان دەکەم هەفتەی داهاتوو نەیەنە نوێژی هەینی و تەنیا پیاوان بەشدار بن، چونکە من دەمهەوێ جوێنی ناموسی بە ئەمریکا بدەم.

نووسەری ئەم دێرانەش لەکاتێکدا پێیوایە دەبێت هەر نەبێت وەک حەسەنی پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان بێت، بەڵام دەترسێت لە درێژەی ئەم بابەتەدا دوو لەڕووی ئێوە تووشی زمانشڕی بێت.

خۆتان باش ئاگادارن دروشمدان چەکێکی گرنگی ئەو خۆپێشاندەرانەیە لە ئێران کە بە دەستی بەتاڵ دەستەویەخەی دەستەڵاتداران بوونەتەوە و دەڵێن هەتا نەیانخنکێنن وازیان لێ ناهێنن. ئەگەر خۆپێشاندەر بە دەستی بەتاڵەوە دروشم نەدات، چۆن دەنگی بە بەردەنگان و بە دۆست و دوژمنانی بگەیەنێت؟ منیش بە بیرهێنانەوەی تێبینییەکەی حەسەنی دەترسم لە درێژەی ئەم دێڕانەدا لەکاتێکدا بەتەمام هەر نەبێت لە بەر دڵی ئەم هەموو خۆپێشاندەرانەش بێت، دژی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دروشم بدەم، بە دووری نازانم لە درێژەی دروشمداندا گەرم دابێم و لە چەند دێڕی داهاتوودا خوای نەخواستە هێڵی سوور ببەزێنم. هەر لەبەر ئەمەشە لە سەرەتاوە گوتم، کاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن با دێڕەکانی نەبینن.

ئەو کەسانەی گوێم پێ نادەن و هەرچی من دەڵێم پێچەوانەی دەکەن و بە چاوی کراوە و دەنگی بەرزەوە ئەم بابەتە دەخوێننەوە، لە کەمدەستەڵاتیی خۆمەوە پێیان دەڵێم دەتوانن بە دوای مندا بە دەنگی بەرز هەموو دروشمەکان بڵێنەوە. بۆ ئەوەی دەستەڵاتی کوردینەزان و دانیشتووانی ناوچەکانی فارسنشین و ئازەرینشین و بەلووچنشین و عەرەبنشین و تورکماننشینی ئێران لە دروشمەکانم تێبگەن، جگە لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەوانی دیکە بە زمانی "کەڵەگا" دەڵێمەوە:

"ژن، ژیان، ئازادی"، "زن زندگی آزادی"، "مرگ بر دیکتاتور"، "مرگ بر خامنەای"، "ننگ ما، ننگ ما، رهبر الدنگ ما"، " بجنگ تا بجنگیم"، " امسال سال خونە، سەید علی سرنگونە"، "بسیجی جیرەخور، آخرشە سیر بخور"، "توپ، تانک فشفشە، آخوند باید گم بشە"،" توپ تانک فشفشە، خامنەای...کشە"، "توپ تانک نفربر هر سە تو... رهبر"، "نە این ور نەآن ور.... تو بیت رهبر".

لەبەر ئەوەی خۆ سانسۆڕکردن لە سانسۆڕی دیکتاتۆڕ و میکتاتۆڕ و زۆر تۆڕی دیکە بەرفراوانترە و ئەم خۆسانسۆرکردنە ئەوەندە بەهێزە، بەشی زۆری بابەتی نووسەر و مووسەرانیش دەگرێتەوە و تەنانەت گێڕانەوەی "پێکەنینۆک"انیش زۆر جار لە دڵی خۆیانیدا خۆیان سانسۆڕ دەکەن. هەر لەبەر ئەمە منیش ناچار بووم لە جیات هەندێک وشەی نێو ئەم دروشمانەی سەرەوە سێ خاڵی لە دوای یەک یان وەک فارسان دەڵێن نوقتەچین دابنێم.

ئەرێ هەتا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە خۆسانسۆڕکردنیش ئەگەر پەنگی خواردەوە، وەک بەنداوی پڕ دەتەقێتەوە و چۆڵیان و ئاوەدانیان دەگرێتە بەر؟ ئەوە نییە کچان و کوڕانی ئێرانیش پاش دەیان ساڵ خۆسانسۆڕکردن هەرچی لە دەمیان دەرچوو بە ئاخوندان و لە سەرووی هەموویانەوە بە ڕێبەرە دەستنایلۆنەکەی کۆماری ئیسلامییان گوت؟ چاویان نووقاند و دەمیان کردەوە و بە بێسانسۆڕی دوندی دەستەڵاتدارانیان جنێوباران کرد.

لە کۆتاییدا پرسیارێک لەو خوێنەرانە دەکەم گوێیان بە فەرمایشتی من نەداوە و کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانە دەستیان بە چاوانیانەوە نەگرتووە و لێیان دەپرسم ئەرێ ئێوەش وەک من لە بەرانبەر ئەم دروشمە بێسانسۆڕەی فارساندا هەست بە کەمی و کووڕی ناکەن؟ ئەرێ ئێوەش وەک من پێتان خۆش نەبوو دروشمی جوێنی کوردیشمان بوایە؟

خۆم ئەوەندەی بیری لێ دەکەمەوە تەنیا دروشمێکی لەو شێوەیەی کۆن و تەنانەت مێژووییشم لەبیرە و ئەویش "پێشمەرگەی نێو تەلاشان"ە و سەرواکەی دەگەڵ وشەی "جاشان" دێتەوە. من لەبەر ئەوەی لە ترسی سیاستەتوانان خۆم سانسۆر کردووە ئەم دروشمە بێسانسۆڕە لە دڵی خۆمدا دەڵێمەوە و ئێوەش هیمەت بکەن و چەند دروشمی نوێی لەم شێویە بڵێنەوە با ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیش لە ناوچە فارسنشینەکان دوا نەکەون.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:834 6 November 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com





## مەلالە بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: لەگەڵتانین



مەلالە یوسفزای، ژنە چالاکی پاکستانیی مافەکانی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل پشتیوانیی خۆی بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.

ئەو خاتوونە کە ساڵی ٢٠١٤ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەسۆنگەی داکۆکیکردن لە مافی کچان بۆ خوێندن لەو ناوچە پاکستانییانەی لەژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا بوون، بووە گەنجترین براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە «بزووتنەوەی ئازادی» ناو دەبات. مەلالە ڕوو بە ژنانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت: «ئێوە بە دەربڕینی نارەزایی و پیشاندانی بوێری، جیهان دەگۆڕن. ئێمە لەگەڵتانین، هاوسۆزتانین و بزووتنەوەکەتان بە زیندوویی دەهێڵینەوە.»

مەلالە پێش ئەوەی بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کۆتایی بە پەیامەکەی بهێنێت، داوا لە خەڵکی دەرەوەی ئێران دەکات پشتیوانی خۆپێشاندانەکانی ئێران بن چونکی ئەو «خەڵکە شەڕ بۆ ئازادیی خۆیان دەکەن».

لە دوای دەستپێکی «شۆڕشی ژینا»وە تا ئێستا زیاتر لە هەزاران سینەماکار، هونەرمەند، گۆرانیبێژ، براوەی خەڵاتی ئۆسکار، چالاکڤان و سیاساتەڤانی بیانی بە ناردنی پەیام، قژبڕین و شێوازی دی هاوسۆزی و پشتیوانییان بۆ خۆپێشاندانەکان دەربڕیوە.



بەر لە ماڵاوایی

## «با» و «ئانارشیزم»

لێنا ستێفانوو/ و: عەلی فەتحی

ژنان قژیان پەخشان دەکەن
تا بەدەم ڕۆیشتن با لێی دا
دەیلەرێننەوە
دەیلاوێننەوە
ئەوان قژی ڕەشی پڕیان
ڕێک و شانەکراوە
تا شێوەی قژی سوورپێستەکان بدا
یا وەکوو هی هیندییەکانی لێ بێ
هەروەها چەشنی قژی چینییەکانی سەردەمی کۆن
برازێتەوە و
لە جۆری قژی داپیرە برازیلییەکان بچێ
قژی ئەوان هەرتەنیا پۆڕێ مووی ئاسایی نییە
کە بە ڕووناکیی مانگ بدرەوشێتەوە
بەرهەمی نێوەندە جوانکارییەکانیش نییە،
بەڵکوو میراتێکی نهێنییە
قژی ئەوان هێلانەیەکە بۆ باڵندەکان
پەرتووکخانەیەکی جادوویيە
کە حەز دەکا شنەی «با» بەهەڵکەوت
لاپەڕەکانی هەڵداتەوە.
مانگێکی وردیلە،
لەنێو قژی ئەواندا خۆی حەشار داوە
«دالیدا »، شاجوانی میسری
دەرکەوت جوانییەکەی چیرۆکێکی دەستکردە
ڕوخساری کیژۆڵەکانی ئێستا بەڵام،
ڕاستەکین،
خودایەکی سەردەمی باستان
ئەژدادی ئەو ڕوخسارانەیە

ئاخووندەکان چیرۆکی ئەو کیژۆڵانەیان بەراوەژوو کرد
بۆوەی ڕاستییەکان وەشێرن
قژی ئەو خاتوونانە وەختی هەنگاونان
لە هەوادا دەلەرێنەوە،
نهێنیی یەکگرتوویی و خوشک و برایەتییان
لە هەناویاندا پاراستووە
کە خەنجەرێ خۆی دەخزێنێتە نێو تاریکی بێهوودەیی
قژی ئەو خاتوونانە بەهێزتر و خێراتر
لە ئەسپەکان
چیرۆکی ئەفسانەیی یەکگرتوویی دەهۆننەوە
لە چارەنووسی «وەشتی » ژنی خەشایارشای یەکەمەوە
هەتا دەگاتە مەهسا (ژینا)ی ئەمینی،
مێژوو فەرامۆشیان ناکا
خۆی ڕاستیی بەسەرهاتی ئەوان وردورد دەچنێ و
لە داو و تەون ڕزگاریان دەکا و
بە سوێندی بێدەنگی دیسان دەیانڵێتەوە.
ئەگەر تۆش لەو ڕاستییانە ورد بیەوە
بۆت دەردەکەوێ ئەوانەی کوور بوونەتەوە و
بە خەنجەرێ دوای قوربانییەکان کەوتوون
زۆربەیان ڕدێنتاشراون
گەلێک جاریش سەرتاسن
ڕەنگە خاوەن ڕیش و پەشمیش بن.
دیارە ئەگەر سەرتاسیش نەبن
ئەوەندە بە ترسەوە دەژین
ڕۆژێ لە ڕۆژان قژیان بە سەرەوە نامێنێ و
شێت دەبن لە ترسی ئەو جینایەتانەی کردوویانە
بۆ خاتری چەند تاڵە موویەک.
ئەوانە لەبەر ئەوەی ژنان بەبەردەمیاندا ڕادەبرن و
گرینگیان پێنادەن،
دەیانکوژن.



(پێشکەش بە مەهسا (ژینا) ئەمینی و ژنانی ئێران و هەموو جیهان)

چل ڕۆژ بەسەر کوژرانی مەهسا ئەمینی ٢٢ ساڵەدا تێپەڕی. ئەو خاتوونە بەدەست گەشتی ئیرشادی ئێران کوژرا، چونکە بەڕادەی «پێویست» بە حیجاب قژەکانی دانەپۆشیبوو. مەنجەڵەکە هەروا لە کوڵە (دۆخەکە هەروا شێواوە).

**تێبینی:**

a ئانارخیيا (ئانارشیزم) ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە تێیدا کەسەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و یەکسان هاوکاری یەکتر دەکەن. ئانارشیزم دژ بە هەموو جۆرە سیستەمێکی قوچکەیی کۆنترۆڵە، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، چ لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە.

b وەشتی، ژنی خەشایارشای هیخامەنیشی لە جێژندا داوای نیوەڕووتبوون لە شاژن، واتە لە «وەشتی» دەکا. بەڵام شاژن بەرهەڵستیی مێردەکەی دەکا و هەربۆیە پاشا لێی جیا دەبێتەوە.